# دیوانی
# سەباح ڕەنجدەر

## بەرگی سێیەم

٢٠٢٦

● ناوی کتێب: دیوانی سەباح ڕەنجدەر- بەرگی سێیەم
● بابەت: شیعر
● پیتچن: سۆز سەباح ڕەنجدەر
● هەڵەگر: کەریم سۆفی
● نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆك: شاخەوان جەعفەر
● چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢٦، چاپخانەی ئەمەزۆن - هەولێر

● لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان- هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی(٧٧٦) ساڵی (٢٠٢٦)ی پێدراوە

# بەها و هەڵدی پێشبینییەکان

# دۆخی یەکەم

# هەموو کەس لە بوێریی ڕۆیشتندا ڕازن

حاجی لەقلەق بە تەواوی بوون
مایەوە و هەنیسکی نائومێدی بەسەر هەولێردا هەڵدا
بارانیش کۆتری دەنیشێ و باڵ دەداتەوە
زەوی زمان بە لێوی دادەهێنێ و تەڕی دەکات
هەور دیکتاتۆر نییە
ئاسمان داگیردەکات بەڵام ساتی ئاخاوتنی ڕاستەقینەی دێ
دەست بە دەموچاوی دادەهێنێ و ڕقی خاودەبێتەوە
خۆی لەناودەبا
ئەو ئازاد و ڕێز نەشکاو
بە دەوری بانگی یەکەم و زەنگوڵە و گومەزدا دەخولێتەوە
خۆریش ئاوادەبێ پاش پێڵوو داخستن پەشیمان دەبێتەوە
ڕاسپاردەی دڵیم بەوپەڕی دڵەوە خوێندەوە
زوو هاتمەوە
دەموچاوی گڵۆپی ماڵم
پڕ دەمار و خوێن کرد و ورەم خستنەبەر
ماڵ بە پەرستگا و یەکەم شووشتنی پیرۆز دەزانم
خەوێکی ئارام دەڕژێنێتە چاومەوە
سوارێکی پاکیزە پارچە پارچە
کەلوو و ئاوازی هاوئاهەنگ و سێبووری هەڵدەدایە ناو
دەستمان

لەبەر ماڵی تەورات و ئینجیل و قورئانی دەم بە وێرد و نەوای مندا
لە ئەسپە بەهرەمەند و بلیمەتەکەی دابەزی
ڕێگا ڕکەبەرکایەتی لەگەڵ نەکرد
ئارام و ڕۆشن وەک دەموچاوی دایکێک
تازە نۆبەرەکەیان لە تەنیشتی دانابێت
فرمێسک لە چاوی قاوەیی ڕژا و بە تۆڕی چلچرا سڕیمەوە
بە هەویری ئاردی گەنم کردمە پەیکەر
لاولاو بە دەست و پێی هەڵچوو
بووە یادەوەریی هەڵۆی لە خوێنی خۆیدا دەرکەوتوو
کە دووکەڵ و بارووتی بۆردوومان بە چۆکیدا نەهێنا
چل پێغەمبەر بە چیچکانەوە لە دەوری دانیشتوون
حەفت شەو و حەفت ڕۆژ بیریان کردەوە و مانەوە
دواتر ڕێی هاتنەوە ناو خۆیان لێ ون بوو
کێ کڵپە لە سەری هەڵسێ و بوێریی ئەوەی هەبێت بیرەدا بڕوات
نەخشی خەواڵوویی دەشکێنێت و باوێشک نادا
ماڵ بە پەرستگا و یەکەم شووشتنی پیرۆز دەزانێ
خەوێکی ئارام دەڕژێنێتە چاویەوە
شەو و ڕۆژیش باڵی شەمێ فڕێ دەدەن و دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان

ڕازێکماڵی ڕووناک کردوونەتەوە
هەموو کەس ڕازن لە یەکەم شوێن دەگەڕێنەوە

ئەستێرە هێلانەی لەناو لەپی ئاسمانە بە ڕۆژ بەتاڵی دەکات و بە شەویش دەگەڕێتەوە ناوی کە ڕۆژ بەتاڵی دەکات مەرگ هێرش دەهێنێتە ژووریَ لە دارەتەرم زیندانی دەکات ئەستێرە ئێمەیە من ئەوی دی ئەستێرەم و ئەوی دی شتێکی کۆنە ژیاوەتەوە خۆراکی سەر سینییەکەی هێشتان تێک نەچووە و کتێبی کراوەی دانەخراون پەشیمانیی جوانترین وشەیە لە زمان ناسیم شیعریش یەکەم خوێن بوو ئادەمی لێ لەدایک بوو هێمنیی ماڵی ئەم نۆبەرە تاهەتاییەی پێ زانی و باڵندەی زمانبەد دان لە حەوشەوبانی هەڵناگرێتەوە و زریانی ڕەشیش لێی نادا سەرەتای یەکەم سۆزی پڕ ئازار گەڕایەوە بۆ یەکەم شووراوی پیرۆز شووراوی پیرۆز بە دەنگێکی پیرۆز پێکەنی و بوو بە ئاوریشمی خاوی ناو قۆزاخە بەسەر خورپەی ترسناکدا زاڵ بوو قۆزاخە ئەو شوێنەیە پێویستە بیزانیت نەک شتی لەبارەوە بڵێیت نقوومبوون لە ڕازی یاد و شوێن خۆشبەختییەکی کورتخایەنە لە باروبوارێکی تایبەتی ژمارە و ئاوازدا وابزانم ئەوەی گوتوویەتی ئاواز هەڵەی کردووە ئازار پێش ئاوازە شوێن دڵۆپە ئاوێک بوو هات و دڵۆپە

ئاوێکیش بوو ڕۆیشت جگە لە ڕازی یادەکان هیچ
شتێکی تر لێرە نییە گێڕانەوەی باس و خواسی کۆشکی
کۆتایی خولیایەکی هەڵەیە عۆل عۆل بە پەیژەی ئێسکی
کلۆربوو سەردەکەوێ و فریای ئەستێرە بینین ناکەوێت

# یەکەکان لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا

یەک دابەش و جاران و کەم ناکرێ
خودا
خۆر
من
لەمەوبەدوا بازنەی یەکەکان داخران
بەرگەی سەیرکردنمان بگرن
بۆنی هەر کەسێک دەدەین
ئاو و گیای کەروێشکەکانی بیرنەچێ و چڵی ناو دەمی ڕەش نەگەڕابێ

چاو ناپاکیی لەگەڵ زەمین ناکات پێش من خودا و خۆری لێ بوو بەخێرهاتنی منیان کرد و گەنجینە لە دەستیان پڕبوو ئێمە هەرسێکمان گەیشتین بە هەموو شت و کەسێک کەچی هەر تەنیاین و دەمانەوێ زمانی ئەو مندالانە فێربین داوادەکەن لەدایک بن ڕنۆکی دڕندە ڕوان و ئەوان هەر خواردنی ناوکی دایکیان دەخوارد و لەناو زگی دایکیان سەرگەردان نین ئەو شوێنە دەناسن کە بۆی دێن هەموو شتێکیش جوان مایەوە دەستی هەموو جوان ماوەیەکمان گوشی لە چاوەڕوانی

ڕوانــەوەی لاسـکە گـوڵ لەنـاو لاپـەڕەی کتێـب ماوینـەوە
سێبەر کەوتە سـەر بۆشـایی بۆشـایی پڕ مرۆڤن  مـرۆڤ
داباریـن و سـەرزەوییان داپۆشـی بەیاننامـەی درۆزنانەیـان
ڕاگەیانـد حەزدەکـەم هیـچ کەسـێک لـە هیـچ شـوێنێک
چاوەڕوانـم نـەکات

# دیمەنێک لە شاری درووود

لە شۆستەیەکی خلیسک بەسەر سێبەری خۆمدا پازم دا
زوقمـم لەســەر گـوڵ لادا و پەڕەمووچێکـم لـە باڵـندە بـە ئامانـەت وەرگـرت
دوو وێنەم پێ کێشا
شمشێر و شمشاڵ
میوەیەکم دوولەت کرد
لەتێکم لە نزیک وێنەی شمشێر دانا
ئەویدیش لە نزیک شمشاڵ
توانیم ژمارە و ناوی هەموو کەلوپەلی مۆزەخانە
لەسـەر لەتـی نزیـک شمشـاڵەکەدا بنووسـم و بـە ئامانـەت داینێـم
ڕێبوار ناتوانێ سکاڵابکات
ڕێگا بریتییە لە خۆت
زەویش خەوی لێ تێک نەچووە
گوێی لە پەلەقاژەی ماسیی ناو تۆڕە
دڵ و هەستەکانی تێکەڵ دەبن
ڕەنگـی کۆبـووەوەی نـاو پەڕەمووچ بەختەوەرانە پێشـوازی لە تابلۆی دەروازەی شاری هەوێنی باڵ دەکەن درووودی داگیرسـاو کڕنـۆش بـۆ مـەی و مەیفرۆش و مەیگێڕ دەبا

خـۆی دەدرکێنێـت چـۆن بەسـەر سـێبەری خۆیـدا پـازی
دا و تەماشـای دەموچـاوی نیـوە مـردووی ماسـی کـرد
هـاواری کـرد تاوێـک هـەر تاوێـک چـاوەڕوان بـە بەڕێـوەم
بـۆ قوربانـی و هەناسـەی ساردت هەڵدەمـژم ماسـی
یازدەمیـن نـەوەی مـن دەبێـت و نـاوی منیـش هەڵدەگرێتـەوە
بێ هـۆ نییـە گوڵەسـتێرە دەڕژێ و شـتێک پێشـکێشـی هیـوا
تازەخواسـتراو دەکات و بـەر لـە ئاگرکەوتنـەوە دەگـرێ

# له هێزی درەوشانەوەدا

پیاوە زەنگوڵ جووڵێنەکەی ڕایەڵی وشە و شۆڕش
کە کیشوەرێکی تری پێ نەدۆزرایەوە
دوا قسەی بۆ کۆلۆمبس کرد
بە دەرزیلە و سنجاقی دایکی
هێمنانە خوێنی خۆی ڕشتە کاسەی دڵخۆشییەوە
ئێمە ڕەنگی دڵیمان بینی
توانیمـان لەبـارەی تووڕەیـی شـاخەکان و ڕەنگـی ئەشـق
قسـەبکەین
زەوی جلی خۆی لەبەرکردەوە
بە کورسییە بەتاڵەکەی هەڵیواسی
شەکر و خوێی لەئاودا تواندەوە
قوڕی پێ خوساند
کوورەی داگیرساند
خشت بڕا
پێستی خاک بۆ بناغە لادرا
شار گەورە بوو
یەکەمین ئاهەنگ گێڕدرا
یەکەم جەنگ کوژایەوە
پەلکەزێڕینە کە لەئاسماندا ون دەبێت

سڵاوی هەموو جەربەزەیەکی سەندووەتەوە
ڕوخساری هەیە و دێتە ناو ڕیشاڵی ڕۆحت
ڕەنگی دڵی بینیوە و ڕەنگی ئەشق دەناسێت
پەنجەرەیەکی بەتاڵ لە سینگی دیواردا ئاسۆ و سنوورە
هەناسەی سازگاری خۆر تێیدا
دێتە ناو جۆش و کوڵی سروودی بەرەنگاری
کەسیشی تێدا بانگی دەرەوە ناکات
لە هێزی درەوشانەوەیدا دەردەکەوێت
هاوڕێی پاراو ئەگەر جەردە و چۆرتەمان لەبۆسەدا بینی
مەشق بە چاومان دەکەین و گۆرانی لە لێوی شار جێ دەهێڵین
شار لە خەوێکی ئارامدا هەناسەدەدا
درەختی بە پەڕوباڵ بیرنەچوونەوە
قووڵایی دەریایان پێ سپێردراوە
کازیوەی سپێدە
زەردەپەڕی ئێوارە
کاتن
کات بیری شوێن دەکات و بۆنی خۆشی لێ پەرت دەبێ
شەقام مۆر نەکراوە
دڵ مۆڵەت دەدا و بۆت دەکرێ جارێکی تر
بەسەریدا بچیتە شەڕی دەرزیلە و سنجاق

مووروویەکی تریش بکەیت بە نقێمی ئەنگوستیلەی قەدەغەکراو
هێڵی ناو دەفتەری گەورەش بژمێری
هێلانە لەترووکان هەناسەدەدا
شەوانی ڕەمەزانی هەولێر داوادەکات
قۆڵ لە قۆڵی شکۆی بێ پەروایی هەڵکێشی
ئەو خەونە ببینێ کە گرنگ و زۆر پێویستە
کرمی ئاوریشمی قۆزاخەی هەمیشە کۆچ شۆڕەسواری فریایە
ئەنگوستیلە بسووڕێنە دەستەوڕست دەردەکەوێ
کازیوەی سپێدە
زەردەپەڕی ئێوارە
ئەو داوایە ئاسایی دەبینن و پرسیاری باوانمان دووبارەدەبنەوە
دەمامکی پاشایانش وەک خۆری نیوە ئاوابوو ڕەنگاوڕەنگن

پاشایان دەموچاویان پڕە لە ترسناکی و تۆقین پڕدەدەنە
تفەنگ و میل دەهێننەوە پەنجە لەسەر پەلاپیتکە دەجووڵێنن
تەقە لە ڕووناکییەکی تووڕە دەکەن برسییەتی دەخەنە
ناو تۆڕەوە بە هەناسەبڕکێوە لە بەرزاییەکەوە داوەکە

ڕادەکێشـن دەمانخنکێنـن دڕکـی پەنجەشـمان دەرناهێنـن
کەسـەکەمان لـە نێوان دووانماندا   سـێوێکی لـەت نەکرد و
وەفایـەک نەمایـەوە   بەسـەر هەورەگرمـە دابەشـی کردین
خوێنـی وشـەی ڕشـت ڕووناکییـە تووڕەکـە   خوێنەکـەی
بـۆ کۆنەکرایـەوە و سـەروبۆری وشـەمان کەوتن مانامـان
لـێ تێـک چـوو نـاوی دڵبـەری خۆمـان بـۆ نەخوێنرایـەوە
خوێنی وشـە هەمـووی درەوشـانەوەی ڕووناکییە تووڕەکە
بـوو  ڕووناکییـە تووڕەکـە دەسـتی خسـتە سـەر دڵمـان
و بـۆ ماڵئاوایـی هاتبـوو    ئـەو جامـە ژەهـرەی بۆمـان
ڕاگیرابـوو دەسـتێکی لـێ دا و قلْپـی کـردەوە    ئـاوی
پـاراوی تـا نـاو گۆزەمـان هێنـا   شـوێنی خـۆی نەگـۆڕی
و دوا دیمەنـی بـوو دەسـتی خـۆی ڕاخسـتووە تـا مـرۆڤ
بەسـەریدا بێتـەوە ماڵـەوە پـردی پاشـایان کـەوت شـەقام
بانگـی هەمـوو یادگارییەکانمـان دەکات

# له بۆسەی خدری زیندەدا

برین جۆشاون و گوێڕایەڵی یەکترن
درەختێکی ڕووت لە دوور
دوورییەکی سەیر دوور و ساکار
ئەوپەڕی دنیا تێیدا خۆی دەناسێتەوە
گوێی لە تەوقەی گەرمی ئەو کتێبەیە
لەبارەی ناودارانەوە نووسیومە
دەڵێت ئەوانە ڕۆژنامەی ئێوارانن
ڕۆژنامەفرۆشی گەڕۆک
بردوونی بۆ بازاڕ و سندووقی پۆستە و شوێنی گشتیی
یان گیانی بەرزبووەوەن
بە ڕێگای سرووشەوە براون بۆ دڵگۆیی و چاندنەوە
بەیانی دێنەوە هۆش و پشیلەی سەر بەز لەوێ نامێنن
وێنەی ڕۆحت لێی پێک هاتوون و تەزوون
لە چوارچێوەی سۆزی دیدار و خرۆشی
جەزبە دەگرێ
لە شەقامی سەرەکی هەڵیدەواسێ و دەڵێت ورد سەرنج
دەن
پێشبینی خەندەیەک دەکا و لە شەڕدایە لەگەڵ مەحاڵ
بەم شێوەیە هەموو شەوێک هەمان شت دووبارە

دەبێتـەوە
سبەی دەستوڕست بۆ کوشتنی خدری زیندە لـە بۆسـە دادەنیشـم
بەڵکو بۆم بکرێت بیکوژم و ڕۆحاوڕۆحی بم
زمانـی بۆگەنکـردووی باڵنـدەی بەدیـش فـڕێ دەمـە جیهانـی سـڕ

جیهانـی سـڕ ئێمـەی بەپێـوە خەوانـد و جـێ بەخـۆ ناگریـن سـەکۆی سـەما کەسـی لـێ نەمـا ئـەو ڕۆشـناییەی لـە ڕوخسـاری ئێمـەوە چـووە سـەر سـەکۆ پرسـیار بـوو بەنـاو سـووڕی ڕۆژانمـان جـوولا شـانەی هەنگویـن بـە هێمنیـی خۆیـان پڕدەبن لەمەوبەدوا بکوژی خدری زیندە بەنهێنی لەگەڵمـان نـادوێ و بەسـەر پشـتی نەهەنـگ ڕەتمـان دەکات خۆرێکـی جوانەمەرگیـن لـە جۆگەلەیەکـی پـڕدا بـە زەمیـن ئاشـنادەبینەوە لـە ڕۆحاوڕۆحیـدا خوێنـی زیندووبوونـەوە پاشـەکەوت دەکەین دوای ئەمە چی ڕوودەدا کەڵەبابی دڵخـۆش ئەشـقی دەپارێزێ و چێـژ لـە دەنگـی خـۆی دەکات داهاتـوو دەبـێ بـە هـی ئـەو

# ئاوم بەخۆڵدا کرد و بۆنی خودا خۆش بوو

هەور لە شوێنی دروستبوونی خۆی
ناسرا و بەسەر کێڵگەی لێوبەباردا تێپەڕی
بەهانەی سووتانی بۆ هێناین و بۆنی خۆڵەمێشی تەڕی کردین
گوڵدانی پڕی بەر پەنجەرە وزەی خۆری حەفت ڕەنگی بۆ هات
گفتی بە ڕازی ژیان دا
پێستی ناونیشان بەسەر گۆشت و ئێسکم کشا
خەندەی دیدار و ڕوخساری نوێژ و ئاخاوتنی باڵندە ڕسکان
خونچە بۆ گوڵبوون چەند کراسی دڕاندووە

١- **زێوان ١٩٨٨** داوەتمان دەکات بۆ قووڵایی ناولەپ و بەرزکردنەوەی گۆزەی بێدەنگی
٢- **ڕووەکەکانی خوداوەند ١٩٩٩** داوەتمان دەکات بۆ قووڵایی ناولەپ و بەرزکردنەوەی گۆزەی بێدەنگی
٣- **خەون وا خۆی گێڕایەوە ٢٠٠٤** داوەتمان دەکات بۆ قووڵایی ناولەپ و بەرزکردنەوەی گۆزەی بێدەنگی
٤- **شەڕی چل ساڵە ٢٠٠٥** داوەتمان دەکات بۆ قووڵایی ناولەپ و بەرزکردنەوەی گۆزەی بێدەنگی

**٥- مردوویەک ئاگای لە هەمووانە ٢٠٠٨** داوەتمان دەکات بۆ قووڵایی ناولەپ و بەرزکردنەوەی گۆزەی بێدەنگی

**٦- سەد و یەکشەوە ٢٠٠٨** داوەتمان دەکات بۆ قووڵایی ناولەپ و بەرزکردنەوەی گۆزەی بێدەنگی

**٧- ساڵی سفر ٢٠١٠** داوەتمان دەکات بۆ قووڵایی ناولەپ و بەرزکردنەوەی گۆزەی بێدەنگی

**٨- سروودی زەوی ٢٠١٢** داوەتمان دەکات بۆ قووڵایی ناولەپ و بەرزکردنەوەی گۆزەی بێدەنگی

**٩- حەزدەکەم ئەوەندە بژیم ٢٠١٥** داوەتمان دەکات بۆ قووڵایی ناولەپ و بەرزکردنەوەی گۆزەی بێدەنگی

**١٠- دواکەوتن لە کەشتیی نووح ٢٠١٨** داوەتمان دەکات بۆ قووڵایی ناولەپ و بەرزکردنەوەی گۆزەی بێدەنگی

برایانی ناخ دڵم سوارنییە و بەشدارم لە خوانی خودا و زیندانی والا

ئاوم بەخۆڵدا کرد و نیگای سەختم

بیرنەچووەتەوە و دیمەنان دەلاوێنمەوە

بە هەڵەش حەزم لە ژیان نەکردووە

پرسیویشمە ئادەم یان حەوا نۆبەرە و دڵڕاتەکێنی زەوین

پەیدابوونی ناو دوێنێ بوو گەلێک تەلیسماوی نییە

ناو لە شوێنی لەدایکبوونی دەناسرێ

حەوای ڕوومەت حەفت ڕەنگ

هێز لە ئەژنۆت کۆکەرەوە و ڕاکە
تەنیایی بوومەلەرزەی خستە
هێلانەی حاجی لەقلەقەکەی بەر لەوەی بمرێ
دەستە ڕەنگاوڕەنگەکان شەهیدیان کرد
تا ڕادەی پەرجوو تەماشام کرد
ئاسمان لەو کاتەدا سەرتاپای شین بوو
توندتر ڕاکە هاوسەری بەهەشت
ژیان لەچاوەڕوانیدا چەند کراسی دڕاندووە
لەپڕ پەنجەرەیەک داخرا
خەیاڵ سۆمای نابینابوو
نەبووە ئاوێنەیەک خاڵی ناخی تێدا گەورە بکەمەوە
جاڵجاڵۆکەشم بینین
کراس بۆ پەرییان دەچنن و پرچیان ڕست دەکەن
هەموو بەها و بیانوو بۆ ئەمەن ڕۆن بەسێرکدا بڕێژن و گا
بخلیسکێ
زەوی بەئاسانی پەشیمان بووەوە
لە یاقووتە شینەکانی ڕژاندبوونی
لە دوورییەکی ئارامدا ماومەتەوە
بۆنی خۆشی جەنگاوەرێکی بێ ئاگر و ئاسن لە بەرەیەکی
نەرمدا دەپەیڤێ

پەیڤـی و ژیـان ئەشـکەنجەی دابـوو سەرنشـینان لەپێـش
چاوی مـن سـەرکەوتن و کەشـتییەکە ڕۆیشـت تـا بەهەشـت
گەیانـدم دڕکـی لـێ نەبـوو بـە پێخواسـی بـە ژێـر گڵۆپـی
کەسـک و سـوور و قوللـە و سـەنگەردا پیاسـەمان کـرد
دانیشـتین و خوانمـان داخسـت و پێچایـەوە  پشـت لـە
هەڵـە کـرا  ئـەوەی ئـاوی چـۆڕاوی داخ بـوو پەیکـەری
هەڵبژێردراوان لەنـاو باخچـەی بەهەشـت بـوون  پەیکـەری
مێـژوو بـۆ نووسـراو کـە جلـی ڕەنگاوڕەنگـی دزراو لـە
نێرگـزی تەمەندرێژیـان لەبـەرە  درێـژە بـە ژیـان نـادەم
ئـەو ژیانـەی سـەری ئەشـکەنجەی دانـا ژیـان ئەشـکەنجە
دەپاڵێوێـت و هیـوای نزیـک لەدڵـدا هەڵدەگرێت کەشـتییەک
بـە کـرێ دەگـرم گەشـت لـە ڕووبـاری تـەورات و ئینجیـل و
قورئـان و شـیر و شـەراب و هەنگوینـدا نائومێدی دەکوژێت
شـەڕەکانی هەڵدەبژێـرێ و دەرگـای ڕێ و سـەنگەری
گۆڕانـی ڕەنگـن شمشـێریشـی ناکەوێتـە ژێـر سـمی ئەسـپ

## ئەسپی باڵ داستان و ئەفسانە گەیشت

بە هەزار دڵ دەچمە ژوان و دیدەنی
مانگ لە ژوان و دیدەنی نارێکی زەوی شەرم دایگیرساند
بۆنی باوەش تووشی هەڵامەتی کرد
چنگ لەسەر دڵم هەڵگرە و لە کۆڕی یاران
دوورکەوە ئەی پەتای حەفت دەمار بۆگەنکردوو
دەستی پەرۆشی و تاسەکردن لەبەردەرگای ماڵئاوایی
ئەلبوومی داخراو دەکاتەوە و پەڕی زۆرنین
خەونێک شەوی کورت کردم و بە دڵخۆشی خەبەری کردمەوە
مرۆڤ بەیانییان وەک ئاو دەجووڵێ
شەقاری پاشماوەی برووسکێک دەمی گەیشتە پەنجەی
پێم
ئەسپی باڵ داستان و ئەفسانە چوارناڵەی دا
چوومە خەونی تایبەتیی نووسینەوە
گوناهی زەویم سڕییەوە و ناوچەوانیشیم ماچ کرد
خەو تازە چاوی زەوی گەرم کردووە
ئای لە خەون دڵنیام کێو پشتی ناچەمێنێتەوە
ئەشقی گەرمە و ڕووباری بەستوو دەکاتەوە
ئەی زەوی کۆتری پەیامبەرانت لەسەر شانی من دان بدە
بۆ شوێنێکی نەزانراو نافڕن

ئەستێرە لەسەر شانی من ڕەنگیان ناگۆڕێ و نابن بە بەردی شەڕ

لەناو تەپوتۆزی تەڵخ و ئاسۆیەکی زەرددا پێم لە بەردی شەڕ گیربوو بەلاداهاتم و نەکەوتم کردم بە بەردەکێلی خوێنڕژاوان ئەسپی نامرادان بەردی شەڕیان جێ هێشت نەچوونە سەر کانییەکی سازگار دوور ڕۆیشتن چوونە سەر دەریا ئاوی سوێر بخۆنەوە لەسەر شۆستەی شەقامێکی چۆڵ دانیشتبووم وەک بای سبەینان بەسەر ئەو ناوەدا کشان لە لەخۆبووردوویی و خاکیبوونی خۆیانەوە دەبنە مانای ژیانمان گوڵێک ڕەگی بردووەتەوە ناخی خۆی و لە قووڵایی خۆی پێ گەییوم بەدەستەوەیە چاوەڕوانم چرای ناوچەوانیان داگیرسێنم ئەوان قسەبکەن منیش گوێیان لێ بگرم و تا قووڵایی ناخ بە داخ و زووخاوێکی زۆرەوە دەتلێمەوە باڵندەیەکیش لە تەنکایی زەردەپەڕدا بانگم دەکات و دەڵێت لەناو تەپوتۆزی تەڵخ و ئاسۆی زەرددا وەرە دەرێ ئەوەش ببینە پیاوێکی کاسە چەور چەتری هەڵداوە و لەبەر بارانە خۆشی لەوە دڵنیاکردووە تەڕنابێت ناشزانێ باڵندە کەی کۆچ دەکەن و بەچکە پەڕەسێلکەش چەند ڕۆژ لێویان زەردە و ئەو تفرە لە ساردی یان لە گەرمی فڕێ دەدەن

# دایەگەورە نیشانەی سەرسوڕمان بەرانبەر جەرگی خۆی دادەنێ

ئەو ژنەی خۆی دەکاتە بەرات و قوربانی و شیر دەداتە کۆرپەکەی
ئەمەک و گۆرانی حەفت ڕێ چاوساغی دەکەن
بۆنی لەناو ئاگری ماڵدا چەک لە دەستی دیکتاتۆر
دەکەوێنێت و مۆمی سەر گەنجینەیە
خۆڵەمێشی دوای سووتان نییە
کەوتە قەڵای بەردەوامی جوانی و کڵاوی بەڕووەوە
کە لە ڕەنگێک زیاترە و پاراوی بۆ چاو دەگەڕێنێتەوە
خێوی ناقۆڵا
شەوە
دایکی ئاڵ
دڵەڕاوکێی سەرەتا و کۆتایی
دەستیان بەست و کردیانەوە
بەبیری هاتەوە ڕەنگە من کوردستانیی بم
کە پێی دەڵێم دایەگەورە
بە چاوەڕوانی ئەو خەوم لێ کەوتووە و چارەی دڵم دەدۆزمەوە
کوردستان گەدەی بەتاڵە
بە مەلوولی بەسەر ناوی خۆیدا دێتەوە

چووە ناوەندی ئاسۆ و تەماشای دەریای کرد
نەیتوانی چارۆکەی بەلەمەکەی هەڵدات
پەنای بۆ دانبەخۆداگرتن برد
هێلکەی پرسیارێکی خستە هێلانەی تroوکاندنەوە
خواردنم خواردنێکی مەمرەومەژی
یادەوەریی ساردبووەوە گەرم نەبووە و گەشەی نەکرد
بەدوای تەنیاییدا سەرم باڵندەی
حەفت ئاسمانە و بە نۆژەنکردنەوەی چینەکان خەریکە
ئەرێ ئەو هەورەی بە سێیانەی
بەفر و
باران و
تەزرە دووگیانی
سۆراغی تەنیایی لە کێ دەکرێ
بەهێزترین کەس لە هەموو کەس تەنیاترە
پەپوولە پایزە سێبەری خامۆشانی
بەدوات غاردەم و دەتگرم
هەڵنەوەرێی هەڵبووەرێی
بە کراسی یووسفەوە دەنووسێیت و ڕەنگت دەگۆڕێ

تەنیایی وای کرد لە جێگایەکی دابڕاو لە شار کە ڕووناک و پڕ گەرمییە چاوەڕوانی نەوەی بەهەشت و جنۆکە بکەم لەسەر سەکۆیەکی بە بەردی بە نرخ بەرزکرایەوە لە

شاری گۆرانیبێژانی بەناوبانگ دەچێت   حەوت بەرزایی هەیە   هێز و ئازاییم پێ دەدات زەوی شۆرەکات داببڕم و بەرەو ئەو دەستانەی بگەڕێنمەوە دژی درەختی مووتووربەکراو بەحەفت بەر بەرزکراونەتەوە   دڕکی بێ ئابڕوو دەتوانێت ناوچەوانی شاعیرێک برینداربکات دوو دڵۆپ خوێن بکەوێتە سەر دەموچاوی زەوی شۆرەکات خوێنی گەرم لەکە نییە   ئەشق و تکای ئاشتی دڵە ئاشتیی دڵ لە زەوی شۆرەکات گەورەترە وڵاتی تێدا دروست دەکرێ   ڕووبارێک لەسەر شووشەی پەنجەرە شەپۆل دەدا و تووڕەیی کوشتووە

# ئاهەنگێکی تەواو نەبینراو

ئەمڕۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی منداڵێکی گەڕەکمان بوو
هەویر و فڵچەی ددانم بۆ برد
مۆمێکم ڕفاند و هەڵاتم
چوومە سەر کورسییەکی حەسیر و مێزێکی بازنەیی
بە ناوەندی جیهانم زانی
ناوەندی جیهان سرووش و دروود و هەقیقەتە
دەموچاوی یەکپارچە نەبووەتە گرژی و دەماری نارەزایی
دەشمەوێ لە شەرم و شانازیی ئەو ئەستێرە دوورە بگەم
تەنیا پرشنگی دەگاتە ئێمە
هەستەکانی خۆم خولقاند و سروودی ئایینیی مرۆڤایەتیم گوت
مۆم نەبووە ڕۆژ
توورەیی نەبووە واق وڕمان
باوێشک نەبووە نازی ئەستێرەی گەڕۆک
تەقەی دەرگا نەبووە ئاواز
هاژەی ڕووبار دەنگی زاڵی سروشتە
پەڕینەوە لە ڕووبار قەدەغە نییە

نەشمتوانی چی بە مەلەوانی و باڵوەشاندن بڵێم
لارەملی تەمەن و چەقۆی ڕێگران
گەرمایی ئەستێرەیان لێم دوورنەخستەوە
ئـەی تڕووسـکایی لەخـەو هەسـتاو و ئاهەنگـی تـەواو نەبینـراو
مایـەوە تەماشـای دۆڵـی ڕۆچـوو بـە ناوچەوانـی زەوی بکـەم
تکادەکەم لەخەونم بمێنەوە چرای بادە
زەویـش تەخـت نییـە هاوشـێوەی سـرووش و درووود و مرۆڤـە
بە خەیاڵ ناسین ئاشق خومار و بەختەوەر دەکات
خەیـاڵ بـە ویسـت و زانینـەوە داهێنـەری بوێریـی لێدانـی دڵـە
هـەر دەڵێـی یاقووتێکـی دەسـتی گەورەتریـن گوڵـی پشـکووتووم
هەڵدەدرێمە قووڵایی لێدانی دڵەوە

ئـاوی شـێتی ڕژا و دڵ لـە حەکایەتـی جوانییـەوە لێـی دا شـنەی بەرەبەیـان بیرەوەرییەتـی و نایـەوێ بـە مردوویـی بژی بێ ئەندازە گەورەیە و ڕاکردوو نییە لـە خۆی ئـەو خۆرەی سبەی هەڵدێ دەمانداتێ ستاییش بۆ خودا کە لە

لەدایکبوونمان دەدرەوشێتەوە   نزایەکی پێشنویژ خۆڵی خۆتم بمبەرەوە ناولەپی خۆت و ئاهەنگی ناشتن بگێڕن پرسیارێکی دوای نزای پێشنوێژ ئایا لە بەهەشت نوێژ و دوعا دەکرێن یان کێ خاوەنی بەهەشتە ئەی ئەوانەی دەچنە ناوی وەک میوان بەخۆڕایی تێیدا دەمێننەوە و شمشاڵ داوێنە سەر جامی پڕ شیر  هەنگ دەچنە ناوی لە کونەکانی دێنە دەرێ و بە باڵی تەڕ دەفڕن  ئاوی شێتی کە ڕژا پاش مانەوەی بە ماوەیەکی کورت ڕەنگی وەک چا زەرد بوو  لە ئاوێنەیەکدا نقووم بووم و خنکام خۆشاوی بادەی پیاوانی سرووش و درووودم گەیشتە دەست لێدانی دڵ تاریکە وەک خانەی فەرهەنگ و شارانی جیهان  سەیرە خانەی فەرهەنگ و شارانی جیهان تاریکە و بەرێکەوت بەرزی و نزمیش هەیە  لێدانی دڵ ڕووناکە وەک خانەی فەرهەنگ و شارانی جیهان  سەیرە خانەی فەرهەنگ و شارانی جیهان ڕووناکە و بەرێکەوت بەرزی و نزمیش هەیە   پێشبینییەکی بەر لەدایکبوون

# ڕەگ لە دەم جۆگەی وشک هەناسە نادات

شەختە پێڵووی چاوی ئاوە و وەک چاو بێگەرد نییە
ڕووەکی خۆڕسکیش
لەناو بەردی ڕەش و قاوەیی و خاڵ خاڵەوە دەردەکەون
چێژ لە بەرد وەردەگرن و بەڕەنگی خۆیان هەنگاودەنێن
خودی خۆیانن و بەخۆیان وەرزی ساڵ هەڵدەبژێرن
ناوێکیان بۆ گەشەکردن هەیە
نازانرێ بۆ ئاشکرای ناکەن
نیگام دەنێرمە شوێنێک کە پەڕۆی ڕەش بە سەرچاوی نەکشاوە
سەیری ناوە ئاشکرانەکراوەکە دەکەم
لەو شوێنەی هەموومان هەناسەمان گەرمە
ناوی یەکتری دەهێنین و خۆشاوی درەختی ئامۆژگاری دەخۆینەوە
بۆنی کەتانی تەڕیش دەکەین
ژیان لەوەش زیاتر بڕدەکات
شاعیری شێوە ئاو و ناو و بەتاڵکەرەوەی تەڵەی بۆسە
ڕوومەتت لەسەر دەستت دانێ و زەین بدەرە شەڕی دەستنووسان
زەوی لە هەموو ڕەگێک تێ دەگات و دوا وشەیان لێ وەردەگرێت

شەڕی دەستنووسان ئەم زەمینە ڕووخەونینەی کردە کوورەیەکی تووڕە و هەڵچوو نەمتوانی چاو لەسەر هێرشی ئاگر هەڵگرم لەگەڵ ئەم دووکەڵە و تەنگەتاوکردنەش خانمی ماڵ پلیتی فانۆسەکەمانی بە ڕێکی بڕی دووکەڵی نەکرد چڵکی بن نینۆکم فڕێدا و بەناو ئاگردا ڕۆیشتمە مێرگێکی پاراو قەیتانی پێڵاوم نەسووتان تەماشای چیڵێکم کرد گیای تایبەتی دەخوارد تا شیرەکەی دوودڵیی تێ نەئاڵێ و ئاسوودە و دڵشاد بڕژێتە دەمارەکانەوە دەبێ زەمین بخرۆشێ و ببێتەوە منداڵێکی شیرەخۆرە جلوبەرگی لە ڕووناکییەکی سوورپۆش بۆ بدروویىن خێرا چاوانی بکاتەوە بەهۆی پانتاییەکی پڕەوە بگەشێتەوە و بەهێز بمێنێتەوە

**مایسی ٢٠١٨ هەولێر**

# دۆخی دووەم

# لەدایکبوون و مردن

لـە سـەدەی بیسـت چـاوم لـە لاسـکە مانـدووەکان ئـاڵا و سـەرکەوت
لە سەدەی بیست و یەکدا
چاوی ئاڵاوم لە لاسکە ماندووەکان دەکەوێت
هەردوو سەدە لەو خرۆش و خولیایەی لە منیان ڕسکاند
کرمی ئاوریشم لەناو لەپیان کەوتە گڕوگاڵ
سـەیر زۆر سـەیر تەماشـای ئاگری نـاو شووشـەی لامپـای کرد
ئاوریشم بەشە میراتی منە
بەشـە میراتـی خۆم دەپارێزم و ڕۆژگار دەیکاتـە خانـە و خەرمانـە
لە زۆر بۆنەدا سینیی کێکی بەدیۆمم
قلْپ کردووەتەوە و پەنجەرەی مۆنم شکاندووە
دەرگای خەزنەم بە گەرمایی پەنجە کردووەتەوە
لەناو بەلەمی ڕاوچی
چرام داگیرساندووە و لە حیکمەتی چارەنووسم پرسیوە
پەپوولـەم دڵگـەرم کـردووە و تەمومـژی سـەر ئاویشـم لاداوە
تووڕەیی تێکەڵی بەزەیی نابێت

با شوێنی هەیە لێی هەڵبکات
خۆشی لە لووتکەی درۆزن لادا
لـە بیریشـی ناچێتـەوە بۆچـی هەڵیکـردووە و لـە چیشـدا دەبێتـە سـروە
سروە باڵ دەکاتە خاڵی سەر گۆنا و زایەڵە و تانوپۆ
لەڕۆژێکـدا کـە خۆرەکـەی زۆر ڕۆشـنە ڕووەک زوو پـێ دەگەیەنـێ
بـە بزەیەکـی ئاشـنا خەڵاتـم کـە و دەسـتبەردارم مەبـە ئاوریشـم ڕوێـن
لەدایکبـوون پەڕەمووچـی کۆتـری بڵاوکردمـەوە و بـۆم کۆنەکرایـەوە
مردن فریام کەوت و بۆ لای هیچ شتێک نەگەڕامەوە
ئاگری کەس لە ئاگری کەسدا ون نەبوو
کەسیش بە ئاگری کەس نەجۆشا
لەبـەر پەنجـەرەی یەکیـش تێپەڕیـن و خۆشـحاڵین بـە سـەمای زەماوەنـد
سـەیر زۆر سـەیر تەماشـای ئاگـری نـاو شووشـەی لامپـا دەکەیـن

# ئەوسا و ئێستا

سروشت هەموو پرسیاری
ئێستا و ئەوسای کردووە و بۆ هەموو شتیش سەرەتایە
خەیاڵ سەرەتای خۆی دەدوێنێ و هانا بۆ شکۆی خۆی دەبا
پەپوولە ئاگری ڕاونا و کەوتە بۆسەی و کوشتی
گەرمایی لە دڵی جریوەی دەهات
بە ئاوی حیکمەت درەختی سێبووری گۆش کرا
ئاو وەک هەواڵێکی ترسناک ڕێڕەو دەگۆڕێ و بەخێرایی بڵاودەبێتەوە
بەڵام بیر ناگۆڕێ و بەردەوام دەبێ لە ژماردنی پڕبوونی جۆگان
لە دەرەوەی باخی بەهەشت میوە ناسیمیانەوە
باڵ لە گەرمیی پێگەیینی میوە کرانەوە و بە خوداوەندان ئاشنابووم
لەخۆشییاندا سوورهەڵگەڕام
خوداوەندان مژدەن و دێنە لام و باسی
وەفای دەریام بۆ دەکەن
میهرەبانانە سەوڵ دەکاتە دەستی منداڵێکی تازە لەدایکبوو

کاتێکیش جێم دەهێڵن بەسەرمدا زاڵ دەبن و بیریان دەکەم
پرسیاری ئێستا و ئەوسا لەبارەی ئەو شتانەی
دەتوانم هەمبێت و دووبارە دەیخەمەوە سەر پێڵووی باز
بۆ هەموو شت سەرەتام
سەرەتا پێویستی بەوەیە
هەموو ڕەگەکان لە شوێنپێی
نەرمی و لێبووردن بچێنێت و شتەکان دەست پێ دەکەن
گوڵاو دێ تایبەتمەندترین نهێنیی گوڵ دەدرکێنێت
زەوی لە تەختی ڕاز دێتە دەرێ
ڕازاندنەوەی خۆی دەداتە دەست هەموو ڕەنگ
گوڵ سەرسپاردەی گوڵاوە

# وەچە و بنەچە

شوێنپێ ئەمەکی ڕێگای نادیارن
جەللادیش دەیەوێ ئاسمان خامۆش بێت
پۆلە چۆلەکەم لەناو شنەدا دان دا
دوورکەوتمەوە و هەڵمدان
بەشە مێوژی خۆم لە قەرتاڵەدا هەڵگرت
هەنجیـر و گوێـز و باویـم داتەکانـد و چوومـەوە یاریـی گومبەتانـێ
بەرانبەر چیا وەستام
بزماری کەشتیی نائومێدانم توندکردەوە
بە پەرۆشم خودا بۆ داوەتی ماڵی خۆی بانگم بکات
پۆلە چۆلەکەکەی هەڵمدابوون بۆ ئەوەی خۆیان پیشانی برووسک دەن
لەگەڵـم بنیشـنەوە و دەنـووک لـە زایەڵـەی سـینگی قـەڵا بـدەن
گۆرانییەک لە لێوی جێ بهێڵن
ئاوی تۆفان و لافاو لەبەر دەستماندا مردن
شارمان لاواندەوە و وەچە و بنەچەی ئاگرمان ژمارد کەمی نەکردبوو
شەقام لەبن پێی ڕێبواران گڕوگاڵیان بوو

ئەسپ و پاڵەوان و پەیکەر پیرۆزەی دوو چاوی تێرخەو
دەبەخشن
هەردوو تای تەرازوویان مەل لەناوی مەشقی گەروو و
باڵ دەکەن

# باوەڕ و گومان

هەستی تووڕە قولابیان لە ئاو
کێشایەوە و باوەشم لە خودا و خوداوەند وەرێنا
باوەڕ و گومان باوەشیان پێداکردم و خۆیان نەدرکاند
دڵۆپ دڵۆپ کەوتنە ناو کاسە و کەوچکمانەوە
هەراسان و بێزاربووم
لە قسەی دووبارە لەبارەی ڕێنوێنی
لە ئومێدی ئەوان هیچم بۆ نەگوازرایەوە
ڕووبەڕووبوونەوەی خۆدرکاندنم هەڵبژارد
گردۆڵکە و چیا سوورهەڵگەڕان
لەناو دەستە تێلدڕەکانی تەفرەدان
خۆم ڕاپسکاند و بوومە ترپە و ئاوازی نووسین
بەناو دارستانێکی گەورەدا ڕۆیشتم یانی جێگایەکی نەناسراو
درەخت بەدوامدا هاتن
دایکێکی ئەفسانەییم ناسی
کەروێشک لەگەڵی دەڕۆن بەری درەخت کۆدەکەنەوە
هەندێک نیشانەی ئاگریان دروست کرد
بەرەو گردۆڵکە و چیای سوورهەڵگەڕاو بەرزبوونەوە
دەبێ تەماشابکەین

خوێن سەردەکات و فرمێسک خوڕەی دێ
کاروان دوانەکەوت و گەیشت
هێمای کلیل و کلیلسازی لەسەر تاج چنی و ئاسۆیەک
پێکهات
بۆ فەرمان و بەرفەرمانی ئەوە بکە و ئەوە مەکە
زمانی کوردییان پێ بەخشیم
لەسەر بەرد تۆمارم کرد و هەتا بڵێی ڕۆشن

# لەکەدار و کلکدار

مرۆڤ دڵۆپ دڵۆپ خوێنی پاکی لێ دەڕژێ
خاک دەیخواتەوە
خوێنی پیسیش لە لەشی دەمێنێتەوە و بۆگەن دەکات
چەتری کاسەی سواڵ بپێچەوە پیاوی لەکەدار و کلکدار
وەک پشیلەی لە حەفت دەرگا میاوە میاو کردوو
چڕنووکت بەسەرماندا کردووەتە سنوور و قەفەس
ئەسپی شەل کەژاوەی لەسەر پشت هەڵنادرێ
چاو بە فرمێسک سڕە و دەخیلەی دڵشکاوانە
پایز دڵەڕاوکێی سروشتە
لاپەڕەی ناوچەوانی هەڵدەدەمەوە
مێشکێکی باش و سادە
کە خوێنی لێ دەتکێ سەردانی دەکات
ساتمە ناکات و ناکەوێ
لە مێژوویەکی زیندوودا پشوودەدا
هێشووی پێگەییون و دەستی بۆ بەرز کردوونەتەوە
بووە هەتاوێک تانوپۆی ڕەش و سپی چنیوە
زۆر ڕامام تا لە چنین بگەم
خۆی لادا لە لێوی ڕەشی نزاخوێن
گوێی لە زمانێکی تر بوو

له دەشتایییەکدا وێڵ مەبە
کلیلی شار بخەنە سەر ئاوێنەی زوڵاڵ کە زمانی نەرم
دەهەژێتەوە
شەرمم لە برین نەکرد
شەرم لە برسییەتی دەکەم

# هاتن و نەهاتن

کەسێکی چاوەڕێم لە هاتن و نەهاتندا تەنیا نەبم و قاچم
زەوی نەگرێ
تەنیایی هەزار هێرش دەشکێنێ و چیرۆک دەگێڕێتەوە
چیرۆکەوانیش دەسووتێنێت
دەستم لە کردنەوەی پەنجەرەدا گیربووە
پەنجەرە لە ژووری زیندانیشدا دڵخوازی دیدارە
میوان لەبەر پەنجەرە ئاڵووالای ڕێژەنی ڕوخسارە
دڵی سپاردووە بە خۆرێک چاوی ئاڵۆز نەبووە و هەڵی
نەگلۆفتووە
تەنیا ڕەنگی هاتن لەچاویدا دەنیشێت
جۆرەها دەنگی تێکەڵ لەسەرت جێ بە یەکتر چۆڵ دەکەن
دەیانەوێ بچنە ئاسمان بزرینگێنەوە
بە خوماری سەیری زەمینی خومار بکەن
بیر لەو تیشکەش بکەنەوە
بە نێوانی شاخی کەڵەکێوی ڕەت دەبێت و لە پەنجەرەی
زیندان دەدات
تیشکێکی لەناکاو نییە
خۆر و پەنجەرە گۆرانیی یەکەمن
دەچنە ناو چارەنووسێک هێڵ و هێمای هیوایان لێ
دەخوازرێ
خۆیان بەسەر نەهاتن دادەخەن و بەسەر هاتن دەکەنەوە

# ڕاست و چەپ

ڕێوییەکی قوونگیراو لە ئاوێکی جادوولێکراودا ددانی شووشت
کاتژمێری فێرە هەڵخەڵەتاندن کرد
ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ڕووی دا
ڕاست ئەسپی چووە ڕێ
چەپ شەقامی ناهاوسەنگە و ڕێبوارانی لەگەڵ
یەکتر نامێننەوە و بخوور دەکوژێننەوە
لە پشت شۆستەکانیەوە جورج دەمی یەکتر
لە ئاوێنەی چێژدا بە پێوانە و قەوارە دەبینن
پیت و هێڵ و نیشانەکانی هاتوچوویان کڕاند
ئێمە تێکسووڕاین و گامان لەناو کێڵگە بۆ نەهاتنەوە
هەر بە چاو شوێنپێیەکانی دزین
گوللەی قینی کولاوی تەقاند
گوللەی فرمێسکڕێژیشی بۆ هەلێکی تر هەڵگرت
لە خاکی ڕەنگان گۆپکە و چرۆ و خونچە و گوڵ
ژەهراوی دەکرێن ئەوجا پێی دەزانن
باخچەش لە تووڕەییدا ڕەشێنەی چاوی نەما

# شەو و ڕۆژ

له شەودا سینگ دەردەپەڕێنم و خۆم ئامادە دەکەم
بەناو ڕۆژدا بڕۆم و شتەکان دژی شەو هەڵگرمەوە
شەو زانی بێکەسم و بە سەرانسەری دنیادا دەسووڕێمەوە
بەشێک لە کاتی خۆی کورت کردەوە و دنیا بووە پەنجەرە
لە ڕۆژدا دەست لەسەر سینگ دادەنێم و خۆم ئامادە دەکەمەوە
بەناو شەودا بێمەوە و شتەکانی هەڵمگرتوونەتەوە
لە مۆزەخانەی کەژاوەی هاتنی یارانی دابنێم
ڕێگای شەو و ڕۆژ وایان کرد
شانازی بە بێ شەو و ڕۆژیی خۆم بکەم
شەو و ڕۆژ گومانیان هەیە
هەموو ئەو بەردانەی هەڵمدان
نرکە و ناڵەیەکیان نەخستە دڵی ئاوێکی تەنکەوە
کامێرەم ئامادە دەکەم وێنەی
قرژاڵێکی چاو پەلکەزێڕینەیی دەگرم لافاو لای داوە
گوڵەبەڕۆژە بەسەریدا چەماوەتەوە و سێبەری لێ کردووە
ئەی ئەستێرەی بچووک بڕژێ
بەیەکەوە کۆچ دەکەین
نامەیەکیان پێ سپاردووم هیچ لەسەر زەرفەکەی
نەنووسراوە
ئەرێ ئێوە پرسیارێکتان لە ئاوێنەی ڕەشدا نەشێواوە

# کۆن و نوێ

گوڵەبەڕۆژەی ئاسمان مانگە و ڕووبەری زەوی پڕکردووە
ڕۆژێک سادەیی ڕووبەری پڕ
بە شتی کۆن سەرسام دەکەم و لەگەڵیدا هەڵبکات
نوێ بێدەنگ و بێجووڵە و لەخۆڕازی
بە ڕێگایەک کە ڕووناکییەکەی
ئەشکەنجە نەدراوە و چووەتە ڕیزی سوپای نیشتمانیی
بەرەو پیرمەوە دێ
ژیان بە کۆن بەناز و ڕێزلێگیراو ماوەتەوە
بە نوێ خەملێو و زەماوەندگێڕ و بە خانە و لانە
لە تەماشاکردنی ڕێی خولیا دەماری دادەخورپێ
لەگەڵ خۆی هەڵدەکات و گوڵاوی بەسەردا دەڕژێ
دەنگی لە هەموو جێیەک نەوا و ئەنوا و دەستی پڕە
بێدەنگی ڕێگا لە کوێ دەیهێنێتەوە
هەموو بە ڕێگایەک کە ڕووناکییەکەی
ئەشکەنجە نەدراوە و چووەتە ڕیزی سوپای نیشتمانیی
بەهانایەوە دەچین
گوڵاوی پاراوی شەوییمان لێ دەدا
بیر لە ئارەقەی بۆنخۆشی سەرەمەرگ دەکەینەوە
گوڵاو و ئارەقەی سەرەمەرگ ڕژاونەتە ناویەک

ڕووبارێک حەفت پردی بەسەرەوەیە
بە هەرا و هاوار لە ڕووبار نەپەڕیومەوە

# ناولەپ و ناوچەوان

ڕەگ نازناوە بۆ لک و چڵ
لە بینینیان گلێنەی هەردوو چاوی گەورە دەبن
ناولەپ هێز و هێڵی خۆی دایە ناوچەوان
ترووسکەی ئاویلکەیەک کۆی کردنەوە
بوون بە باڵا و سێبەریانم بینی
ئاگری سێبەریان پێشوازی لە پیاوێکی بەختەوەر دەکەن
قۆچی گایەکی لە جەللادێک وەرگرتووەتەوە
ڕاوی گورگی دارستانی پێدەنێ
زەوی درەختی خۆی کرد بە تێلدڕ
پێی گورگ سووتا
ئەو چڕنووکەی لە گۆشتی دەچەقاند هەڵوەری
قۆزاخەی ڕووناکی کرایەوە
ئاشنابووم بە سروودی شۆڕش
دەستی بەرزهەڵبڕاو بەخشش و بەخشندە و مژدەپێدراون
مانگ میوانی ئاسمانە و خودا بەخێرهاتنی کرد
دابەزیە ناو دەستی بەرزهەڵبڕاو و بە چاو و ناوچەوانی خۆیانەوە نا
ڕووەو هێمنیی خوداوەندان غاریان دا
هێمنیی خوداوەندان بۆ دەستی بەرزهەڵبڕاو گواسترانەوە
تەمموزی ٢٠١٨ هەولێر

# دۆخی سێیەم

# سەکۆی بانگەواز

شـوێنپێ لـە هەمـوو ڕێگایـەک جـێ نامێنـێ و زەویـش لەنـاو هەڵپـە و کڵپـەی ئاگردا دەینالاند مووچڕکێکی گران لـە جەسـتەی دەگـەڕا دەرنەدەچـوو ئـادەم پاسـەوانێکی بەزیـوی زەوییـە و ڕەنگـی بـە ڕووەوە نەمـاوە گوتـی ئـەم مووچڕکـە گرانـە لـە جەسـتەی زەوی دەرکـە شـەقامێکی ئاوێنەیـی یـەک یەکێکـی تـری تێـدا بانـگ دەکات لـە هێڵـی ناوچەوانـی پاڵەوانێـک دروسـت دەبێـت ڕوخسـاری ڕوون لـە شـەقامی ئاوێنەیـی باوێشـک نـادا بـەو شـەقامەدا بـڕۆ هێزێـک هەڵدەقوڵێت بێتاوانێک کـە لـە قووڵاییەوە هەناسـە هەڵدەکێشـێت دیـواری بـۆ دەشـکێنێت و ڕزگاری دەکات بـە تـرس لـە درزی بچووکـی ئاوێنـە نزیـک دەبینـەوە درزی بچـووک ئـاژاوە بەرپـادەکات و تارمایـی لـێ دێتـەدەرەوە هەنگاو لەسـەر درزدا زەوی ناگرێ و خوان سارد دەبێتەوە و دوژمـن دەگا مووچڕکـی گـران تاهەتایـە لـە جەسـتەی زەوی دەرناچـێ هێزێـک هەڵناقوڵـێ لەسـەر ئەسـتێرەدا ئاگرمـان بـۆ ناکرێتـەوە و باڵـی شەمشـەمەکوێرەشـمان پـێ نابەسـترێ سـوپاس سـەکۆی بانگـەواز

# گوڵی نزا

شـوێنپێیەکی کپ و ڕوونـاک کـە بـاوک و باپیـران جێیـان هێشـتووە لەناویـدا پێـم پشـوو پـێ دەدەم ئـەو ڕێگایـەی لـە بەردەممدایـە ڕوخسـاری ڕوون دیـار نییـە پێمـی لەنـاو پشـوو پێ نادەم ئـەوەی خەیاڵ دەیڵێت چاوتـرووکان لـە دەریـا گەورەتـرە و پێڵـووش لـە کەنـار لێـک دوورتـرن نـان و دەریـا دوو کەسـن لەنـاو یەکتـر ناتوێنـەوە لـە نیگایـان چاودێـری نەتوانەوەیـان دەکـەن ئۆرفیـۆس بـێ پـەروا بەنـاو دەنگـی بـەرز و نزمـی سروشـتدا ڕۆیشـت و چـاوی لەسـەر ناوکـی خـۆی ڕاگـرت بـەردی ژێرپێـی قایـم بـوو دەریـا لەبـەر خاتـری ئۆرفیۆس گەڕایەوە لای بـە تاسـە و ئارەزوویـەک کـە باڵندەی دوو هـەوار ڕاودەکەن گوتی هیچ لەبـارەی ئاوڕدانـەوە مەڵـێ گـڕی بژارکـراوی ڕوخسـاری میهرەبانـان کـە بـە هێـزی ڕۆحاوڕۆحـی ڕۆحـان خانەدانـن لـە پێشـەوەن کاروانسـەرای جوانییـان دانەخسـتووە قـووڵ لایـان پشـوو بـدە بـاران بەشـێکە لـە سـەرکێشـی بەسـەر پێیانتـان دەبـارێ و خـۆش دەبـێ بـۆ ڕۆیشـتن و سـەردانی گوڵـی نـزا

# پیتی ناوەکان

هەندێک کتێب لە ناخی خۆیان بێدەنگن لە کتێبخانەکەم بژاریان دەکەم و لەسەر مێزی خوێندنەوەیان دادەنێم بە بێدەنگی هەڵمانگرت و لەژێر سێبەری ئەو درەختەمان دانا کە خۆی لە حەوشەکەدا چاندبووی ئاوی بەدەمەوە کردبوو دەمی کرابووەوە وەک بڵێی ویستبووی ناوی کوڕ و کچانی بهێنێ و دوا هاوار بباتەوە ناو دەمی درەختەکەوە کاتێک پرسیارم لە گەشەی ڕەگ و چڵی کرد گوتی دەمێکە دڵگەرمە هەموو پیتی ناوی کوڕ و کچانی بناسێت و لە دیواری پشت سەری خۆی بدات عەباس شووشە خاوەر سەباح کەتیبە سەربەست نزیکترین خاڵ لە خۆر ختییە بەر پەنجەرەیەک ببێتە باڵندە و قەرەبووی دوو هێلکە شکاوەکەی بکاتەوە هەموو شتێک لە خونچە ئیسماعیل عومەر مایەوە بەناو مووچڕکی حەکایەتان گەڕا و هەموو پیتەکانی ویستی بناسێ ناسی و ژیان دەستی پێ کردەوە لە نزیکترین خاڵ لە خۆر دانیشت و وەک خۆر خۆی پیشان دا ئێمەشی بە تیشک ڕەنگاوڕەنگ کرد بەسەر شانمان مایەوە مریشک و جووچکەکانی بەحەوشە وەربوونەوە کاتێکیش تاریکی دادەهات لە

ترسـی ڕێـوی و چەقـەڵ دەیخسـتنە سـەر لـک و چڵـە بەرزەکانـی درەختـی حەوشـە شـادمانی دەسـتی پـێ کـرد سـەیری هـەر دوازدە ئەسـتێرەی کەلـووی کـرد و شـوێنی جەنگەکانـی بینـی خـۆر لـە ماڵەکـەی ئـاوا بـوو ویسـتم دڵـم بـە مردنـی دایکـم بترسـێنم سـابیر حەسـەن سـلێمان هـاواری کـرد لەمێـژە لـە دوور و نزیکـەوە ئێشـکگری پێشـوازییم و دەسـت بـۆ ڕێبـواران بەرزدەکەمـەوە بـە چـل حۆریـم گـوت تکایـە لێـم دوورکەونـەوە خەریکـم تاڵـە ئاوریشـمێک لـە قۆزاخـەدا دەدزم لـەم دیدارە تایبەتییـەدا ئاگـری تەنیاییـم کوژایـەوە لەبـەر دەرگاوە پێشـوازی حۆریـی خـۆم کـرد و بـۆ دواجـار چەنـد پارچـە نانێکـی بـۆ مراوییـە هۆگرەکانـی خسـتە ئـاوەوە و دەسـتی ماڵئاوایـیم بـۆ بەرزکردنـەوە ڕێبوارەکـە گەیشـتەجێ و گـەش گـەش چـووەوە نـاو سـەرچاوەی پیتـی نـاوەکان

# دەنگی بەجێماوم

کرمی مڕ و مەستبووی ناو میوە چۆنی و چۆن پەڕۆی سوورت هەڵدەدەیتە سەر شاخی گای لەشەڕ مێروولەی شەقام لە دەرەوە چاوەڕوانن هەناوی میوەکە تەواو بخۆیت و لەبرساندا بۆ خواردنی هەناوی میوەیەکی تر ڕاکەیتە دەرەوە ئۆهـ لە ژیان و نهێنی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە شارەزانیت هەوری نیشتووی سەریان مایەی واقوڕمانێکی هەمیشەییە درەخت چەتری بەفریان بەسەر خۆیاندا هەڵداوە و کۆتری لانەوازیش بە هەموو لایەکدا دەسووڕێنەوە و هێلانەیان ساردە چاو زیت و خەڵوەتدار لە مەیخانەی ئاسمان دەمێننەوە و گەمارۆی سەرمایان پێ ناشکێ ژێی عوود خاوبووەتەوە و دڵی عوودژەن چاوی مردووەکانمانن ئەستێرەی بە زەوی سپێردراون و دەڵێن دوژمندارین و تاوانبار نین توورگێک بۆنی شوێنپێمان دەکات کلکی بە دەفی لە پێستی سەگی دوو ڕەگ دروستکراو بادەدا بەر لە تۆ شتێ نەبووە بەدەر لە تۆش شتێ نابێ ئەی شیعر ئەی ئەستێرەی بە زەوی سپێردراو تاس بردوومییەوە و سڕ نەبووم پرچی سوورمەییت تۆڕی دابەشکردنی ئاوی شاری نیشانەی کۆئەستێرە و لەدایکبوون وەک ئەوەی با دەستی بەسەر شتێکی لە خۆم گەورەتر داگرتبێت و نەتوانێت قسەیەکی توند بکات لەگەڵ دەنگی بەجێ ماوم

# خانەی پیران

پووشی هێلانە بۆنی خۆشە و پەپوولەیەک بەدوای ئاگردا کەوتووە و دەیەوێ خۆی پێدا بکێشێ ئاگریش تاریکی دەبڕێ و ڕادەکات نایەوێ تەنیابێت تەنیایی نوختەی دەستنیشانکراوی ژیانێک ون دەکات و چاو خەو تێدا شکاو پەپوولە بە نیازی خۆکوشتن لە ئاگر دەڕوانێ نایەوێ بچێتە خانەی پیران

# کانە خەڵووز

لێڵی لە ناخی داڵ دەردەچێت شیعرێک لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەخوێنمەوە زەوی تەنیا و بەس بۆ ئەو کەسەیە خوێنی ناوکبڕینی دەڕژێتە سەری و داڵ لەبەر پەنجەرە دەردەکات ئەگەر ژیان بە شێوەیەکی ناساز دەستی ڕاست و چەپ کردی هیوایەک بخوازە و فوو لە مۆم بکە و بۆ شوێنێکی دوور کۆچ بکە کۆچ فریوت نادا و بەرزت دەکاتەوە بۆ شوێنێکی وەک ئەو شوێنەی چۆلەکە تێیدا دەفڕێ توانا و حەزم هەیە ژیان درێژ بکەمەوە و ڕۆژێ شازدە کاتژمێر کاربکەم و پشیلە لەسەر شانم فڕێ بدەم دوا چاوەڕێ و چاوەڕێکراو ببینم و کتێب و تابلۆ و ئاوێنە و ڕووگەنما و پەیژەی نۆتە و پیانۆ ببەنە ناو کانە خەڵووز و بەشداری خوێندنەوەی شیعرێک لە خوارەوە بۆ سەرەوە بکات با هەستی بۆنی پەپوولەی ناو کێڵگەی گەنم خۆش والابن لەو کاتەوەی بە توانا و حەزەوە لەو شوێنەی چۆلەکەی تێدا دەفڕێ و دێمە خوارەوە و دەچمە ناو کانە خەڵووزەوە پرسیار لە مێژوو دەکەم تۆ ملکەچی یان نەرمونیان لە پرسیارەکە هەلات و نەمتوانی بێژینگ بێژی بکەم و بیگرمەوە بەلام بزر نەبوو سەرەتاتکێی کردەوە کەواتە دەبێ خۆم ڕابهێنمەوە چۆن بچمەوە ناو کانە خەڵووز

# ناکامی لەدایکبوون

پیاوی سەرچڵ بازیان دا و بەهەوودە و بێهەوودە دەتوانن هەموو شتێک لەبارەی ژیانەوە بڵێن ژیان لە ئێمە زیاتر لەبارەی خۆمانەوە دەزانێت و دەمانگەڕێنێتەوە ناو یەکەم مووچڕکی گەیینی میوەی ئادەم مرۆڤ دەتوانێ هەموو شتێک لەبارەی ژیانەوە بڵێت و ناشتوانێت بە نهێنی بژی و شەو و ڕۆژیش بە دەوریدا بخولێنەوە شەو لەناو ڕۆژ بە بێداری ماوەتەوە بە دوای هاوڕێکەی دەگەڕێ و ڕۆژیش لەناو شەو مرۆڤ لەناو هەردووکیان بازدەدا و دەگەڕێتەوە کاتی ناکامی لەدایکبوون

# زمانی مۆمیاکراو

یەکەم جارمە ئاگر دەبینم لەوانەیە بڕوا بکەیت و بڕوا نەکەی بە ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە دەچووین فریای ئاگرکەوتنەوەیەک بکەوین کە چەندین مرۆڤ تێیدا گیربببوو گۆرانییەک خوێنێکی بەجۆش و خرۆشی ئەویندار ی مرۆڤی تێدا گەرم بوو لە ڕێگای بەهاناوەچوون سیدی گۆرانییەکەمان خستبووە سەر تەسجیل گوێمان دابوویە و بیرمان لە ڕووداوی ناو گۆرانییەکە دەکردەوە بە گەرووی گۆرانیبێژەکە بریندار و ئامادە گۆرانییەکەمان دەوتەوە نقوومی نائومێدی و گریانێکی تاڵی ناسروشتی ببووین ئەی توورە لەو ئاوەی بەسەر ئاگردا دەڕژێ هیچی ترمان نەبوو لەبارەیەوە بدوێین بۆ تاهەتایەش فریای مرۆڤە گیربووەکانی ناو ئاگر ناکەوین ئاسوودە نین تێگەیشتم شتێک لە ئێمەدا گۆڕاوە دەچمە ژوورەوە و گڵۆپی خەو ڕۆشن دەکەم و پەنجەرە بەلای چەپدا دادەخەم ئەم خەمە سووکەش کە مرۆڤی تێدا دەسووتێ تێدەپەڕێت ئاگرێک لێمان دەڕوانێ و دەیەوێ لەبارەمانەوە بدوێت ئاگری زمانی مۆمیاکراو

# زەماوەندی ناکام

چاوە سادەکان یانی ڕووناکی شار بۆچی ئاوا زوو تووڕە دەبن بە تای کراسێکی تەنک لەژێر بارستێک خۆڵ نوستووم ناخۆشیی کەسم نەویست و ناخۆشیان ویستووم ئەی ئاڵ لە ئەشق وێرد و نزا لە گریان بەکوڵترن منداڵەکانم زوو نەبنە هاوسێی ماڵ بە ماڵم و شەربەتم نەکەنە شووشەیەک ئیسپرتۆ و نەیەنە زەماوەندی ناکام

# درەختی زانین

باخچـە مـردووە و داهاتـووش پێویسـتی بـە باخچەیـە بـۆ هەمیشـە خاوەنـی بووژانـەوەی باخچـە دەبـم ئاسـۆ لەخۆبایی و تونـد و توورەیـە بـێ پـرس و ڕا هـەوڵ دەدا پەڵـەی ڕەش بباتـە نـاو ڕەنگـی خـۆر خۆریـش زیـاد لـە پێویسـت سـادەیە و ڕەنگ و شـێوەی هی منە هی منی ناو تاجەگوڵینـە و قۆزاخـە بـێ جەنـگ ناتوانـێ لەنـاو دەسـتم ڕاییپسـکێنێ لەگەڵ بێدەنگی خـۆر قسـەم کـرد دڵخـۆش و دڵنیـام لەنـاو تاجەگوڵینـە و قۆزاخـە بـە سـواری بـای پەڵـە هاتـووم و ڕاناکـەم خەونـی هەمـوو دنیـام بینیـوە و لـە چارەنـووس بـۆی دەگەڕێم بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ نـاوی خـودا و خـۆر بمێنمـەوە ئەسـتێرە کـە دەڕژێ دێـت چـاوی مـن مـاچ دەکات و دەسـت بەسـەری زەوی دادەهێنێـت هەسـت دەکات مـن خاوەنـی زەویـم و نەخشـەیم بـە هێڵـی خـۆر کێشـاوە جەسـتەیەک لـە نێـوان تاجەگوڵینـە قۆزاخـەدا خەریکـە گیانـی دێتەبـەر بـە وشـەی گیانهاتنەبـەر پێشـوازی لێدەکـەم دڵـم بـە میوانێـک خۆشـە بـە لاڕێ ڕێ نـاکات و وەک دواییـن بەخشـندە لـە زایەڵەیەکـی دووردا شـتێک دەڵـێ ئاشـنای درەختـی زانیـن

ئەیلوولی ٢٠١٨ هەولێر

# سەرەتا وشە بوو

## ١٩٦٥/١١/١٨

خودا لە کانی دەستی خۆی
تێر ئاوی کردم و گەنم لە ڕوخسارم ڕوا
گیای نەمریی فریوێک بوو ئێمە خواردمان

❊ ❊ ❊

ساڵەکان ئازاری درێژخایەن و لە گیان  دەرنەچوون
گۆرانی نیوە گوتراویشن
دیوانەکەم لەلایەک دادەنێم و داوا لە خودا دەکەم
ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات
لە ڕۆژی لەدایکبوونم کۆچ و باربم
دارەبازەی بۆنخۆشیشم بەرز بکرێتەوە ناو ڕووناکییەکی بەهێز
ئەفسوونێک خەمڵیوە و میوە کۆ دەکەمەوە
لاباڵێکی مێش لە خۆشاویان نقووم دەکەم
دەستم بە سینگەوە گرت و هەڵم بڕی و هەڵم دا
هەواڵی بای جەنگی ناو چیاکانم پرسی
بۆنی پیس و ناقۆڵای لوولەی تفەنگم بۆ هات
خۆشی لە خۆم
ڕازی کەروێشکێکم نەشکاندووە

مێشێکیشم لەکەدار نەکردووە
قاچێکم لە ڕۆخی کەوتنەخوارەوە داکەوتووە
ئەنگوستیلەی حیکمەتیش
لە پەنجەم بەخەبەرە و دەڵێت
ئەم شەو بەیان زوو دێ و زیاتر لە جارێک بسووتێ
دەڵێی یەکەم جارە ژیان چەترم لەسەر هەڵدەدا
دنیا سەرەتایە و ساڵانیش پێڕەوکەن
شیعرزادەیەکی بە خانەی خودا ڕەنگاوڕەنگ بووم
بەناو خەڵکدا تێپەڕیم و لە خۆشییان پێ کژیم
ویستم دوا وشەیان لێ وەرگرم و دوا وشەشم ببیستن
ڕوخسار گرمۆڵە ببوون
مردنیش بەردەوام ڕووی دەدا
بیرم لە ئاسمانی بە بازی ئەفسانەیی کردبووەوە و هاتبووم
گوللەی گیربوو لە زمانیان دەربهێنم
کوورەی ئەتۆمیش
وەک دەمی گڕکانێکی دامرکاو دابخەم
تەم ڕێگای گەمارۆ دابوو
نارنجێک بووم
باران لە دار بەری دامەوە ناو چاڵی گوللەیەک
ورچێکی عۆل و حەپۆل دەمخوا

چەشنی نوێژ لەدایکبووم و نوێژی ئەستێران چاوانی خەڵک
تاریکن
شەقام بریسکەدارن و تاریکایی جیهانیشم لەپێشە
پێویستە من ئارام بم
شیعر ئەندازەی ئازاری زەوی و بیرەوەری شوێنپێکان
کردوومت بە خوێنی پشتی خۆت
لە گۆڕستانی شادمانی ئاوێتەی خاکم کە
پێشەکیم بۆ کتێبی خوداوەندان و چەشنی نوێژ لەدایکبوون
درەختی بنەماڵەی شیعری خانەدان
بە ژوور سەرمەوە شەرحی حاڵە
لە پەلکی یەکەمدا
کە تەختەڕەشی ڕەوانبێژییە بنووسن ئاوێنە گەورەکە
لە پەلکی دووەمیشدا پەیکەری سەرکردە
دەڵێی یەکەم جارمە چاو بەرز دەکەمەوە ناو ڕووناکییەکی بەهێز
لە ئەستێرەیەکی نزیک ورد دەبمەوە
بێپەروایی هاتوچوونی بڵاچە
ئەو کاتە نەرمەی ماوە بۆ سبەینێ
هەڵقوڵانی ناخێک کوشتیان خانەدان و وریابوو نەمرد
بیرکردنەوە لەو ئازایانەی دەبنە سرووشی
دەمەزەردکردنەوەی شمشێر
لە یەکەم ئومێددا گەشە دەکەن

لە دوا ئومێدیش دەمێننەوە
بەم شێوەیە لە لەشێکدا ڕەنگ و ڕووم کرایەوە
زەوی بە هێمای پەنجە گەرم بوو
ڕەش و سپی ڕەنگی تەواون و لە چاڵی گوللەیەک
ڕستی بینینیان تێک پەڕی
مەترسیی دڕندەی تاهەتاییان تێپەڕاند
شیعر کردنی بە یەکەم ئومێد
ئومێدی دووەمیش هێشتان ڕوخساری پیشان نەداوین
پاراو و ئاشکرا لە خوێنمدا
هەناسەیان لەسەرخۆ خواردەوە
ئەوەیان بینی کە دەیانەوێ

* * *

مانگم خاو هەڵنەهاتووە
ڕووناکییەکی مایەوەی ناو قۆزاخە
دەستێکی لە برینم دا
کۆمەڵێک دەستنووسی تەواونەکراوی دامێ
بە تاسەوە ڕاما و فەرموو تەواویان بکە
لە ساکاریی توانیم بەم جۆرە بژیم
باران بەر لە بارینی
کۆپلەیەکی لە دەستنووسەکەی پێیداهاتبوومەوە
هەڵبژارد بۆ هەڵەچنی

له ماتەمی بلیمەتان بگەڕێوە
خانەی شاکاری خودا ڕژاوەتە خانەکانتەوە
خوێنت بەرەو سووربوون دەڕوا و ڕاڕایی پاک دەکاتەوە
دەشزانم لەناو چاڵی گوللەدا دەبێ قەڵەمکێشی
خاڵی سەر ڕوومەتی هەوری ڕێبوار و دیوانسەرا بکێشم
بەو گۆزەیەش بگەم کە سکاڵای لە جام دەکرد
گای ورووژاو بە نووکە قۆچێک تووڕی دابووە لاڕێ

❊ ❊ ❊

ڕۆشنی خودا هاتە بەرچاوم
وەک پێویست ١٩٦٤/٦/٢٠م بۆ نەناسرا
ئاوێناو بوو
لە ئەسپی ژیان دایبەزاندم

❊ ❊ ❊

بۆنی هێلکەی ڕووخۆشی ناو هێلانە
دەکەم و ختووکەی ترووکانی دەدەم
باڵندە لە واتا ڕووت نابێتەوە و دەکەوێتە باڵەپڕژێ
سوپاس بۆ خودا کەروێشک گۆشتخۆر نەبوو
ئەگەر پەنجەم لەسەر کاغەز
ڕاوی لە گۆمی لێڵ کرد
لێ دەگەڕێم مشکی دز بیخوا
چاوەڕوانی و بێزارییم کەمتر دەبن

دەشمەوێ ئەو خەونانەی تێیاندا خەبەرم نەبووەتەوە
زوو بیانگرم چارەنووسم تەواو دەکەن
نەوەک سەریان لەبن باڵی شکاوی
نائومێدیی بنێن و لە دەستم دەرچن
چارەنووسم تەواو نەکەن

❊ ❊ ❊

ئەو گۆزەیەی چاوەڕوانیم لەناوی دەپشکوێ
لەسەر پشتی ئەسپی لانک لە بۆسە ڕزگارکردوو دانا
سروودی مەستان لە حاڵیان پرسیم
پێم لە عارد خشاند و لە میانەی دوو خەون
بووم بە ڕووەکخۆر
باڵندەش بەهەوام پەڕوباڵیان گرت
وێنەی منن ڕژاونەتە باخچە گشتییەکان
بە سینگی ئارامەوە هەناسە دەخۆنەوە
لە ڕووداوی لەدایکبوونم ڕازیم
شار نزیک بووەوە و درەخت بەناو باراندا هاتە لام

❊ ❊ ❊

خودا لە کانی دەستی خۆی
تێر ئاوی کردم و گەنم لە ڕوخسارم ڕوا
گیای نەمریی فریوێک بوو ئێمە خواردمان

❊ ❊ ❊

شیعرم گوڵەستێرەی خوداوەندن و شەڕی ئەفسانانی داگیرساندەوە
ژیانی لەوە باشتر ناژین
داواشم لە خاڵبەندی کردووە واز لە ڕاوەدوونانی ڕستە بێنێت
ئێستا هەر ئەوەندەم لەسەرە
لە نائومێدی نەترسم و بشزانم هەوێنی ئاسوودەیی نامەیێت

* * *

لەناو گەرمەی خەونێکدا ئەو ڕازەم دەستنیشان کرد
گۆڕستانی شادمانیم لە گوندەکەمە
گوندی بچووکی خودا و خوداوەندان
ڕوخسارە لە یادکراوەکان و باڵندە تێیدا بەخەبەردێن
دار قەڵەمتۆز تەواو دەنگی منن
وەک برووسکە و دڵنیایی نیشتەجێبوون زیندوون
وەرن کلیلی دەرگای باخێکی گەردوونیم
لێ وەرگرن گلۆپی تێدا دەپشکوێ
دنیا تۆ ناتوانی تێ بگەی جارێ زۆر منداڵی
چەک و
گرەو و
فەنەر و

پەڕەمووچ دادەنێم و وچانێک
شتێکی سادە ڕوودەدا
ون دەبم و شوێنەکەم پێ نازانن
ژیان دەپارێزم و سەیری ئەو دەستانە دەکەم
کە گوشیومن بۆ تەوقە و دوا دەنگ و دوا بانگکردن
لە گۆڕەکەشمەوە لەخۆم دەڕوانم
بوومەتە گۆی زەوی بە چواردەوری هەمووواندا گڕدەخۆم
ڕەنگ و تاج و ئەڵماسی سەرچاوەیەکی بەجۆشن
مانگ دەبینم دەژی
ئەسپی کێوی بە لالێوێکەوە سڵاوێک دەکا و یەکەم گزنگ
دەخاتە سەرپشتی و دێتە سەرەتای ڕێگا
دەپرسێ خودا
ئاسمانی بۆ باڵندەی خۆشبێژ یان فڕۆکەی بۆردوومان
ڕۆشن کردووە
شیعریش نقێمی ئەنگوستیلە دەکاتە
بیرەوەرییەکی بەهێز و
خرمەی پێی ئەسپ و
میلی کراوەی ڕادیۆ و
ساوای نووساو بەسینگەوە
هەنگاوی ورچی عۆل و حەپۆلی پێ تێک دەدا

**تشرینی دووەمی ٢٠١٨ هەولێر**

# ئەم دنیا و ئەو دنیا بەدەر لەم دنیایە

بلێی جارێکی تر خۆمان لە خۆمان ڕابمێنین
ژیان درێژببێتەوە و گەروو بکرێنەوە
تاریکی ژێر پێڵووش خاوببێتەوە و بکەوێ
بەئومێد دابنیشین و دوور و نزیک دەنگمان بگاتە گوێ
ئەمە دوودڵی ئەم پیاوەیە لەپێش گوڵ و ئاوێنە وەستاوە
دڵی ناکەوێتەجێ و بەم لا و ئەولای پەراسووی دەکەوێت

❋ ❋ ❋

هەڵم تاودەدەم بەرەو ئاسمان
با بباریێ
بەڵا لادەدا و وێنەی ناو کاتی مردوو
دەکاتەوە بە هەنگ
بۆ بەهێزکردنی شیلە دەیانڕژێنێتە کۆڵانە ڕووپێوە نەماوەکانی شار
شارێک بە شەڕ داخبوو لە بیرەوەریدا خوێنی ناو برینی دەردەکەوێ
کاتژمێریش دەبەمە دواوە
ڕوخساری نوێژکەرێک گەڕایەوە ناو یەکەم گزنگ
شان و ملی دایکی تامەزرۆیی و پەرۆشی شێلا
لە شێوەی شیر هەوێن بوو

خوێنی ناو برینی ناسی و تفەنگی بەئاگای درادەست
نەبووە
وێنەی ناقۆلا و
پەلەی هەڵبزرکاو و
زەینی پووکاوە و
گۆڕەپانی خەواڵوو
ئاگر لەسەر دەموچاوم یاری دەکا
لە نزیک ڕێگایەک دانیشتووم و هێز دەخەمەوە ئەژنۆم
ڕۆژ نیوەچاوێک سپێدە بدات
بە ڕوونییەکی تەواو ڕوون دەچمە ناو شار
ڕووەکی مرواری دۆزەرەوە
ڕەگی دەهێنێتە ناو دەستی و گەلایانی ناکەون
دەشتاییەک کە خاوەنی کلیلەکانی دنیایە
ڕوخساری گەرمی باپیرانی هەواڵ کوژراویش
دەرگای شار کلیل و قوفڵی نەکەوتووە
لە سێبەری کلکی ئەژدیها دانراوە
هاتوچوو تێیدا دەستی بە تاج
بۆ سەری کەس درێژ ناکات
جگە لە نەریت و ڕێورەسمی پشیلە
نامۆ و ناکام لەبەر ئاگری حەوت ماڵان
بەچکەی چاونەپشکوتووی گەرم دەکاتەوە

*        *        *

کتوپڕ هاوارێک لە زەوی هەستا
شمشێر لە کەرکووک گڵۆپ و مۆمی کوژاندنەوە
بەترپەی دڵ دڵی ڕێگا لێی دا

*        *        *

مۆسیقای پێی ئاشنا نابیسترێ
ئاوی شار لێڵ و گرانە
بەڕۆژوو ناتوانێ بیخواتەوە
شیعر و نوێژی هاوڕێ ئەلف و بێیەکەم
دوا ڕکات لە بەرەبەیاندا ناسینە لە چاوێکی گەرمدا
ئاسۆی تێدا سووردەبێت و دەبێتە هێلانەی قەتێ
یان شکۆی ئاهەنگێکە
دڵی بۆمان دەکاتەوە و لالەی دەستی خوماران دەهێنێتە ناومان
دەستێک دەبێتە هەڵگری
هەموو ناو و میوەی درەختە بە تەمەنەکان
بە دەشتاییەکی تابڵێی ڕوون و پڕ فەرموو ڕادەکا
هەناسەیەک وەردەگرێ
چاوی بەرزدەکاتەوە و دەبینێ سوارێک
نهێنی ڕاگرتووە و بۆ لای دێ
بێپەروایی چووەتە ڕەگیەوە و لەناو گەشەی دەژی

ئێمەین بە دەورییەوە گەرمایی گیانین
هێز دەخاتەوە ئەژنۆی و دێتەوە شار
پەیکەری ناوداران کەسمان ناناسنەوە
دەپرسن ئێوە پشتێنی کام پشتن
پێش بەرزکردنەوەی دەستی دوا ماڵئاواییيان
سەرتاساو برینیان پاراو نەکراون
خۆیان لەبیرچووەتەوە و تەماشای باڵندەیەک دەکەن
بەسەر هێلکەی بەسەرچوودا کڕکەوتووە
ناوچەوانی درەوشاوەی دەبێتە دەشتاییيەک کە
خاوەنی کلیلەکانی دنیایە
باڵندەیەکی هاوەڵ خراپ دێتەوە ناوی و سەرگەردان نامێنێتەوە
لە گەرمایی باڵیدا
بۆنی خۆشی قەڵەمتۆز و
گوڵدانی زەماوەند و
لەخەو هەستانی دوای هەڵگرتنەوەی گەزۆی خەون و
ڕۆژی هەستانەوە دڵیان بۆمان دەکەنەوە
دژی باڵ و فڕین و ئاسمانی ڕوون شەڕ ڕاناگەیەنین
فڕین سێبەرە بەسەر ڕێیانەوە و ئاواتت دەدا
باخی میوە لە بەیانییەوە چاوەڕوانە ببینرێ و هێڵ ڕوونتربن
بە تەنیا دەنکە هێلێک بشکێنە ناو

چاپەست و ئاگری سرتە و نینۆک کرۆژتنێکی کۆن خۆش کە
بە سەد هەزار زمان قسە دەکات
بابەگوڕگوڕ دایکی دووگیان بە نۆبەرە
پەنجەمۆری لەدایکبوونی هەڵبزڕکا
شەرابێکی بە تێکشکاوی خەوتوو
ئەسپی خولیا باڵی یەکپارچە بریسکەیە و بەئاگای دێنێ
دەیخاتە دڵی هەموو خاوەن پرسەیەک
دەرکەوتن دێت و دەبێتە خاوەنی ئاگری پاگژکراوە
ئومێد لە هێڵی ئەم پەڕ و ئەوپەڕت دەڕژێنە
ناویەک و لە بۆنی گوڵ ناترسی
مشتێک گەنم لەبن کووپەی ماڵ دەچێنیت
زانیت چی لە بیرخۆت ببەیتەوە
چیش بەبیر خۆت بهێنیتەوە
دوورییەک وەک سادەیی گوێت لێ دەگرێ
لەناو چاوترووکان وەرت دەگرێ و دەتباتە ماڵێک
بەختەوەری تێدا نوستوون و تەزووڕێژێک لە ڕاسپاردە
ڕژاوەتە ئەو سندووقەی ناڵە و لاوانەوەی دایکانی پاراستووە
جانتاکەت لە شانت داگرە و کەلوپەلی پێویست جیابکەرەوە
دوودڵ بەسەر پرددا مەوەستە
تکا دەکەم پەلە بکە کاتژمێر بخوێنەوە و بپەڕەوە
کیژانمان کەزییان بە ئالای

بە سێبەر و هەتاوی تۆوە دەنووسێنن
لە ئاواز و یەکەم تەزووی درەوشانەوەدا نقوومن
کەوان دەشکێن و تیر دەکەونە خوارێ
فەرمانێک لە باڵدا دەنگ هەڵدێنێ
لەقلەق لە هەولێر هەڵفڕە
دڵەڕاوکێت هەرگیز دوایی نایەت
زێد ناوکی سێوێکە میوەی تر هەوێن دەکا
وەک منداڵ گەورە دەبێ و چیاش
لانەی کەروێشکی گۆشتنە
دیواری ڕەش نییە
کاتێک خەریکین تەماشا دەکەین
مردن بەلاماندا تێپەڕیبوو
مانگیش لەسەر کانیی پەیام و ئیلهام خەوتووە
ڕوخساری جەربەزەیەکە لەسەر پەرداخی پڕی بەرزکراوە
دێتە دەنگ
دەیەوێ هەموو ئەوانە ببینێ بەر لەو مردوون
دەنگیان لە خاکی یەزدان و گۆرانی دێرین ماوەتەوە

* * *

گفتوگۆیەک سەبارەت گۆڕەپانێکی شەرم تکاو
یان ڕستەیەکی تەواونەکراو
شمشێر لە کەرکووک گلۆپ و مۆمی کوژاندنەوە

بەترپەی دڵ دڵی ڕێگا لێی دا

*　　*　　*

نەوای مۆزەخانە و شەمێ و مۆمی
ڕسکان لە گوڵەئەستێرەی هەمووان و
مەند و کەمدووی خەمڵین و
هۆگری ئەزەلی و
تاجی ڕەنگ و شێوە گرتوو
کاتی هاتووە
دەشتاییەک کە خاوەنی کلیلەکانی دنیایە
لە خۆی دڵنیابێ و وشە بە وشە
سەروەریی پەروەردە بکا و کۆیلان بکڕێتەوە
لەو ڕێیەدا هەموویان دەناسم
چیا بە هەڵدێر کۆتایی نایە
تفەنگی دووربیندار تانەی لەسەر چاوە
ئاوازی تایبەتی نییە
ئەسپی خولیا سواری گەیاند و زەوی فراوانتر بوو
دەنگیان لە خاکی یەزدان و گۆرانی دێرین مایەوە

**کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ هەولێر**

# ڕێژەن

ئاشنای هەموو پیتەکانی هێمای چاوبووم
دڵم گەلێک ئارامە و هەستم کەوتوونەتە خەونبینین
مانگیش پەنای نەگرتووە
پشوویەک بە ئەسپەکەم دەدەم و ئەو شادییە دەدرەوشێنمەوە
فرمێسکی بەتاسە گەیشتن بە ڕوومەتمەوە ببینن
بەهیوام ڕۆژێک لە زەنگ و دەفی فرمێسکمدا
من لەخودا و خودا لەمندا شەڕ بکەین
قەڵغانی بەرگری بشکێ و یەک یەکمان شەهید بکەین
باوەشێنە حەسیرەکەم لەسەر بەردێکی بەهرەمەند دادەنێم
گۆزەیەک شەرابی قەرد وەردەگرمەوە
دەستنوێژ دەشۆم و ڕۆژووی پێ دەشکێنم
خەیاڵم بۆ هەموو شوێنێک دەڕوا
لە هەموو شوێنێکیش دێتەوە
ئاهەنگ بۆ ئەو خونچانە دەگێڕم
بەهار پشکووتنی دواخستوون
هێزی پشکووتنیش میوانی وەختە
پرسیارێکم لەبەردەم باڵندەیەکی مەلەوان
یادەوەری لەدەست نەداوە
جارێکی تر دەردەکەوم و بەرهەوا دەکەومەوە

بەناو بێ پەروایی و دڵسۆزییەک کە هەمە تێدەپەڕم و دەچمە ئەنوای
تا هەست بە ئاوێنەی بەرانبەر بکەم
ئەمیش بەناو مندا دێتەوە و دیاریی دەگەیەنێ
شەو و ڕۆژ لە چرکەی ماندوویان بەدی هاتوون و بەدەستی دەهێنین
چاوەڕوانییەکی زۆری ویست تا مرۆڤ هاتە ناو ئاوێنە
بە دەستی بە نێرگز و دەمی بۆنخۆشەوە لەگەڵی دوام
دەرگا کردنەوە ئاوازی تایبەتی هەیە

**ئاداری ٢٠١٩ هەولێر**

# خودا

ڕێبوارێکی خومار و بەختیارم لە شەقامی تۆدا
خۆر لەسەر ناوچەوانم ماوەتەوە
هەزار جیهانی تێدا درەوشاوەیە
هەزاریش شاراوە
هەموو خواستێکی خۆم لەبیرکردووە
تەنیا بیر لە ئەستێرەی گوێڕایەڵی تۆ دەکەمەوە
لە زاتتدا بوێر دەژیم و مۆسیقای تاسەم لێ دەتکێت
مەیەکم ناسی و خواردمەوە
واتای تاهەتایی دامێ
تاهەتایی تەواوی ئەو شوێنەیە سەرخۆشیی خۆری لێ دەژی
نەناسراوم پێ دەناسێنێ و خۆم تێدا زیندوو دەکاتەوە
ڕیزێک مۆم لەسەر سینی ماڵ دادەگیرسێت
سێبووری وزەی خوراوەی داینەوە و برژانگی هەڵداینەوە
چاو لە فڕینبووین شتێک ڕوو بدا
لەجیاتی هەموومان جوانی و وەرزی بەخشینی دانەوێڵەی پشکوواند

**ئاداری ۲۰۱۹ هەولێر**

# خاوەن ناوی زۆر

بەفرباری و شاری یادەکان سڕبوو
گریانێک گریام گیان بە قسە هات
منیش ئاشقی جوانی نەناسراوم و لەخۆمدا باڵ و فڕین و
ئاسمانم
باڵندەیەکی سەمازان ناو بە گوێی ئاسمانی هەوا خۆش بۆ
فڕین دەچرپێنێ
بادەی داوای لەسەر سەکۆ ڕژاندم
ئەو ئاوازە خوداییيەی
لە زیندوویی و خورپەم لێوڕێژە
کەمێکی بدەمێ و دوا گۆرانی خۆشم باش بڵێم
شەوە و دایکی ئاڵ
پشدێنی سووری هەڕەشە و شەڕ کەمەری توند کردوون
جەنگاوەری مەیدانی بەتاڵیشن
منی ترووسکەی گەرمی تاجەگوڵینەی خودای تازە
مەست بە بۆنی خۆڵی باڵندە چینە تێداکردوو
سەیوانم هەڵداوە و دەستم بەسەر ئەو قۆرتانەوەیە
لافاو لە جەستەی زیندوویی و خورپەی هەڵکەندوون
دوور و دابڕاو یەکترمان تێدا دۆزییەوە و چاومان چووەناو
ڕووناکی

که تاسه بەری دام ویستم چاویان ماچ بکەم ڕۆیشتبوون
زیندەوەرێکی خشۆک
لە پەنا قومەتە خۆڵێک
تەماشای کردم و بە دوژمنی زانیم
باڵندە لەناو لکوپۆپی ڕەش
بە باڵی ئاگر خۆی هەڵدا و دڵی سپاردە جوانی نەناسراو
تیشکێک لە جوانی نەناسراو دەرچوو بانگی کردم
چڵاوچڵ چاو بە درەختی بنەماڵە بگێڕە
بچۆرە ناو خۆڵی باڵندە چینە تێداکردوو
پاروو لە گەرووی منداڵ گیرنابێ
شار بەفری لەسەر شانە
ژیان شەرابێکی خەملێوە
نمە نمە دەتکێ و ناوچەوان گەرم دەکا
ئەو کاتە کورتەی نێوان
نمە و تکانم هەڵبژاردووە تێیدا نامەی ناو پۆستە بم بگەم

**ئاداری ٢٠١٩ هەولێر**

# دووری و نزیکی

جریوە و جووکەم لە ڕازێکی کۆن مابووەوە و خودا ڕازی ناسی
بە چاوی سواری سەر پشتی ئەسپیش خەواندمی
دووریی نێوان لێکحاڵیبوون و تاریکایی جیایی
کووپێک مەی هۆگری و چلچرای یاد و ساتی خۆرەتاو
ڕۆح سەرلەبەر ئاوازە
دڵیش دەفی یەکەمین لێدانی خۆی لێ دا
وێنەی نیگەرانییەکی ماتم کێشا
ڕووناکی ڕێگایەک کە دەمگەیەنێ هات
دووری و نزیکی هاتن
بێدەنگی شکا و دەمودوویان کرد
گوتنی گۆرانیی خاویان بە من سپارد
بە شێنەیی پێی خۆیان لەسەر خاک گەرم کرد
ئەفسوونی حەفت ڕەنگیان ون نەبوو
تووتی جەنگەڵیش نزیک بوونەتەوە تەنیا تیرهاوێژێکیان ماوە
بای دەم بە لوورە لووریش دەڵێ
سروشت کەمی هی ئێوەیە
میوانێک لە دەرگا دەدا
ئێستا تەمە نابینم
پاشتر چاوی پێغەمبەرم دەبن لە بینین حاڵی دەبم

**ئاداری ٢٠١٩ هەولێر**

# دەفتەری گەورەی بە  پەنهان گەیشتن

بای چاوسووربوو زەوی بریندار دەکات
هێلکەش لە هێلانەی خۆشنوود دەترووکێ
باڵندە لە هەوای پاراودا باڵی تەواو دەکاتەوە
بۆنی خۆشی خودا چاوی گەورە دەکات
گوللەش لە گەردەلوولی تەمدا ڕووەو ناپاکی دەڕوا
زەوی بریندار چاوەڕوانی قوربانییەکانیەتی
گوللەی ناپاکیش ڕێوڕەسمی چاوەڕوانی نازانێت
چی چلچرا لە ناوچەوانی کۆشک هەڵواسراوە فریودەرە
چاو دادەخەم گوڵ و خەون دەسووتێن
چاوی ڕوونی پێغەمبەر لەخەو کرایەوە
نەرم و سووک پەنجەی بە پێڵوومدا هێنا
چاوی گوڵەبەڕۆژەی لە چاومدا چاند
بە هەموو دەنگێک لەگەڵم دوا
شاعیرێکی شەهید بەسەر زینی ئەسپەکەیەوە دێتەوە
دەڵێت خوێنم بۆ کۆکردنەوەی پەراوێزان بەکاربهێنن
حیکمەتی بەکارهێنان هەزار و یەک جەزبەی هەیە
یەکەمینیان نزا و نوێژی پاراوە
بۆ دیدار و بۆنی خۆشی خودا و نهێنی خۆبەختکردن
تا زووە کەشتیم دەخەمە ئاوەوە

وەک نائومێدی بەپەلە دەگەمە قووڵایی
قووڵایی لەگەڵ تێگەیشتن لە
سەرچاوەی هاوار و
ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و
پەنجەمۆر و
بە پەنهان گەیشتن بەرانبەرە

**نیسانی ٢٠١٩ هەولێر**

# لە کانی لێڵ هەڵقوڵابوو

بە کراسێکی سووف و چاوی خومارەوە
لە جەستە و گیانی خۆمدا
پشووم دا و سەنگەرم گرت
پەڵەی بۆ گڵۆپی داگیرساو هاویشت
زمانی سێ فاق و بەرەڵڵا و گەند و بوختانزادەی لەسەر
کتێبی چاوترساوی دانا
لە کتێبخانەی لەیادچووواندا
لە هەواڵەکە بپرسن و زمانی بدەنە بەر پەڵەی ساڵ ئاسمان
ڕادەوەشێنێ
کەسێک لە بیرەوەریی سەرپەڕ مابێتەوە
لە گۆرانییە سەرچاوەکانیش ئاواز بێت
ئاوازێک هەناسەدانەوە لێیەوە دووبارە دەبێتەوە
بە گوڵاوی نیگای ئەو کاتانەی تێیاندا ژیاوە
بەهرەی بە شاخی کەڵەکێویی وەبکات
پیت لە حیکمەتی ناوی ئەو
پاراوتر نییە بۆ ئەو ناوانەی خودا فێری ئادەمی کرد
دەبینین لە ڕاوی دووپشککوژی دێتەوە
دەچێت ژێر کووپەی غەزەل دەڕشێنێ
لە مەیخانەی خامۆشان مێزێکی تاکییم خەملاندووە
پیاڵە ئەی ئاگری گەورەی ڕێبواری ڕوخسار بەهێز

بەسەر پشتی ئەسپەوەم و لە دڵەوە دەمناسی
بۆ پڕ نابی
تکایە دڵڕاگریم بکە
تا سەرڕێژ نەبی و لێت نەڕژێ ناتخۆمەوە

*　*　*

بیانوو ناهێنمەوە
چوومە کێڵگەی گۆڤارێک و هەستم تێپەڕاند
ئاماژەدار زمان و قوونی پڕ نەخۆشی تای ساردبوو
شیعر بە تەزووی بەهەشت سڵاوم لێ کردی
لێم دوورمەکەوە و ڕاموەشێنە
گوڵەگەنم و جۆم زیاتر بوەرێتە ناو سەبەتەی لە چراوە هاتوو
ئەم چیرۆکە دەوڵەمەندە
تەماشای ناوچەوانی ئەسپی مەیدانخوازی دەکات
بە دەنگێکی بە خورپەوە خۆی دەگێڕێتەوە

*　*　*

تاوانبارم و بەختم نەدۆزییەوە
قوونئاودز داوای سەتڵێکی کرد نەمرشتێ و قوونیم نەکوتا
چووم لە ڕووناکترین بورجی شکۆ
لە فەڕی شیعردا بیرم کردەوە و ئەو چاوانەم ماچ کرد
بۆ ئەستێرەی هەزارپەڕ پاراوببوون

*　*　*

هەموویان هەتاوی پڕی سەر شووشەی کتێبخانە دەناسن

تەنیا لەگەڵ دڵی خۆم دانیشتووم و زۆر بیردەکەمەوە
شیعر ژیانی پڕ برا و خوشکی
ڕۆحسووک و بەهانەی سووتان کردووم
بینیم و ناوی نام ئەو نوێژەی خودا فێری ئادەمی کرد
ڕوخساری لەبیرناکەم
مانگ لە ڕوخساری لەبیرنەکراوان
پشکووتووە و پەڕۆی نەزری بەستووە
من پیاوێکم لە نێوان ئەستێرانی ئاسمان
سەرەتای وشەم
ڕووناکی پەیدابوو
ڕێبوار لە ڕێیان لە تاریکیدا نامێننەوە

**نیسانی ٢٠١٩ هەولێر**

# هاواری یەکەم جەنگ و باڵندە

لە هەموو جەنگەکاندا جەنگام و لە ناوی سەرکەوتووی
تۆم پرسی
گەیشتمە خرۆشان و مۆسیقای درەختی بە
گەڵا و
هێلانە و
هێلکەی تروووکاو و
بەچکەی شاگەشکە بە دەنگی دایک و باوکیان
ناشمەوێ ناوی پاشایان بزانم
وەڵامدەر خاوەنی هیچ زمانێک نەبوو
شکۆی چاوەڕوانی بۆ ڕژاندم
تکایە بەردەوام بە بچۆرە ناو سەمای خوداوەندان
لە ماندووبوونی خۆم نزیک بوومەوە
بێهاوتایی هەموو ڕۆژێک لەدایک نابێت
نازانم چارۆگە هاوڕێی بایە یان
بەگژیدا دەچێتەوە و قسە لە شەپۆلی خەواڵوو وەردەگرێت
وریابە ئەی پرسیارکار
قەقنەس قەتاوقەت لەوە بە گومان نییە باڵی بەرزی ناکاتەوە
باڵندە لەئاسماندا خاچی بە دەنووکەوەیە
هێلانەی زەینی لەناو ڕووەکی ڕوون  پێدا دەنێ

زەین لە ئەختەبووتی مەزەندە شەرم ناکات
نامەردان سڕ و داماو دەبێ پەڵەی زمان و چڵکی چاویان لادەن
ئاویش لە حەوز و گۆزەیان وشکی کردووە

**ئایاری ۲۰۱۹ هەولێر**

# فەهرەستی خوان

گۆرانیبێژان هەمووتان گۆرانییەکانتان بخۆنەوە
برسییەتی سروودی خۆی هەڵداوەتە ئاسمان
خەریکە بە ڕوخسارێکی
لە برووسکە و پێستی کازیوەییەوە دادەبەزێتە سەر خوان
لەسەر خوان ڕۆژ لەکاتی خۆی زووتر ئاوادەبێت
چاودێرێکی ویژدان داچۆڕاو
چاودێریی خوانی هەژارانی بێنەوا دەکات
کۆمەڵێک باڵندە تەرمی لێوبەبارێکیان
لەسەر باڵیان ڕاگرتووە
دەیهێننە سەر
خوان و
سەکۆی نوێژ و
ساتی ڕوون و
فەهرەستی نوێ
پەڕیان لەدەست و پەنجەی دەدەن و نوێژی مردوو دەکەن
خونچەیەک چاوی دەپشکوێت و دەڵێت
ئەم دەموچاوە دەناسم

ڕەگی لەسەر خوانی خوێنراوە و نووسراوم
گەیاندە خۆڵ و ئاو و گەشەی دووپات کردەوە
ئەو شتانەی ئاشکراکرد کە زیندووان بینیبوویان
فرۆشیارێکی ڕووترش پاسەوانیی دەکات
بۆسە دادەنێتەوە و باوێشکیش دەدا
تەرمی سەرخوانەکە زەنگی لێ دا
گۆرانیبێژان هەمووتان گۆرانییەکانتان بخۆنەوە
سردووی برسییەتی وا دابەزییە سەر تەرم
سوپاس بۆ بۆنی فەریکەگەنمی چیای ناوچەوان لە گڕوگاڵ
ڕێگای خەوزڕاوی ناو شاری کۆن دەهێنێتەوە سەر خوان و
سەکۆی نوێژ و
ساتی ڕوون و
فەهرەستی نوێ
پەنجەرە لە دیوار هەڵات
مادام خۆر نییە هۆیەکە دەزانم
دنیا بە تاریکی لەدایک دەبێت و زمان گەمارۆدەدرێ
لەمەوبەدوا چاوەڕوانی وزەی ئەفسانەیی تێدانییە
ڕێبوارانیش گران بەڕێگادا ڕادەبوورن

**ئایاری ٢٠١٩ هەولێر**

## ڕوخساری دایک هەموو شتێک ڕێک دەخا

شێرپەنجەی مرومۆچ شاری پێپەست کرد
سەری کێشایە ماڵی شاعیرێکی بەرەو شەپۆلان ڕۆیشتوو
بە چاوی هەڕەشەوە بزەیەکی شەڕانی نواند
ئێمە لەبەر ئاوێنەیەکی دڵخۆش و هیتەرێک دانیشتبووین
تەماشای یارییە بەهێزەکانمان دەکرد
باخی ئەلف و بێمان
پڕ چەک کرد و دەرگای پێناسەکردنمان لەسەر کردەوە
گیان لە کێڵگەی خێزاندا لە هاژە ناکەوێ
سێبەری وچان ئەمڕۆ دواکەوت
بەیانی دەردەکەوێ و گۆڕینی ڕەنگی ئاسمان دەلاوێنێتەوە
خاڵ و هێڵی ماڵ جانتای قوتابخانەی کەروێشکەکانی
ئامادەکرد و قوتووی قەڵەمڕەنگییەکانی سڕینەوە
منیش بەتاو و تینەوە چی کتێبە خوێندمەوە
نهێنیی سەنگەر و لای پەنجەرە وەستانم زانی
وردە ئاسنی بەرگیرەمان لە باڵی شێرپەنجە دا
سیسارکەکەچەڵمان خست
جووچکەکانم خۆیان ڕاوەشاند و سەریان دەرخست
شیری درووود و کتێب
لە ئاسۆی کراوە تکایە ناو کاسە و کەوچکمان
حەوشە و بانی ئەو ئاوێنە دڵخۆشە

تانوپۆیەکی چنراوە
بە کەوانی لانک و
ملوانکەی مێخەک و
بەروانکەی نەخشاو و
سوێند بە خوێنی یەک خواردن
کتێبی کراوە تێیدا ئەستێران دەهێنێتە ناوخۆی
سیسارکەکەچەڵی شێرپەنجەش پێی لە موو ئاڵا و کەوت
چاوم کردەوە و فرمێسکم بە تاسە و سادەیی سپارد
خەم بەهێزن و بێنەوایان بە فرمێسکم تەڕبوون
برینێک چاوی داپۆشیم و بوو بە مەودا
شەش کەروێشکی پەلوپۆ شل بوو
بە سێیەکی هێمنەوە هەناسەیان دەکێشا و هاتن
بەرەبەیانمان بینی
زەمبیلەیەک ڕیشۆڵەی بەندمان
لە دەرگاوانی قەفەس کڕی و هەڵمان دا
لە لەخاک نواڕینی ڕیشۆڵەی ئەستێرەی بەخت نزیک بووەوە
خەڵاتێکی گەورەیە دەورمان ڕووناک دەکاتەوە
چ ژیانێکم هەبوو
تەنیا ئاوێنەی دڵخۆش دەیزانی چ ژیانێکم هەبوو
لای پەنجەرەیەک وەستابووم
گوڵ و درەختی دەیانناسیم

**حوزەیرانی ٢٠١٩ هەولێر**

# له سەرەمەرگ بانگت دەکەم چاوانم داپپۆشیت

له قوتابخانه له هۆبەیەک
دەمانخوێند و له ئاوێکی تەنک و به بوار دەپەڕینەوه
دوای سی و یەک ساڵ تەلیسم و تاریکی شکا
له ساردترین شەودا ژمارەیەک
هاته سەر شاشەی مۆبایلەکەم و زمانی گەڕا
وەک لاویت ساکاری
ڕۆشنایی خودا دوورنییه
دەنگت خوداوەندییه بەناو شەپۆلی تاسه دەلاوێتەوه
بەختەوەریی  دۆزراوه و ئاخاوتنی جیهانی لێوه دێ
فەرموو گیانی من به
بەڕێزت کێی و دێمه دەرگا بۆ پێشوازیت
تۆ سەنگەری شەڕێکی هەزاربەهەزار و بکوژمی و هێزی دڵدانەوەش
هەموو شتێکت لەبارەوه دەزانم
پیاوێکی حەز له کراس و پانتۆڵ و پێڵاوی ڕەش ناکەیت
جلوبەرگی ساده و ماتیش لەبەردەکەی
لەتاو ژەنگی گەروو له گەڕەکی زۆربڵێ و هەواڵ ناخۆش
بەدەم خورپەی ڕۆشناییيەوه بارت کرد
ئەم ساته پەردەی شادیته
بەرز بەرز ڕای دەگریت و ڕێزی دەگری

بە درێژایی شەڕ تفەنگچییە قەڵپ و چرووک و فیتنەچییان
نەخشەی هێرشیان لەبەر شەوقی تفەنگەکانیان دەکێشا
ئەم شەوقە چییە
بەردەوام پێشوازییان لێ دەکات و باش دەنوون
هەنگاوە یەکەمەکان ئێوە لە کوێن
باڵندە بە باڵیان ڕووناکییان بۆ گواستوونەتەوە
بڕواننە باڵیان پەلوپۆتان بەهێزدەکا و گۆرانی ئاکامن
دوژمن فێری کردن چی پێویستە بیکەن
چاویان ساغە و لە ئاسمان خۆیان
لە بەرد و گوللە و کڵاو دەپارێزن
ئاژاوەی زەویشیان بژارکردووە
دەتوانن لەبەرپێ لای دەن و دەنگی ئومێد هەڵبڕن
بەرانبەر ئومێد ئاوێنە هەیە
ئومێد مانگی بێسەروشوێن دەهێنێتەوە حەوزی
حەوشە و ڕۆح ئاودەدا
لە ڕێگاشدا ڕێبوار دەگەڕێتەوە
گەڕانەوە جۆرێکە لە سێبووری
باڵت پێ دەگرێ و لە ئێستای پڕ گرێوگۆڵ لەگەڵ خۆتدا هەڵدەکەی

**حوزەیرانی ٢٠١٩ هەولێر**

# کاروانی ناوداران لادەدەن

بەڕێکەوت ویستیی ئاڵۆزی دارستانێکم
خاوکردەوە و چوومە ناوی
کێڵگەیەکی ڕووناک تێیدا نهێنی بوو
سپیندار دەستیان لەسەر سەری یەکتری
سێبەریشیان تێکەڵاوببوو
خوێنیان دەبەخشییە کەمخوێنان
لەسەر پەیژەیەک دانیشتم بەهەشت بوو
تووی ڕەشم لە ئاو هەڵدەهێنا
لەناو ژێرپیاڵەیەک دامدەنان
چاوەڕوان بووم دەستێک یان دەنووکێک لەگەڵمدا بیخوات
تاریکی بەسەر هەموو شتێک دادەباری
سەرزەمینی داگرت
باڵندە وێردخوێنەکەم بۆ دواجار
خۆی پیشان دا و چووەوە ناو هێلانەی
گۆشکردن و سەردەمی پەیوەندییەکان
ڕووناکیی خۆم ئەم شەو هی خۆمە
لێمی پرسی دەبم بە
شانەی ڕوونبووەوەی یاقووت
پەڕی شەستپەڕ لە خەونی نزیک گۆرانی دەڵێ
دڵنیایی ڕوخسار سرووشی لە چارەنووس وەرگرتووە

هەواڵی سادە سەرلەنوێ دەرکەوێتەوە
ڕووناکیی خۆت بەرزت دەکاتەوە سەر
سەکۆ و پەیژەی بێ وێنەی ماڵ
تاریکیت لەسەر لادەدا
باکان وەڕزت ناکەن
یادی کاروانی ناودارانت لا جێ دەهێڵن
بۆنی یاد لە پانایی حەوت کێو تێپەڕدەبێ و دێتە لات
کاروانسەرا بە چاوی خۆی دەتبینێ
لەپاڵیدا ئارام دەگریت
بەهەشت دەدۆزیتەوە و دەست دەکەیتەوە بە ژیان
جیهان نزیک نزیک دەبێتەوە
دەچیتەوە ناو دارستانێک
کێڵگەیەکی ڕووناک تێیدا
لەگەڵ ئێمە لە هەوایەک هەڵدەمژێ
بەشی ئێمەش دەژی و دەمی سەد یاد و بیرەوەری دەدوێ
چرا کرایەوە لەمەوبەدوا لە ئاوێنە ناڕوانم
چیم لێی ناوێ
کاروانی ناوداران گەیشت و دەستیان درێژکرد
هەموویانم ناسین
لەو خەونە ژیام کە دیبووم

**تەمموزی ٢٠١٩ هەولێر**

# ئەم شیعرە بخەنە سەر کێلم

ژیان لە خانوویەکی پەنجەرە بڵنددا
کە ماوەیەکی زۆر نییە دروستم کردووە
سبەینە و
نیوەڕۆ و
شەو و
نیوەشەو درەوشاوەیە
درەوشانەوەی تەواو ڕوخساری خودایە
ئاوازدار و ئەفسووناوییە ئەو وشەیەی کە ژیانە
بە هەنگاوی سووک بەڕێوەیە بۆ گەیشتن
ناکەوێت
هەنگوینە لە شانە ماوەتەوە
کە گەیشت چاوانی بە تاسەیەکی سەرسوڕهێنەر
لەسەر درەوشانەوە ڕادەگرێت
ئێمەی تێدا نیشان دەدا
کورت و سادە
ئەم چێژە دەناسین و دژایەتی ستەمکار دەکەین
ئادەم خەون خوڵقاندی
فەرمانی بە جەنگاوەران دا
شمشێر بناسن
لە ڕێگای چوونەماڵەوەم

ئەوەی ناسیبووم بۆ لەبیرکردن لە کەنار دامنا
ترپەیەکم دۆزییەوە لە هەموو دڵێک کێشی هۆگریی وەرگرتووە

**تەمووزی ٢٠١٩ هەولێر**

# هاوسەری بەهەشت

زەوی سییەکانی پاراون و هەناسە خۆش هەڵدەکێشێ
ژیانیش هەرچواردەوری ڕووگەنما و دووگوردی نوێژە
چاوم لەسەر هەست دەڕوانێ و قەت لە نوێژ بۆکردنی ماندوونابم
مادام سییەکانی زەوی پاراون
خودا و خوداوەند هێشتان ئومێدیان بە زەوی و مرۆڤ ماوە

* * *

پەنجەرە چاڵێکی شووم و مات نییە
ڕق برووسکی خۆی تێدا بهاوێت
پاش خۆر و با
خوداوەند لێی دێتەدەرێ و درووود دەنێرێ
پەنجاوچوار شوێنپێ لەسەر قوماشێکی سپیدا
چاوی سەرسامی دەترووکێنن
لەگەڵ بەرهەمی هەمەجۆری یەزدان
تەورات و
ئینجیل و
قورئان و
خاڵی بێدەنگییان دانیشتووم
هاواریش لە دەورم دەڕژێ

بووەتە ئاوێکی خۆڵەمێشی
بچمە ناوی هەموو نینۆکی دەست و پێم بەردەدەن
بەهێزێکی زۆریشەوە حەزی مەلە تا ئەوپەڕی دڵی پشکواندووم
بەڵێ تریفەی مانگ بزربوو
مووسا و
عیسا و
محەمەد
بە ئاوازێکی سەرەتایی
بەسەر شەقامی ناوداری شار
دەگەڕێن و بەئومێد سڵاو دەکەن و ئاهەنگگێڕن
ئەستێرەی خۆیانی پێ دەبەنە ناو نەخشی ئاڵا
تەواوی ژیانیان بردەوە
وەک ئەوەی لە وێرانە ساڵان لەدایک نەبووبن

* * *

بە ناوی دایک و باوکم گەرم دەبمەوە
وێنەیەکی بچووکیانم خستە مەدالیایەکی شووشەی ڕوونەوە
هێڵی ناو دەستیان دووبارە بووەوە
وەک دوو کەوانەی ڕووبەڕوو حیکمەتێکیان دەستنیشان کرد
دڵت هەڵبگرە و لە خۆت مەتۆرێ
ڕوونترین شێوازی باڵ لە شان ڕوانە

❊ ❊ ❊

بۆ مردووان گریاوم و زیندووانیش ماچ دەکەم

❊ ❊ ❊

چرایەکم بە ناوچەوانیماڵەکەمدا هەڵواسیوە
گەرمی و مەی شووشەکەیان سڕیوەتەوە و منداڵانم پرشەیین

❊ ❊ ❊

بەلاڕێدا ڕێم نەکردووە
ئەستێرە و کلیلی شووشەییم بەسەردا بەربووەتەوە
زەوی و ئاسمان بەسەریەکدا هاواریان نەکرد
لانەولان بوون

❊ ❊ ❊

دڵی هەزار پەڕی کێڵگە زۆر بەجەرگ و لەخۆبووردەیە
لەناویدا لەپێشوازیی دەوەستم و ڕەنگی خۆشیی دەناسم
برادەرانیشم کە میراتی ڕەسەنن بەرەو لام دێن
بیر لە زەوی دەکەمەوە
داوای لێبووردنیشی لێ دەکەم
بە پێی سووک و گران بەسەریدا چوومەتە سەنگەر و ژوان
چیم بینی سەرنجم دا
تا توانیم بانگی ناو خەونی سەرەتام کردن
کردمن بە بۆنێک لە گوڵی زمان
بزەیەکم بەسەر شوێنپێکان ڕشت

پشوویەکم دا و لە گەنجینەی قووڵایی و برووسکەی ئاسمان
مەلەم کرد
دنیام لێ ئاشکرابوو
دنیای ڕۆشن تکا دەکەم تاریک مەبە

❊ ❊ ❊

دنیا دوو مانگ لە من منداڵترە
شیری ڕووەکمان خوارد
بۆ هەبوونی هەموو ژیان لانەولان بووین
ئاسمان دوو خۆری نییە
چاو بە تەنیا دەمێنێتەوە

❊ ❊ ❊

بە زمانێک بۆ هەمیشە شاد دەمێنێتەوە
چرپەیەک دەکەم
لە ماوەی گۆڕەشارم تەواوی فریوی دەمامکەکان دەنووسم
چیشم بینی وەک ڕووناکی لە دەمم دەتکێ
چەپەڵان دەهێنمە پێش چاوی ڕوونمەوە
دوای دوو خولەک دەیانبەخشم
مانگ ئەو کاتەی خەمگینە
پڕە
وەختێکیش دەفڕێ باڵی ڕووناکی دەبەنە ماڵان

❊ ❊ ❊

خۆر هێلکەیترووکاند
کاتی دانپیانانە
تەپەی باڵ لە سینگمدا دەنگ دەداتەوە
زایەڵەیەکی دوور نییە و ڕووگەنما بێ سوود نامێنێتەوە
گەرمی ناوچەوان دەگەیەنێ

* * *

درەختی ئادەم و حەوا دڕک ناگرێ
بێ سەرەتا و کۆتایی و هێڵی تەواوبوونە
بە نەرمی لە ڕەگ و چڵیەوە سەما دەکا
لەو شادمانییە دەگات کە ئێمە تێی ناگەین
باڵندە هاوڕێی منداڵیمە
هاوڕێی نەمریی و
تەنیایی تاهەتایی و
ئاگری تووڕەیی و
سڵاوی ئومێد
لە بەرزایی دڵەڕاوکێی سروشت بەرەو بلیمەتی فڕیوە
بە ئاوازی خوێندنی گوتی
دەنگێک قسەی لەگەڵ چاندن و پەیام و نهێنی ناڵەی کۆڕاڵی
زەوی کرد
بیستت
شوورە شەڕانگێزە

خدری زیندە لە نیوەی ڕێیە و بەتاو پێ هەڵدێنێ
کلیلی شووشەیی
هەڵدەداتە ناو دەستت و ئەستێرەی بەسەردا سەیوانە
هەستە برۆ گەرمیی سینگی هەویرێکی نەرم و شلە
دەنگی وێرد و ڕۆشنایی هەوای بۆنخۆش کردووە
چوار توخمی گەردوون
گۆزەی کتێبیان پڕکردووم
کە لە ئەفسوون و ئەفسانەی ئەوان نووسیومن
یەک لە یەکتری ڕادەمێنن و سەرسامن
کێ یەکەمە
ئەوانی تر لە خوێنی ئەون

❊ ❊ ❊

ئەو پرسیارە گومانێکی گەرمە
دەبا بیربکەینەوە بەرهەمە ناتەواوەکان گومانن
یادەوەرییمان زیندوو دەکەنەوە
درەخت کە میوەی پێ دەگا لە هەموو کاتێکی هەستیارترە
دایکە منداڵی لێ نزیک بوونەتەوە و مەمکی پڕبووە

❊ ❊ ❊

من پاڵەوانی ئەلفوبێم
زۆران لەگەڵ کێدا بگرم
پەیکەرێکم بۆخۆم داڕشت

کاتژمێرێکی ڕەوانبێژم کردە مەچەکی
ڕەنگی گەرمی بەسەردا ڕژا
شکۆ و نان و ئاو دەبەخشێ بە هەژاران
چرای داگیرساویان بەدەستەوەیە

❊ ❊ ❊

ئەشق دەبووایە بتکوژم
پاشان بپاڕێمەوە بۆ ئەوەی لە ئاسۆیان بتبینمەوە
ڕەوا و ڕەوان و ڕووانی ئەم دنیایە
بە دەنگێکی مات پەیکەری نەمران دەدوێنن
خانە و پێستیان ڕۆشنایی دەدەن
لەسەرزەمین دەبنە ڕەنگی بەردە ملوانکە لە ملەکانی پیرەر
مەسیحی تابلۆش چاوی داخستووە تا ڕوون ببینێ
داوی فلْچەی پەرۆشی یەکترن و زایەڵە نادەنەوە
ڕەنگ پێشتر چاوی ناسیون بۆ ڕوون نابینن

❊ ❊ ❊

نەخۆشخانە بە ڕەنگی شینی کراوە بۆیە دەکرێ
چاوەڕوانیی پێیدا ڕەت دەبێ و گەڕانەوە دەناسێ

❊ ❊ ❊

ناخی ئاگادارکرایەوەم وەک چرا بەدەستەوە گرت
تا داگیرسا بووە ئاوێنە و دەموچاو
هەبوونەبوو لە ئەستێرەیەکدا خۆی دارِشت

لە شەو جێما و هاتە ناو ڕۆژ
گەڕانەوەی ناسی

* * *

تیشکی شێدار باڵی ماندووکرد
کێڵێکی بەتاڵ چاوەڕوانی هەڵکۆڵینە
ڕوخساری هەولێر تێر ڕەنگ دەبێت کە تێیدا ژیاوم
ڕوخساری شاری خانەدان
مەی خەملێوی ناو خانە و پێستی کەڵەکێوییە
بۆنوبەرامەی کەڵلە دەباتە هەواری پڕ
کاتژمێریشی کەس فریو نادا

* * *

بەخت ڕێگایەکی دووردرێژە
بەناو درزی ویستم تێدەپەڕێ
کەشتی بچووکی مەی
لە تێلدڕ گیرنابێت
ئەشق دەبووایە بتکوژم
پاشان بپارێمەوە بۆ ئەوەی لە ئاسۆیان بتبینمەوە
دڵ خۆی بەند کردووە و خۆی ناداتە بەر پاراوی خۆر
پەراسووش خەتەجووتە و گەنم و جۆ
لێی ناوی ناسیاری خۆیان دەڵێنەوە
لێرە لە هەموو ماڵێکدا ناسیاری گەنم و جۆ هەن

برینی دڵدارێکن گەورە دەبن

❊ ❊ ❊

گوناهباری یەکەم
فرمێسک چاوی گرتووە دەچێتە وانە خوێندن
ئێستا نابینام لە پۆل ناچمە دەرێ
ئادەم و حەوا میوە بۆ خانمی هەست لێ دەکەنەوە

❊ ❊ ❊

شۆڕەبییەکی پرچ خومار سەری شۆڕکردووەتەوە ناو ئاو
چاوبازیی لەگەڵ ماسی دەکا
ترسنۆک و
خۆپارێز و
ڕیاکار و
هەلپەرستە
خۆی لە قرش و حووت دەدزێتەوە و پرچی هەڵدەکێشێتەوە
ماسی بە گومانە نەکا سیخوڕی ماسیگران بێت
ئاوی ساکاریش نەرم نەرم دەڕوانێ و دەڕوا
لە نیازی شۆڕەبی و تۆقینی ماسی ناگا
لە ماڵ هاتوومەتە دەرەوە و دوو شەونم
لەسەر ناوچەوانم ماوەتەوە و خۆیان ئاشکرا کرد
گەیشتوومەتە کەناری ئاو و سەیری ئەوبەری دەکەم
قاز و قورینگ باڵێکیان خستووەتە سەر شانم

تەماشای شوێنێکی درەوشاوە دەکەن
ئەسپەکەم ئاوی لێ دەخواتەوە
هەوا لەسەر دەریا
دەجووڵێتەوە و بیرەوەریی کۆن مەستی کردووە

* * *

هەتاوی خومار نواڵەی لە خوێنم جۆشاند
سەرنجیشمی لای کانییەکی ناو چیا جێهێشت

* * *

بۆ ئەوەی بچمە خەوێک باران بە توندی
نەبارێ و نەکەوینە ژێر هەڕەشەی لافاوەوە
دەبێ خانە و پێستی هاوسەری بەهەشت
بە شیعری کێڵگەی گەردوون و ئاوێنەی هەواڵ بەراورد بکەم
هێشتان نۆبەتداری بژارکردنی تارمایی و مرۆڤم
شیعر لە نیوەی ڕستەیدا داکەوت و خانە و پێستی داماڵرا
وەک نەخۆشێکی سڕکراو لێوی بۆ گفتوگۆ وشک بوو
هەموومان بە هەڵە تەماشای
شیعرمان کرد و ئازاری ترپە و ئاوازیمان دا
دەماری بەردە ملوانکە لە ملەکانی پیرەر
بە سووکی لێ دەدەن و کۆبوونەتەوە
لەپێشبڕکێدان ڕێیان بەرەو
گەرماوێکی بێ قاو و قریشک دۆزیوەتەوە

خودایە بێ ویستیان نەکەی ویستیانە پەڵە و لەکەیان بشۆن
تەواو شێتییە ئەگەر خانە و پێستیان دانەماڵن
بەرد سووپەرێکی کردارکراوەیە لە دایکە سادە و ماتەکەی دەچێت
ستایشی ئارایشی ناوێ
زەوییەکیان دەستنیشان کردووە
شوێنپێی تێدا دەستنیشان بکەن و لەو شەونمە بپرسن
لەسەر ناوچەوان ماوەتەوە

❊ ❊ ❊

زەوی سییەکانی پاراون و هەناسە خۆش هەڵدەکێشێ
ژیانیش هەرچواردەوری ڕووگەنما و دووگوردی نوێژە
چاوم لەسەر هەست دەڕوانێ و قەت لە نوێژ بۆکردنی ماندوونابم
مادام سییەکانی زەوی پاراون
خودا و خوداوەند هێشتان ئومێدیان بە زەوی و مرۆڤ ماوە

**ئەیلوولی ٢٠١٩ هەولێر**

# ئاماژەیەکی نیوە ئاشکرا

زەمین ڕووناکی کوژاوەتەوە
سروشتێکی هەڵچووی هەیە
چاوم بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و بەباشی بینیم
زەوی ڕەش داگەڕاو و بۆنی توند
دڵی زستانی تاهەتاییە
خانە و ماڵی لێ دادەمەزرێ
پێڕۆییەکی خەیاڵیم دەست پێ کرد
ئاواتمە ڕەنگی بەیانی تێدا نەبێتە کانییەکی دوورخراوە
لە ئاوی ساردی ئێوارانی ناو چیاش مەلەبکەم
دەمامکێک پێکەنی و ورچی تووڕەی لێ هاتەدەرێ
بەدڵنیاییەوە لە هیچ بینینێکی ترم نەچوو
لەناو پێکەنینی دەمامکان سوورهەڵگەڕام
بەدیار مەقەڵەیەکی پڕ ڕەژووی ژنێکی بێشکەفرۆش
گەواهیم بۆ گۆرانی ئادەم دا
مانا و ئاوازی نەوەکانیەتی
بەرزدەبنەوە سەرسەکۆی چاولەڕێ ڕاوەستان
لە چاوی
گیانداری مشکخۆر و
فریشتەی باڵڕەش و

گوێ هەڵخستووی قۆزاخەی هەواڵ و
ڕۆشنایی ڕێوی دوورکەوتووەتەوە
لە قووڵایی شادییەوە هاتووە
ڕۆحێکی براوە و ئاهەنگگێڕی هەیە
بۆ ئەو ڕێگایەی هیچ خۆشدووییەکی نییە بۆ فریودان
سێبەریشی بەسەر ڕێبوارانەوەیە
دەمامک مشووری سەر دەخوا
بەهۆی بای پێش بارانی پەڵەوە
پیرۆزییەکەم بۆنوبەرامەی
سێبووری و بێ پەروایی هەڵدەمژم
ئێستام لە خۆی پرسی
ڕابردووم لە خۆی پرسیوە
داهاتووم لە خۆی دەپرسێ
بەو هۆیە بژی و بە زەوی ڕازی بە
ڕێگای گەڕان بە دوای کێ و چیدا بزرکە
خانە وماڵی بە قامیشی شەکر و بلوێر دەورەدراو
لە پەنجەرە و سەنگەری سەرکێشانەوە دروست بکە
شوێنپێی بۆنخۆشی نۆبەرە و گیانەوەری پیرۆز
لەناو جامی جەمەوە پیتەکانی زمان زیاد دەکەن
سەیرکەن
جەنگاو و
نیگاپڕ و

بەئەمەک و
زۆر شت خۆش ویستوو
وەک منداڵێکی ئافەرین کراو وا لێرەم
ورچی توورەم کوشتووە
ماڵیشم بە هەورەکانەوە لکاوە
چل ناو و وەسیەتیان
لە پیت دەردەچن و ژیان ئاکار دەدەن
یەکەم خانە و ماڵ خوانی بە
چەتر و
جانتا و
دروودی بێدەنگ و
نوێژی لێخۆشبوونە
ئاسمان و زەوی خۆری بۆ پەروەردە دەکەن
خوداوەند پێ لەسەر شکۆی گوڵ لادەدا
گوڵیش ڕێز لە بۆنی خۆی دەگرێ
بهێڵە ئەو ئاوە بڕوا بۆ ڕێزگرتنی گوڵ تەکان دەدا
پەرداخێک لەسەر کتێبێکی وەک جەستە ئاشنا دادەنێ
تەنکایی کانییەک خوێندوویەتییەوە
بێ ئەوەی ناوی گوڵان بڵێم
ئەو دەیزانی و خولیای زیاد دەکات
ماندووبوون توورەم ناکا
پێنج نوێژ بۆ خۆم دەکەم

شەونوێژیش بۆ ماسییەک
گیای ناو دەریا بۆن دەکات و هۆگری شوێنە
لەگەڵ شەپۆلی چاوسوور و هەڕەشەکردوو ناڕوا
گوللەی دووکەڵ وەک بێژینگ بەسەرمدا سووڕا
بەسەرخۆمدا توامەوە
لە هۆبە و هەوارێکی لەسەر شارەمێرووولە ڕۆنراو نیشتمەوە
هالاوم لێ هەستا
هاتووم دوا سەرنج بدەم و بەو هۆیەوە بژیم
باڵی پەپوولەیەکی لە قوڕی خووساو گیربوو بسڕمەوە
دەستنوێژێک لە گۆلی باراناو بشۆم
چاوی پەنجەرەیەکیش بکەمەوە
پەنجەرە شوێنی ئەو باڵندەیەیە بە دەنووک ئاومان بۆ دەهێنێ
دەستی ڕاگیراوم بۆ تەوقە جێ دەهێڵم

**تشرینی دووەمی ٢٠١٩ هەولێر**

# پێناسەی جیاوازی

دەتوانم بێدەنگ بم و بچمە ناو
خامۆشییەکی پەلکەزێڕینەیی یان مۆزەخانەی باڵندان
بێدەنگی بە ناوچەی ناخ تێدەپەڕێ
دەگاتە برادەران گەمارۆدراون
گەمارۆ وەک ڕێی ئاڵۆزبووی ناو فنجان دەشکێ
پێویستە ئاوێنە گەورەتربن
هێلکە و نارنجۆک هەمان شێوەیان هەیە
لەم دەخۆیت و ئەم لێت دەخوا
باڵندەیەک لەسەر چاوی پەرێشانی بێدەنگی
باڵی گەرم کرد
خودا خۆی پیشان دا و ڕووی ئومێدی دایێ
هێلکە و هێلانەی لەسەر دەستی بۆ ڕاگرتووە
سەد دەشتی بە هۆبە و هەوار ئێستا لەدایک بوون
شاگەشکەی کردوون ڕۆشن بوونەوە
لەبیری نەکردم و ڕۆژ گەڕایەوە
دەمەوێ چی بزانم
ئەرێ زەوی خەون پێوەبینراو
کە مردم
هاتمەوە هەناوتەوە و بوومەوە سووری خوێنت

چ نهێنییەکم و چ نهێنییەکم پێ دەڵێیت
لە شوێنی هەڵەنیم
لەبەردەم ئاوێنەیەکی ڕوونت
ڕادەگرم و دوو باڵت لە شان دادەنێم
تەمی بەفر میهرەبانە
باڵت خۆشکە بێ نیازت ناکا و هەوێن دەبیەوە

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ هەولێر**

# چاوی گوللە لە ئەرشیفی ئێمە پارێزرا

باڵندە دەستەمۆکەم دەنووکی لە چەوی کەنار گیرکرد
چیا لە ترۆپکیەوە بانگی کردم
فەرموو قەرتاڵەی نەرم چنراوم پڕ ترێی ڕەشمیرییە
کە بەڕێ کەوتم بەفر توابووەوە
شۆڕابەی گەیشتبووە چەوی کەنار
داوای ئەستێرەیەکم کرد ڕێنوێنیم بکات
یەکترمان ناسی
دەستی بە چاویەوە گرت و گریا
ڕایگەیاند کوێرم
زەوی تێک ڕووخاوە
بووەتە گفتوگۆی بێهوودان
ئاڵوگۆڕی خۆویستانەی بەسەردا هاتووە
گوللە هەزار چاوی هەیە
ئەستێرەی سەربڵندگۆ سێرەی داوەتێ
ڕێویش هەزار پێ
بە هەموو دەنگییەوە هاواردەکات ڕاستگۆم
دەمەوێ چاوەڕوانی وەڵام بم
پووشی هێلانە گرانە
درەختی لاواز ڕای ناگرێت

باڵندە تێ دەگا هێشتان
لکوپۆپ ماون بە هی خۆی بزانێت
قەپێلکی خۆری بە دووکەڵ پەککەوتوو
بە نەرمە دەنووکێک دەشکێ

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ هەولێر**

# کاتێک دەچمە دیدەنی دوا شوێن

ڕووم کردە دڵۆپە خوناوێک
لەسەر گیای نەمری مابووەوە
دڵی خورپەیەکی کرد و مۆسیقایەکی نەرم
دڵی زەوی بەلای ڕاستدا دەبا
خورپە زۆرترین ڕووناکییە
پرسی بۆ لەسەر ئەم ئاوێنە سەرسوڕهێنە ماویتیەوە
گوتم برادەر تا سەر ڕێگا بەڕێت دەکات
پەپوولەی سووریشی
لەسەر شانت دەمێنێتەوە
پاچنەیەکی شووشەیی پیشان دام
سەربکەوم و دڵ بدەمەوە خۆم ئەی خاک و خانەوادە
هەورێکی چاوخڕی جووکە جووککەر بەسەرتدا
لەنگەر دەگرێ و سەیری هەموو شت دەکا
هانی دام لە گۆزەی نزیک گیای نەمری بخۆمەوە
پێش بە ڕەشەبای شەڕانگێزیش بگرم
دەچمە ئەو شارەی جەنگاوەران مەشقی تێدا دەکەن
لۆکە خۆی بەراورد نەکرد
بە بەروبوومی کێڵگەی ڕاست و چەپی
هاوڕێکەم لەو جێگایەی فرمێسکی ڕژابوون

بۆ ماڵئاوایی هاتبوو
درەوشایەوە و مووچڕکی پێ داهات
باوەشێنە حەسیرەکەی لەسەر دەمی گۆزە دانا
بەنیانی چووە یاریی بەخت و چارەنووس
گیای نەمری داتەکاند
بۆنی برادەرایەتی
دوور دەڕوا و تا سەر ڕێگا بەڕێت دەکات
مرۆڤی بەهەشتیش تووڕە و بێزار ناکا
لەخۆڕا نەبوو نەمتوانی
تۆزی ڕێگای بەرەو خاک و خانەوادە
لە برژانگم بتەکێنم
لە سەرەتاوە تا ئێستا
بەڵەم لەژێر شەختە سەرنشینەکانی نەگەیاندووە
مردوو مووچڕکی پێدا دێ
ئا ئەمە گیان سڕ ناکات
گۆزەی نزیک گیای نەمری خوناوی تکاوەتێ
خوناو پێشبینی شیعرە
سروشتی بەهەشتیش
داوام لێ کرد ڕزگارم کە ببە بە هەڵم
ڕۆژ و ڕۆژگار زرینگایەوە
گوتی لەوە بچووکترم بتوانم

میوانداریی ئاگرتێبەربوویەک بکەم
ڕێبواری بێ ڕێگا فێری ڕۆیشتن بوو
ڕۆیشت و درەوشایەوە
ڕێگابینی
ناوی برادەرانی لەبیرماوە و دەنگیان بڕدەکات

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ هەولێر**

# وتاری سەرگڵکۆ

کازیوان درەخت لە جریوە و جووکە بەتاڵ دەبن
ڕووناکی دەخەنە پەنجەرە و دەشتی کڕ
جیهانێک داوا و ڕەتکردنەوەی زۆرە
کاتژمێریشی هەڵواسیوە
ڕوخساری شادی بەسەر نادیارەوە
دەڵێت ئەمە تۆیت و پاش کەمێکی تر ون دەبی
گیا پەڕی لە یادەوەری هەڵدەکێشێ
بە نەرمی هەناسەی تێکەڵی سروشت دەکات
باڵندە ڕوو لە باشی باڵ هەڵدەهێنێتەوە و دێتە خوارێ
ئاوایە ژیان
زۆر بیر لە وتار خوێندنەوەی سەرگڵکۆ دەکەمەوە
تکایە کەسێک تووڕەیە
کتێبی گەڕۆکەکانی خوێندووەتەوە
بەرد لە دەم هەڵدەڕێژن
ئەندازیاری گۆڕستان تا چلە و ساڵم تەواو دەبێ
دارەبازە دەمەونخوون لەسەر گۆڕەکەم دانێ
کات بە گرانی هەناسەدەدا
لەکاتی خۆمدا دەخەوم و چوار هێما کۆدەکەمەوە
÷ × + −

شڵەژانی گیان ئەی شڵەژاوی گیان
شڵەژان حیکمەت و ڕوودانی تایبەتی هەیە
خەمی سارد نابێتەوە
ڕوخساری شادی لەنگەری هۆگریمە بەسەر نادیارەوە
سێبەری مانگی ڕزگارکەر دەکەوێتە سەرزەوی

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ هەولێر**

# پەنجەمۆری باڵندە

شەوی زستانە و چلوورە بە لێوی پەنجەرەوە
دەڵێی گوانی شووشەیی چێڵە
گەرمایی بەهار بەهۆشی هێناوەتەوە
ڕوو لە دەست و پەنجەی شیردۆش دەکات
گوڵی قووڵایی بۆنی لە ئاسمان و زەوی خواستووە
بەدەستمەوەیە و بە شیعری داگیرساو دەڵێم
با ماچی نەرمی ناوچەوانت بکەم
لە بری من
لە بری دڵێکی خوداوەندخوو ژیای
لەبەر مێزێکی ڕووناک چەشنی مانگی پڕ
دانیشتووم و بەروانکەم بەستووە
هەڵمی چایەک گەردوون لە بەرزبوونەوەی هاوسەنگە
نزیک لە خوێنی کەروێشک
سینگم گەرم دەکاتەوە و شەمێ و ڕۆنم
لەسەر ناوچەوان دادەنێ
دیوان بەخۆناز و خەندەی سروشتییان
پشتیان بە پشتمەوە داوە
ناهێڵن ژاوەژاو بگاتە سەکۆی نوێژم
هەوای ناو گوپی دەروێشانیش بەتاڵ دەکەن

زەوی ئەو مێزە ڕووناکەی لەبەری دانیشتووم
ئاشی بە تێپەڕبوون لە دەرگای تاریکییەوە دەگەڕێ
درەختی خۆش ژیاو ماچی نەرمی
پێی باڵندەی وێڵ دەکات
پەلکەزێڕینە لە
پۆپیتەی کەڵەبابی حەوشەی گەورە و
زەنگوڵەی ئاوازی گفتوگۆ بگۆڕێ و
گومەزی چاوەڕێ دەنگدانەوەی دووری بۆ بێ و
ئەو خولیایەی لە ڕۆژگارمان ڕووی دا جووڵایەوە
ئەمڕۆ لە نوێژەکەم دواکەوتم
ماریش گوڵ و بۆنی ناشتین
خوناوی نەمریی هەڵلووشی و کێلی بەتاڵ کردین

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ هەولێر**

# بیرکردنەوەی بەرزایی

بەرزایی بوون بەقەد کڵاوی منداڵێک گەورە و سێبووری
ئەو درەختەی سەرم پێی سپاردبوو
سێبەری هەڕەشەیە
ئومێد و دڵنیایی بیری بەخۆگەیشتن
بە ساردییەوە تێم ناڕوانێ و ڕێگای بۆ تاودام
پەنجەی پەڵەی ساڵ لە شووشەی فانۆسمی دا
هەستاومەتە سەرپێ و سەرگەرمی دوورکەوتنەوەم
کۆچ بەخشندەیە و لە دووڕیان نامهێڵێتەوە
تێخوڕینی بۆسە دوا هەڕەشە نییە بیبیستم
دوایین ڕێبوارم لە چیایاندا هاوارم کرد
بەرزایی بوون گوڵی پەیوەندی
دەستی هانا و هۆگریم بۆ درێژکە
مانگ سەرەولێژ لە ئاودا ماوەتەوە
دڵی مەلەوان
لەم ئاوە جەللادە ناتاسێت
دووبارە هاوارم کردەوە بەرزایی بوون ئەمەکداری تاهەتاییم
لە بیری مەترسیدا مەبە
سەرم کردووەتە سەر شانت
گەڵا کێش و سەروای درەختە

کاتی پێویست ماوە
باڵندە تێیدا داوای سەربەرگی بارانی  و کیسەخەو بکەن
باران بەفری بۆردوومان کرد
سروشت هەناسەی گیرا و توایەوە
دووبارە بیری کردەوە

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ هەولێر**

# نیشانەی پرسیار لەناو لاپەڕەی سپی

١

بەندۆڵی کاتژمێری ناو مۆزەخانە لە دەمار بەتاڵ بووە
وەک گونی نێریی خەساو شۆڕبووەتەوە
پەنجەرەشی سەری لە بەر خۆیەوە ناوە
شاوەڕیخنە و هاوشێوەی کە دێن باڵیان دەنووک
دەنووکیان خەنجەر و جوێن
چرنووکیان شمشێر و بەڵا
چاویان ئاژاوەگێڕ و بۆچڕووک
هاتنی شەڕزادە و بەڕێوەبەری شەڕ
برین بێ سنوور و پێوانە گەورە دەکا و لێوی بزر دەبێ
بوومەلەرزەش لە دەوروبەر دەجەنگێ
شیعر و هاوشێوەی گەرم دەژین و نەرم و خودایی هەنگاو دەنێن
مانگ بەسەر ماڵانەوەیە
ڕووبارێک دێ لە سینگی مەلەوان دەدا
دوای ئەوەی چووینە ناوی گوێچکەماسیمان بە دەستەوە بوو
لە خەڵاتی ڕووناکی لێی بووردین
دەتوانین بە یەکتری بڵێین سڵاو و ڕۆژباش

لە سڵاو و ڕۆژباشدا بادەمان پڕ و تەواو هەقیقەتین
هەڵمی شەونمین
هەڵمی خوێ نین
چیا گوڵەحاجیلەی بەدەستەوەیە
ئەسپێکی ڕووخۆشیش لە حەوشە و ماڵمان پشتی خۆش دەکا
تەزوو بە ڕێگادا دەهێنێ و گوێت لە دەنگی دڵت دەبێ و پێت دەڵێ بەڵێ
گەشتت بەرەو خەڵاتی ڕووناکی فەرموو ئەنگوستیلەت لە
سندووق دەربهێنە
گوڵەبەڕۆژە ئاوڕدەداتەوە
ئاسمانیش ناخ و ئەدگارە حەوت ئاواز دەخوێنێ

❋ ❋ ❋

خۆر لە قووڵایی و ڕوونیی ژیان دێتە دەرێ
کەم شارەزا و دمۆر نییە بە دەمی پڕ حیکمەت و چرپەوە
پرسیاری خۆی دەکا

٢

ئاسمان لە شادیدا پڕ ئەستێرە و مانگ دەبێ
ڕەنگ نیشانەی نهێنی دەناسێ
تێکۆشانی خۆی دەگێڕێتەوە و خۆشی ناخاتە مەترسییەوە
بەهەشت ڕەنگی نییە یان ڕەنگی نەناسراوە

که لەدایک بوو ماڵیان نزیک گۆڕستان بوو
لە مێردمنداڵیدا بەرخەکانی دەبردە ناو گۆڕستانەکە و هەڵدەستانەوە سەر پاشوو
دەنگیان دەهات و ون نەدەبوون
گەنج بوو لەم گۆڕستانەدا گۆڕی بۆ زۆر
خزم و کەس و برادەر و ناسیاوی خۆی لێ دا و بەڕێزەوە ناشتوونی
دارەبازەشی گەڕاندووەتەوە مزگەوت
ئێستا خۆی و منداڵی و نەوە و گوڵی گەرمی تێیدا نێژراون
سەری بە ناوچەوانی ئاسکێک کردووە
لە ڕووناکی گەردوونیدا
تەماشای هەزارەی تازە دەکات
پیرۆزەی سەرگۆڕیش دەژمێرێ
دەبێتە شەهرەزادی چیرۆک و بەردی حەوت پەیکەر

❊ ❊ ❊

کێلێک هەموو کێلە و ناویش هێزی دەست بەدڵەوەگرتن
دەیکاتە تانوپۆ و ئومێد و هەموو دەتوانین قسەی لەگەڵدا بکەین

٣

گردێک باخچە و سەنگەری بەسەرەوەیە

درەختی خۆڕسک قەدیان وەک دووگوردی نوێژ چنیوە
ناهێڵن خودی لە یەک بترازێ
گەورەی خوداوەندان گرد لەسەر
سابوون و
هەسان و
سەوڵ و
سەهۆڵ باڵا ناکا و هەوا ناگۆڕێ
کەناری نزمیش فریودەرە
بەردی گڕکان ناوچەوانی بووەتە هەست و دەمی بە تووڕەیی
دەکاتەوە
لە کازیوەی لێڵ نامێنێتەوە
خۆڵەمێش لەسەر خۆی لا دەدا
ڕەگ و خۆڵی گەشەکردن بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ
دەتوانێ چاوەڕێ بکا
سیشی بەگرانی هەناسە نەدا

❋ ❋ ❋

جەژنی بە کەژاوەیە و لووتکە پێی گوت ونم مەکە
لە باڵای ڕاز و ڕەوەزان ئەستێرەی کەڵبەهار دەکوژێ

٤

دەستنووسی ئایین ڕەوشتی یەکەمی زەوی تێدا نییە

نازانرێ پەنجەرە چۆن دروست بوو
ترووسکاییەکی خامۆش
دەستی گرتین و دەزووی یەکتردۆزینەوەی داینە دەست
درەخت ئێوارەخوانی خۆبەخشینی
بۆنوبەرامە و بەروبوومی ڕێک خست
کە لێک نزیک بووینەوە دڵپەرت بووین
پێستی ئاسمان و ڕوونی ئەزەل هەڵبزڕکا
مازوو بە هانای منداڵانەوە هات
کردیانە مووروو و تۆپ و مۆری دەرگای ماڵی گەردوونی
بانگی ئاژەڵمان کرد بێ وەڵامماینەوە
تیرمان سوار کرد و تۆوی سروودی هەڵخەڵەتاندمان وەشاند
زەوی چووە توخمی سەرسوڕمان و لەپی کردەوە
لە لۆچێکی ڕەوشتی یەکەم دۆزرایەوە

*　　*　　*

زەوی کە شوورەی دانرا و بەرەو شار چوو
لە ناوکی گەمارۆ درا ڕەوشتی بزر بووەوە

**شوباتی ٢٠٢٠ هەولێر**

# هەواڵی دووەم

بابە ئادەم چ هەواڵ و دەنگوباسێک هاڵاوی دەمە
با ئافرەتێکی دەنگخۆش لە تەلەفزیۆنێکی ئاسمانی بیخوێنێتەوە
هەواڵی یەکەم
زەوی ئاشقێکی دەمدەمییە
ناتوانێ لە بەرزایی مەحاڵ ڕوخسار و ناوەکانی بیربێتەوە
دەمێک ئاشقی زستانە
دەمێک بەهار
دەمێک هاوین
دەمێک پایز
وەرزەکان چوار فیشەکی دەرنەچوون
لە تفەنگێکی لە شان خزیو
هەواڵی دووەم
خوداوەندخووی لەناو دەرگای جۆراوجۆر نەبینراو
لە
تەورات و
ئینجیل و
قورئاندا خوێندوومەتەوە
لە کەللە تەڵخانی قاچ لە مل ئاڵاو خۆت لادە
سپێدەی ڕووخۆش و

ئاگری ئومێد و
هێشووی پڕ و
کڵاوی جەژن وەک سەیوان کرانەوە
خەڵکیان بۆ ڕووناکی خۆی و شوێنی نەناسراو بانگهێشت کرد
لە ئاوی کانیمی خواردەوە
لە سەبەتەشمی خوارد و پرسی
چیرۆکی دوو درەخت کە مرۆڤ نیشانی یەکتر دەدەن
بۆ بەختیاران پێناسە دەکەم و پڕ دەبن لە هاوڕێ
لە هەموو پەنجەرەیەکم تێپەڕاند
لە پڕبوونی سیقەتۆرەی باڵندە دڵنیابووم
لە بۆنکردنی دەستی پەڕیوی پێشمەرگەکانی
لە کتێبی چیا ناویان
ڕێگا و
دەرگا و
پەیژە و
گوڵەبەڕۆژەی سێ هەتاوە
گەڕامەوە
هەواڵی دووەم بووە
سپێدەی ڕووخۆش و
ئاگری ئومێد و

هێشووی پڕ و
کڵاوی جەژن
بادەی پاراوم دەنگی دووریی بۆ کردمە بانگ و سێبووری
دایک و باوک
بەرزایی مەحاڵ گوڵی سەرەتا و پەیوەندی دایە سۆما و
سەری
خوداوەندخووی لە یەکەم لاپەڕەی
تەورات و
ئینجیل و
قورئان بینراو
میوانی پێ لەسەر لۆکە دەگا و لە گزنگ چرۆ دەکا
بە ڕەنگاوڕەنگی ڕوخسار کوێربوویم و بادەی پاراو نزیکمە
زەمین ددانی لەدەمدا نەماوە
سێبەری شڵەژاویش درێژەی نابێ
هەواڵی سێیەم
دەنووکی قەلەڕەشی نابووت سووکایەتییە بەشادمانی
ناشتنەوە
گۆڕ برینە لە ڕوخساری زەوی سارێژ نابێ

**شوباتی ٢٠٢٠ هەولێر**

# سەرزەمینی هەموو ناوەکان

# تەواو بۆ دواجار لێرەوە دەڕۆین

## ڕوخسار و شوێن

پەنجەرە ئەڵقە لەگوێیە
هەتاو بەکرێ دەهێنێتە ژوورەوە
هەتاوی نیوەئاوابووم دەڕژێنمە ڕستەی یەکەمی هەواڵێک
دیکتاتۆر بەسەر خوانمان پژمی
هیچ نیشانەیەکی خواردن نەما
گەڕاینەوە بەر سێبەری درەختی گۆڕستانی قوربانییەکان
تەم هات و هەنگاو گران بوو
لە ئاهەنگی یادەوەریمان دەرکراین
لە شوێنی جیا جیا زەوی دەستی لە ڕێبوار بەرز کردووەتەوە
مرۆڤ یەکەم جار پەنجەی بە پێڵووی خۆی داهێنا
نەرمی کرد بۆ بینین و جیاکردنەوە
نەرمایی پەنجەی دڕ بوو
نەیتوانی خەڵکی تر بکاتە تاسە و سیمای برِسکێ
دەنگی دوور بناسێتەوە و بە ڕووناکی گەرم دادێت
مرۆڤ شاراوە و نهێنیی درۆی ژێرە
نانی کردە تاشەبەرد
گۆڕیان بەتاڵ کردین و ئێسکیان کردینە قۆپچەی جلوبەرگی سەربازی
کۆشکێک سەیری چواردەوری خۆی دەکا

هەتا بڵێی چاوی پڕ لکوپۆپە
نەخرۆشا و بازی نەدایە سەر ڕێگای سۆراخی بەئاکام
کەڵەبابی شەڕ هاتە سەر زەنگی دەرگا
وزە ئەفسانەییەکە مەشقی بە تفەنگ و ئەسپەکەی کرد
نەچووە ڕاو
نەچووە جەنگ
ڕەگی مەچەکی خۆشی نەبڕی
لە تەنیایی نەترسا و نەچووە ناو ڕووناکییەکی نائاشنا
بە ناوچەوانی لاشەڕ و ئاسوودەی چیا و چۆمێکی
ئەوبەر و ئەم بەری بە درەختی بە بەر پڕ
بەدەم هەوای خۆشەوە سەرکەوت
توانی گوێ لە خۆی بگرێ و دەنگی دووری ناسییەوە
خۆر لە سەری بەرز بووەوە و گومبەت دەرکەوت
قۆزاخە خەملی و باڵی تێدا نواند
تێکەڵ بە تەم نابێ و ئارەزووی بەدی دێنێ
باڵندەیەک بۆ ئەم شارە بە ئاسمانەوەیە
هەر ئەمڕۆ دەگا و سەیری دواچڵ دەکات
ئێستا بیر لە باڵندەیەک دەکەمەوە
لە خوێن و گۆشتی پیاوێکی هەتاو نیوەئاوابوو

## جێناوەکان

زەوی منەی خودی دەکا و خۆی بە بەرزبوونەوەی باڵی باڵندە شووشت
چاویشی کورتبین نییە
ئا بەم شێوەیە من شتەکان ڕوون دەکاتەوە
خۆمم بۆ تۆ گوتەوە
با بگەڕێینەوە دواوە تیر وژەی دێ
خۆمم بۆ ئەو گوتەوە
با بگەڕێینەوە دواوە هێز توورەیە لە سێوی کەوتوو
خۆمم بۆ ئەوان گێڕایەوە
با بگەڕێینەوە دواوە ڕێگای بەپەلەبەرد ڕێژکراو ئەسپ پشووسوار دەکات
خۆمم بۆ ئێمە گوتەوە
با بگەڕێینەوە دواوە باران خوێناوی لێ دەچۆڕێ و دەیکاتە هەڵم و دەبێتە تانەی چاو
خۆمم بۆ ئێوە گوتەوە
با بگەڕێینەوە دواوە دەمامک بە دەورمان دەخولێتەوە و چیاش بێ شوورەیە
سەیری خاڵی پێوەری ناوچەوانی مێژوو بکەن
پرسیاری سۆراخێکی بێئاکاممان لێ دەکات

ڕەشیش لێمان دەڕوانێ و ناگەین بە دووریی و ئومێدێکی بێ ڕێگاین
هەتاوی کەمقسەکەر بە ترسەوە نەنووست
چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد و بە هێزێکی زۆرەوە خۆی سڕییەوە
تۆوی ئەستێرەی لە کێڵگەی جێناوەکان وەشاند
جۆگە بە نەرمایی زەوی پیاسە دەکات
پێغەمبەرانی چاوەڕوانی ڕازی ڕووناک دێنە سەری و دەیخۆنەوە
پاشان زمانیان دەبێتە فانۆس
دەنگخۆشی لە ڕوخساریان بووەتە چەندین ڕەنگ
لە بۆنە لەشکاننەهاتووەکان دەیانبینین
نەرم نەرم هەنگاو دەنێن و چرا بە دەستی ڕاستیانەوەیە ڕووناکی دەگاتە زەوی

## ڕێگای دەوروبەر

ئاسمان بە چ ئەستێرەیەک جوان بووە
وا دڵم لە سینگمدا پێ ناشاردرێتەوە
مردن لەبەر چاکەکەت ڕێزت لێ دەگرم
دارەبازەیەک لەسەر پشتی ئەسپێک ببەستن
ڕابەری ڕەندان لەژێر تەمومژێکی قاوەییدا کۆچ دەکات
ئەڵماس دەمامک نادا
لەناو ڕۆشنایی و پێشبینی و بێدەنگیدا
دەستم لە ملی سەنگەری دڵنیایی کرد و گەرم بووە لوولەی تفەنگم
بە ڕێگای دەوروبەرم ڕۆیشتم و لەرز بەری دام
گوارەم لە گوێی درەختێک کرد هێلانەی تاریکی بەسەرەوە نەبوو
گەیشتم بە لاپەڕە بێکۆتاییییەکان
لاپەڕەکان شاعیری بێهەوێنیان تێدا نییە
پەپوولە ڕازی پاراوە و لە مۆم لادەدا
بەرەو مرۆڤی ناو لاپەڕە دەچێ
هیوای زیاد دەبێ و لە کەناری ئەو ئاوانە دەنوێ خۆر
ماسی تێدا بەهێز دەکا
ئۆخەی هەموو شتەکان نزیکن

ئەسپ سەیری زەنگوڵە و گوڵینگی ناکات
لە شەقام دەپەڕێتەوە و سێبەری سواران وەک درەختی نزیک پێشوازی لێ دەکەن
دەستی دەشوا و ئاوێنەی هۆڵی وانەوتنەوەی جەنگی بەختەوەریی دەسڕێتەوە

## گەشەی ڕەنگ لە شاری یەکەم و دوایی

ڕەنگ لە دابڕاویی نادیار لەدایک دەبێت
ڕەنگی دڵ گۆزەی پڕ ئاوی لەسەر پلیکانەی ڕاڕەو دانا
شەوی بوو
پەپوولە شیلەی مژی و بە هێڵی خێرا بردییە کێڵگە
دەستی لەسەر شانی ڕەگ دانا و پەیمانی بەست
لە گەشەت ورد دەبمەوە و لەناوی جێ دەمێنم
سەیرکەن تەواو سەیرکەن
سەیرکردن چاو نامۆ دەکا
لەسەر ناوچەوانی کێڵگە
بەروبووم دەمێنێتەوە و جیهان دەگۆڕێ
لەسەر ناوچەوانی گۆزە
مێژوو لە بێدەنگییەکی درێژخایەن دەشکێ و پارچەی یەک ناگرنەوە
چاوی مێژوو
کتێبخانەی منداڵی و شاری بۆردوومانکراو ناترووسکێنێتەوە
جەستەی ڕووباری هاندان لە خۆی ڕەت ناکات
بە دەوری خۆی دەیسووڕێنێتەوە
شۆڕش شەپرە لێی داوە
ناتوانێ مەلە بکات

دیکتاتۆر ڕۆنی لە بن پێی شۆڕشگێڕ دا
هەڵیخلیسکاند بەرەو ڕووناکییەکی چرووک
بەڕێوەم بەرەو تابلۆی هەمیشە شتێک لە حاڵەتی ڕوودان
هەیە وا چاو دەسووتێنێ
مۆسیقایە هاوڕێم
بە نهێنیی گەشەی ڕووەک تابلۆ دروست بوو
تینێکین لە هەنگاوی ڕەنگ
ناوی ئێمە لە دەم و لێوی گەورە و پاراو دەبێ
شێوەکارانیش لەناو هێڵی خۆیاندا جێ دەهێڵێ و مۆم بە دەوریان دادەگیرسێ

## ئاوازی چاوپێکەوتن

بای ساردی ساڵان لە نیوەشەوێک نیگای ترووکاندم
لە ماڵی خۆم لەسەر دۆشەکێکی لە پەڕی پەلەوەر دانیشتووم
پەنجەرەی شکاوم بە گۆرانی دەڵێم
گۆرانیم داواتان لێ دەکەن
دەست لەسەر گوێتان لادەن پڕ ئاوازن
دەسرازەی پساوی منداڵێک کەوتە سەر دەموچاوم

بۆئەوەی ماسیگرە تار نەبێ و دەریا بناسم
لای دەدەم
لانکێکم لە کەناری ئاوێکی سروشت هێمن دانا
ماسیگرە هێلکەی خۆی لەناو پاراست
ڕاوچییەکی تۆڕدڕاو هێلکەکانی لە بن کڵاوی نا
بردییە بازاڕی چەنەبازان
لەپێناوی سڵاوی ماسیگرەیەک
ستایشی ژیان دەکەم بەفیڕۆ ناچێ
ژیان نزیکی بۆ لای من بگەڕێوە
کازیوان بە ئاگری باڵی ماسیگرە
چاوانم کەوی دەکەم و وێنەی شاری سەرئاوکەوتوو دەگرم
سەرزەمین تەواو ماندووە و پەنجەرەی ژووری خەوتووم
پێویستی بە ئاوازی چاوپێکەوتنی دەنووک و باڵە
دەنووک و باڵ لە جوانی بەدی هاتوون
بە ڕێز و شکۆوە دەدوێن
چیم بوێ بێ داوا پێم دەبەخشن
هەقیقەت ڕووی بازنەییە
قەل زماندرێژی کرد
خۆر بە پڕی سەرنجی دا و دەنووکی خستە ناو جەنگەکانەوە

## بلیتێکی بێهێز

بلیتی ژمارە بیست و هەشتی دکتۆرم وەرگرت
دوای پشکنین و کۆمەڵێک خۆشدوویی بۆ گەرمکردنەوەی
دەماری ساردم
دەمی تاریک و خامۆشی بە ناوچەوانیەوە دیاربوو
لەگەڵ مەرگ قسەی کرد
بێژینگێک ئاوی هەڵگرت و سووڕاندی
شەکرەت بەرزە
پەستانی خوێنت زۆرە
هەناسەسوارییت باڵندەیەکی هێلکەشکاوی هەڵکوڕماوە
لەرزەی دڵت چوار ناڵەیەتی
باداریيت بە ئازای گیانت سەرەوژووریەتی و گەمارۆی
داوی
مەرگ ئەوەی کەسوکارە نییەتی
بۆ مەتەڵێک پرسی چەند زمان ئازار و سەروا و کێشت
سەنگ دەکات
گوتم زمانی ڕووتم کوردییە و ئەم زمانە مووچڕکی ڕۆحمە
و بێژینگم دەسووڕێنێت
بە ئینگلیزییەکی خاو
لەژێر لێوەوە کوڕەکەمی فریو دا

هەوڵدە باوکت لە شارێکی ئاسمان شیندا دڵنیا بهەژێ و دەست و پێی لە جۆگەلان بشوا
مات ڕاما و گەشانەوە لە ڕوخساری کوژایەوە
چاوی زیندووی ئەستێرەیەکی قاوەیی گەمارۆی شکاند و ڕێگای ماڵی نزیک کردەوە
بە دەموچاوی پڕ ئومێدەوە چوومە بەر پەنجەرە و چاوم هەڵدایە هەر حەوت ئاسمان
گوتم لە شاری ئەستێران دەژیم و هەناسەم نەرم و خۆشە
ئەها شیعر ناز دەکا وەک کاتژمێری چوونەژوان ڕێکی خستووم
شەکرە
پەستان
هەناسەسواری
لەرزەی دڵ
باداری
بە ئارەزووی خۆم لە شاری هاوار لە ئاوێنە نوستوو ناچمە دەرەوە
هاودەمتم سڵاوم لێ بکە دەی سڵاوم لێ بکە
بۆ هەمووان گریاوی
لە سێبەر و هەتاوی دەستت نیازمەندیی هەموو شتێکم
لە نزیکەوە گەرماییت فریام کەوت و ئاگری ناو فانۆس

دۆزیمییەوە
خۆشی زمانی گرتووم و ڕووناکی وا بە دەورمدا
لەنێوان لوولەی سووربووەوەی تفەنگ و نیشانەدا
کەروێشک لەسەر پاشووی بێدەنگ و مات وەستاوە
گۆرانی منی بەبیر هاتووەتەوە کە بۆم وتبوو
ڕێبواری ماندوو و خۆبینیو
میهرەبانانە ئارەقە ناوچەوانی گەرم دەکات
پێشی وایە پەڕاگەندەکراو بە دەست بانگمان دەکا و ناوی خۆی دەڵێ
دابەزیومەتە قووڵایی بەشەکان و یادەوەریی ئێشک دەگرێ
هیچ شتێکیشم لێ ون نابێ و ناو لە هەموو جەستە و ڕۆحێک دەنێین

## ئەمڕۆ گۆرانییەک دەگوترێت

شتێک نەماوە بیەوێ بگری
لە ئاسمانیش زەوی ڕوون دیار نییە
گڕوگاڵ و
حیکمەتی شادان و

قولاب هەڵدان بۆ مانگ و
هێنانی بۆ ناو تەشتی پارێزراو
لەسەر سندانیان دانام
کردمیانە پڵینگی فریا و چنگ بەرزکردوو
مارم لە گەردەنی باڵندەی سەر هێلکە کردەوە
ئەو شاعیرەی ئەفسانەی لەبارەوە دەگێڕنەوە و ڕێگای درێژبووەتەوە
ئەمیش کات بە جریوە و جووکە و ئەندێشە دەپێوێ
بەناو کڵپەی ناکاو دەخولێتەوە
لە وەنەوز و تەونی جاڵجاڵۆکە و مێشی سەر لووتی ئەسپ تێدەپەڕێ
جیهان لەژێر پێیدا نەرمونیان و گەورە دەبێ
زەوی دەڵێت تەنیا سەیرکەری مانگ با بفەرمووێ
ڕوخسارم ماچ بکات و دنیا لە کڵپەی ناکاودا بەدی بکا
لە بەدیکردندا جەنگاوەرێکی دێرین
گۆرانی کرانەوەی قۆزاخەی پەمۆی گوت و پرچی خاو بووەوە

## ڕەنگی خودا ڕەنگی ئاو ڕەنگی شیعر

پەنجەرە چاوی ترووکا
بێڕەنگ ڕوومەتی خۆی بە پڕی پیشان دام و کوارگی کێوی
ڕوومەتی بەرزکردەوە و پەڕی کردەوە
پەنجەرە خانەی جەستەی خۆری تازەگەیشتووی چیایانە
بە ئارامییەکی زۆرەوە بێڕەنگ چنی
ئەو ڕۆژەی مرۆڤ دروست بوو
بێڕەنگ هەموو ڕەنگی دابووە دنیا
هێواش بە ڕێیان دەڕۆم و فوویەک لە ئاگری ڕاوچییان دەکەم
سوپاس بۆ بەختی باشم
بێڕەنگم لە پێوانی قوولاییەک ناسی
دیارییەکی کۆن بوو بۆم گەڕایەوە و نازی ڕادەگرم
ڕەنگی ڕژاندمە ناولەپ و چۆلەکەیەک بژاری کرد
ئاوا
بەڵێ ئاوا
نهێنی بژار کرد
هەر گیانلەبەرێک نهێنی بناسێت
ناوچەوانی لەسەر عەرد دادەنێ و نوێژی هەردوو دنیای بۆ دەکات
ناسین هێزە سەر بۆ هیچ نانەوێنێ

لاولاوی بە دیوار هەڵگەڕاو لادەدا
برینی دیوار دەسڕێتەوە و خۆشحاڵ دادەنیشێ
شەرابی بە دەمودووی پێغەمبەران گەییوە
ناو و وێنەی ڕایەڵە و زایەڵەی بەرەبەیانی لاوین

## کاتی تایبەتی ڕووبار

ڕووبار نەخشەی شەڕەپشیلە نییە
هێڵێکی خرۆشاوی درێژە لە پەرۆشیی زەوی
ڕووگەنما کانەگەنجینەی لەسەر لێو دەڕوێ
زمان دەیزرینگێنێتەوە
لەنێوان چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێدا هەنگاوی ناوەند دەهێڵێتەوە
شاری پڕ لە شەقام بانگمان بکە
کلیل لە دەستی دیکتاتۆر بڕفێنین
بیخەینە گەنجینەی منداڵێک
پدووی گەرمە بە هاتنی ددانی شیری
هەم وەک مەشقی کردنەوەی دەرگا
هەمیش وەک حیکمەتی شەقشەقە پەرە دەستێنێ
هاوڕێی گیانی دەبینێ و پشوو دەدا
نهێنییەکی زۆر لە ڕووگەنما جێ دەهێڵێ

لە مەودایەک زمان بیزرینگێنێتەوە
ڕووبار کاتی تایبەتی هەیە بۆ خەوتن و خەڵک بانگکردن لە
کەناری دانیشن
بۆنی زیندەوەرانی ناوی دەکات
لێشیان دەپرسێ
هیچ بێزاریتان لە پەروەردەکاریم هەیە
زرینگانەوەی زمان
چلباز لە کونی ورد دادەبەزێنێ و دەیکاتە کەتانی شۆردراو

## بەردی گرانبەهای جوودی

هەموو بەردی گرانبەها کوڕی نۆبەرەی نیشتمانی منن
لە سۆراخیان ڕێگا چوونەوە ناویەک
بێ هیچ سەرسامییەک بەناو خۆمدا سووڕاندمیانەوە
ئەسپی سمکولم لەگەڵدا نەبوو
مەست و شادمان گەیشتم بە شاری بێ ناونیشان
ڕێ لێ ونبووان بێپەروا مۆمیان بە دەور داگیرساندم
گوند ناترسێت لە بوون بە شار
سیمرخ باڵی بچووک بوو
لەسەری جێم نەبووەوە

له تەنیشت تەندوورێک باڵی لار کردەوە و دانیام
کوا ئەو ئاگرەی قوڕی دروستبوونمی کردە پەیکەر
گورگ کەڵبەی کلۆر نییە
لە لەنگەری کەشتیی هاتونەهاتدا شایەدی دەدەم
دوای نیشتنەوەی هەڕەشەی ئاو
چیای جوودی خۆی پیشان دا
لەناو دەستی بەڕەنگوبۆنی پیرێک پشووی دەدا و دەیناسینەوە
تای بەهاری لێ بوو
پێی گوتم بە ئاوازی چ کۆڕاڵێک و چۆن پرسیاری لێ بکەم
شوێنی لەدایکبوون بۆنی چی دەدا
گوند بۆ ناترسێت لە بوون بە شار
ئەوەی لە ناوچەوان نووسرابێت چاو دەیبینێت
گەر ڕوخساری ئەوانە ببینم کە دەمنێژن
ڕووناکییان لێ کۆبووەتەوە و بەدوای هەواڵی ئەمڕۆ لە سنوور ڕووداوێک هەیە دەچن
لە خۆمدا جێم دەبێتەوە
باڵندەی باڵ لە باران خووساو
دێتە ژێر کەپری دەستی خاڵیی لە گومانم
ژمارەی ئەو خانووانە دەڵێت خۆشەویستانی تێدا دەژین

**ئابی ٢٠٢٠ هەولێر**

# دەرکەوتنەوەی سەرلەنوێی دەستنووسێکی چوارینەکانی بابا تاهیر هەمەدانی

## گڵەیی گۆزە

ئاو لە جۆگەلەکانەوە دەچێتەوە ژێر زەوی
پاراوتر دەبم تا گۆزە گلەییم لێ نەکات
کاتێک ڕێڕەوی دەگۆڕێ و بە خێرایی هەورەبرووسکە
خۆیمان لێ ون دەکات
ئێمە لە چۆڵەوانییەکی ترساودا بیری نیگای تێکەڵاوی دەکەین
و هەڵاتوویەکین لە بریسکەی قەڵغان و شمشێر خۆمان
سڕیوەتەوە

## جەللادی ناقۆڵا

بەیان لێرەوە تێپەڕی ڕووناکی کۆ کردەوە و لەگەڵ خۆی بردی
نەیهێشت باڵندە چاو بە دەنکەگەنم گەرم بکەن و دەنووک خۆش کەن
نۆبەتدارێک تازە لەسەر گردێکی دەوردراو بە شۆڕەبی هاتبووە خوارێ و تفەنگی لە قوڵغ جێ هێشتبوو
تەمی هەست لەسەر حیکمەتێک لادەدا و دەڵێت جیهان لە بۆشایی قۆچی کەڵەکێویدا جەللادی ناقۆڵا پەروەردە دەکات و تفەنگ دەلاوێنێتەوە

## دوا هێڵی ڕۆژی شەشەم

تابلۆی زەوی هێشتان هەموو هێڵی نەکێشراون
باڵندە لەسەر لکی پڕ تووشی حەپەسان هاتوون
لە ڕێگادام چەند جارێک ویستوومە پێی ڕابگەیەنم هێڵەکان تەواو دەکەم
لە زەردەی ئێوارەیەکدا لوورەی ئاگر دەترسێنم و فرمێسکی نابەجێ نارژێ

## خواستێک لە حەکایەتخوانی بلیمەت

لە دڵی بە خورپەوە نزیکی و لە چوونەپرسەی ناندا بە تەنیشت یەکەوە بەڕێگاوەین
پەرچەمت لەسەر چاو لا دەدەم و شان بە زینی ئەسپەکانمان دەدەین
ڕێگا شەرمن و کەمڕووە دڕکوداڵی دنیا دەستی زاڵی لەسەری ڕاگرتووە
نان پاداشتی زەردەخەنەی ساز و سۆزی دامەوە و زرینگانەوەی گیانیش دەزانێ خوێن لە شەقام زمانی پڕ دەبێ
لە خواست

## لەناو دێرینترین شوێنپێ دووبارە بوومەوە

کۆتەرەدارێک لە حەوشەمان هێندەی کێوێک بە دەستوپێیە و
درەخت لە دەوری ڕواوە
ماڵیش پەنجەرەی گەورەتر و کۆڵان نامۆ نەبوو
چاودێرێکی خەواڵوو نیم و لەبەر ئاگردانی کوژاوەش
دانەنیشتووم
گەنجینەی پێی مرۆڤ بۆ تاهەتایە لە شوێنێک لە نێوان دوو
شوێندا دەمێنێتەوە و بارانی پەڵە کۆ دەکاتەوە

## بزربوونی ناونیشانی حەوا

ئادەم بۆنی ددانی ڕزیو لە دەمی دێ
حەوا خۆی لە تەنیایی مارە کرد و ناونیشانی بزر کرد
کەس تەماشای ئاشنای خۆی نەکرد و ناسین تەفرەی داین
ئەو درەختانە ئاشنامان بوون ڕەگیان گەیشتبووە ناو ڕووباری نزیک

## وا ناوی گوڵی باخچەی گەڕەک دەزانین

دەست باڵە بۆ فڕین و خستمە ناو دەستێک تازە سڵاوی لە
زەوی کردبوو بە زمانی سێبووری توانی پێم بڵێ ئەستێرەی
مایەوەی دوای شەوم و بۆ تاهەتایە ڕاستەقینەم
جامێکی فافۆن پڕ بوو لە ئاو
تای منداڵانی گەڕەکی هێنا خوارەوە
گوڵ ناوی گوڵی تەنیشتی زانی و ناونیشانی باخچانیان گوت
و ستایشیان کردن گەشە تێیدا کۆتایی نایە

## لەسەر پشتی ئەسپێکدا

لەو کاتەیدا شادی هەبوو
باڵندەیەک لەسەر پشتی ئەسپێک چاوی سووڕاند بەپەلە
کەوت و باڵی خۆش کرد
لکەگیایەکی کەوی بانگی کردبوو
هەمیشە بیر لە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان بکەرەوە تیژپەڕ
بەلاماندا تێدەپەڕێ و فیشەکڕشێنمان دەکەن

## جەنگاوەران بەسەر سەرابدا باز دەدەن

لە پەڕینەوەی هێڵێکی ئاسن دەموچاوم پڕ خوێنی گەشە بوو
دەستم بۆ درێژ کردی نێوانمان بووە تراویلکەیەکی کوێر یان مەرگی کەسێک
لە کەشوهەوایەکی پلەبەرزدا بە دەوری سووڕامەوە و لەترم دا
وەرزی دروێنەم بزر کرد گوڵەگەنمێکی لێکراوە بووم

## زەریا پێویستی بە مانگێکی بێهەستە

زەریا مەند نییە لە کەناری خۆی ورد بووەتەوە و دارەبازە
دەمەونخوون دانراوە
منیش بەدیار مۆمی ڕووداوێک دەمارم دەپشکوێن و ددانم
دەچێتەوە سەر یەک
ڕووبارێک بەرەو کانی باسکی داوێ و تاو دەدا
گڕێک جەنگاوەری شارە لەناوی گوللەی تفەنگی دەژمێریت و
شاد و شادمان لە حەوت ئاسمان ئەستێرەی هەیە

**تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ هەولێر**

# دەنگ

## برین و بڕین

برین دەڵێی مانگی پڕە بەسەر ڕێگای نیوەچۆڵ کراوەتەوە
دەست بەسەر دژواریی دادەهێنێ و پەنجەی گەرم دەبن
گەرمایی پەنجە گۆرانیی هێمنی و بیرەوەریی زەوییە
بە سوپای دۆڕاو شەڕ ناکات

❋ ❋ ❋

بڕین بەسەر زەوییەکی پڕ مردوو بەدواتدا دێ
بڕوای بە ڕۆیشتن نامێنێ و دەرگات لەدوا دادەخا
چرای سێبووریت دەکوژێنێتەوە
بە دەنگێکی برووسکەدار دەتخاتە چاوەڕوانییەکی ساردەوە

## بۆر و بۆڕ

سۆفە لەناو عەردێک کە سڵاوی دۆستانی وەرگرتووەتەوە
بۆر دەچێتەوە و کڵاوی دەجووڵێنێتەوە
لە پەنجەی گەوجی سەر پەلاپیتکە بێپەروایە
لە چاوی یاران بەر بینینی هەقیقەت کەوتووە
بە ئازاری دانەوێڵە پەروەردە بووە و نازی بای ناوباڵە

❊ ❊ ❊

تۆوی بۆڕ لەژێر خاکێکدا لە جەزبە بەرز بووبێتەوە
ڕایەڵی خۆر بەسەر خۆیدا هەڵدەکێشێ
ڕەنگ لە چاوی بەهێز دەبێت و هەڵە ناکا
تەزووی مردن بە جەستەی زەوی نەگەڕاوە

## گۆران و گۆڕان

گۆران خۆی مووتووربەی درەخت کرد و بە لای ڕووبارێکدا ڕۆیشت
گەڵایانی ڕازیان درکاند
لە شێوەی کۆتری پەڕگەرم جەژنی فڕینیان ڕێک خستووە

* * *

گۆڕان چاودێریی بوون و باشی نەکرد
خۆڵی دەوری کوارگی کێوی هەڵدایەوە و نواندیەوە
بە چاوی خاڵی و خەواڵوو
ڕوانییە ڕەشاییەکی دوور

## بڕ و بڕ

شتێکی سادەیە لەبری دڵەکوتێی دوا هاوار کە ڕێگات نادا بمێنیتەوە
چاوت تەواو خاو ببێتەوە و سروودی نیشتمانییت بیر بچێتەوە

* * *

لەبڕی دەستهەقی گۆڕ
وەک بوونەهەڵمی ئاو
لە شوێنێکی تردا دەربکەویتەوە و خێوەتگای پەنابەران هەڵبژێری

## کەر و کەڕ

چارەنووسی کەر ڕسکانە بەرانبەر گردێک
سوپای گیا داگیری کردبێت

* * *

کەڕ لەسەر زەمینی حیکمەتدا
بێباکە لە دڵەخورپەی مۆسیقای ماتەم و پێکەنیوە بۆ چرۆی نۆبەرە
هێڵێکە بە دڵنیاییەکی ماندووەوە دەڕژێتە خاڵەوە

## وەرین و وەڕین

گوڵێک لە بێدەنگیدا گەشەی کرد
لە شێی زستانێک وەری
شوێنی ڕسکانی ناسی و ڕسکایەوە
داوای کرد دەست بێن یەکتری بناسن

❊ ❊ ❊

فریشتەی دووڕوو
لە ڕووی یەکەمی شەرابی بەهێ بوو
لە ڕووی دووەمی سەگی وەڕیوی کلکبڕاو
هەور تێک نەئاڵان و دایان نەکرد

## هەڵکران و هەڵکڕان

لە ڕوومەتی کراوەدا ئاڵا هەڵکران
با دەمی هەڵبزڕکا و چۆکی مەیی
لێژی و گرژی لە لەرینەوە و سەما مەودایان نییە دەفتەری ڕێزمانن

* * *

خۆشەویستان چەشنی نوێژێک لەدایکبوون و ڕۆیشتن
هیوام خواست وێنەی دزی هەزار ئاگرم لە بەرگی دیوانەکەم هەڵکڕان دبووا

# باراندن و باڕاندن

باراندن تەپونم لە باڵی باڵندەی هەرداوهەرد دادەتەکێنێ
فێری بزەی دڵنەوایی دەکا و دەیڕژێنێتە ژێر درەختی دووبەر
گەشە و ئەنوای لێ ون نابێ

❊ ❊ ❊

ئاسکێکی سەر تاساو لە ئەشکەوت ماوەتەوە
خودا و خوداوەند ڕێم بدەن بە دوای ئەم باڕاندنە دا بچم
پاشان چەترێک هەڵدەم و بەناو تاریکیی تا لێ هاتوودا بڕۆم

## فریو و فڕیو

بەژێر درەختی سەر پڕ جریوە و جووکەدا تێپەڕیم
فریوم خوارد دەنگی باڵندەم لە بێدەنگیی درەخت خۆشتر ویست

* * *

دان و پووشی قەقنەس لە زایەڵەیە
پاراوی ئاگر دەچۆڕێنێتەوە
بەرەو چاوەڕوانی فڕین هێلکەی لە ڕازی نەبوون بە سەکۆی زەوی دەترووکێ
لەخۆبایی نییە دژی مرۆڤی گەوج دان و پووش و ترووکانی بردە ئاسمان
ڕێی نەدا هیچ ئاوێنەیەک بەرانبەری خۆی پاک بکاتەوە
دزی هێلانە شوێنپێیشی قایم بکات هەڵدەخلیسکێ

## سوور و سووڕ

ڕەنگی دڵ بە سوور بڵێ
تۆ لە کوێ بووی ئەی لە ئاو وڕێنەکردووتر بە ڕەنگ
سەنگەرگرتوو لە ژمارە و ساڵانی کەوتوو
لە هەمووومان بپرسە
بەهاوارەوە چووی ونبوو لە ڕەنگی دڵ تەماشای گەرمی
بڕیوەتە جەژنی ئەستێران

❊ ❊ ❊

ئاهەنگی چ نسکۆیەک یان مارەکردنی خۆر لە خۆی بگێڕێ
سووڕی ناوونیشان و گیان بەبەرهێنانەوە و بە زمان هێنان
ڕەنگی دڵ نەبووایە
ئەم دنیایە زاری نەهەنگ یان تۆپەڵێک ڕەنگی تێکەڵنەبوو دەبوو

**تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ هەولێر**

# ناونیشان بۆ گۆڕەپانی جەنگەکان

# له كاتی خۆیدا له قووڵاییدا هەڵدەلەرزم

# گرەو لەگەڵ کلیلسازی گەنجینەی پاشا و داهاتووی پێشبینیکراو

# پێم بوونەتە ڕووبار و خۆم بۆ شەڕی دنیا ناونووس کردووە

# قەلەڕەشێک بە قەوارەی هەورێکی زەرد

# گوڵەخوریی زمانی سەرکردەیەکی ئەژنۆ شلی بزمارڕێژ کرد

# هێڵ کۆبووەوەی خاڵ و دەریای بە هاژەیە

# پێغەمبەران بە جۆرە دوودڵییەکەوە ڕوخساریان وەرگرت

# ڕووناکی و مۆسیقا ڕوخساری شاعیرێکن بە دوژمن دەوردراو

# که ڕۆیشتم پێڵووی چرایانم هەڵێنا و مانگم بە ڕێگاوە

**کەڵەباب و مەلا دەستڕەشترین دێوەزمەی یەکترن**

کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ هەولێر

# خاڵبەندی

## خاڵ

خاڵ لە شەرمێکی گەمژانەی ڕستە ڕادەگرێت
زەمینیش دەخولێتەوە و بەدوای خورپەیەکی بەهێزەوەیە
ئەدی بەخشندە بە کام دەست دەبەخشێ و بە کام دەست لێمان
دەستێنێتەوە
دوای کەمێکی تر زەمین هەمووی تاریک دەبێت
بە دەنووکی سووری قەقنەس گۆڕێک هەڵدەکەنم
دڵ پێی ڕازی نییە و ئاهی شادمانی تێ نەگەڕاوە
گوڵەستێرە لەناوی نیشانە و ناوە
بە نیگایەکی ماندوو بیر و پرۆژەی دیوارانی دەخوێنێتەوە
لەوێ پەیام ناگات
کەویش لە چیای لاڵن

## دووخاڵ

کاتەکانی ڕۆژی پێشوو دووخاڵ بوون لەسەریەک
دوو لێوی کەمخوێن پەیامێکیان لەناو خۆیاندا سەرسام
کردووە
هاوهێزی ئەستێرەن

گۆچانی کوێرێکیان لەسەر بەردی خز لادا
ئازار یەکەم ڕوخساری وەرگرت
یەکەم ڕوخسار باوەشی فراوان بوو
جەرگی داگیرسا و جۆشی دا بە شکۆ

## سێ خاڵ

خاڵ بە ڕەنگی سوورێکی گەرم و بە دەنگێکی دۆستانە
خۆتمان پێ بناسێنە
لەپێناو چیدا درێژ دەبێتەوە
چاوی دوێنێ چی بەدی کردووە
قەلەڕەش لەسەر کاغەز سووڕ دەخۆن و دەنیشنەوە
پێیان شوێن بریندار دەکات
سەیری ئێرە بکە و بۆچوونی خۆت بڵێ
ڕێگای ژیان لە ڕێگای مردن جیا نییە

## کەوانە

کەوانە دیواری بەردینە بە دەوری کۆشکی پاشایان
بە خۆشترین دەنگ گوێ لە سروود ناگرێ
هیوای بە چی دەخوازێت
ڕووناکی لە کونی کلیل نایەتە ژووری
مرۆڤ لە یەکەم مووچڕکە و بێداربوونەوەدا سەما دەکات
ئەو ترس و پرس و دڵپەرتییەت لە چییە
ئەوها پەرژینت قایم کردووە
چ تارماییەک دێتە ناو سێبەرتەوە
هێزی خووسان هاتە ناو ئەو قوڕەی
مرۆڤی لێ دروست بوو
زەوی تای لێ هاتووە
وڕێنە بە هەڵلووشینی گۆشت و خوێنی مرۆڤەوە دەکات

## هێڵی لار

هێڵی لار فریوت دەدا
شکۆی بەتاڵ و ستایش وا دەستی پێ کرد
لاپەڕە داخە
ڕەگی گەرم گەیشتنە بەرد
چاوەڕێی چ بەروبوومێک مەکە
دەبێ ئازاری یەکتر بدەین
ڕق هێز و توانا نییە

## تەقەڵ

تەقەڵ ئەو پارچەزەوییە خۆشکراوەیە
فڕۆکە لەسەری دەنیشێتەوە
زەوییەکە دەبێتە حاجی قادری کۆیی بەردی سیزیف بەشانەوە

فڕۆکەش وتم بەبەختی خەواڵوو
لاپەڕەی داهاتوو هەڵدەدەمەوە دەگەمە ماڵی میتافۆڕ
لە گەڕان خاو دەبمەوە
لەناو ڕووناکییەکی گەشەکردوو لە خۆمدا دەژیم
گەردوون دراوسێیەکی بەکەڵکە
خودا لە فڕینی یەکەمین پەپوولەی ساڵ
مێژوومی بە دەستانی هەڵگرت
بە شاخی کەڵەکێوییەوە گرێی دام

## وێرگوڵ

وێرگوڵ پیاوێکە کرۆشکەی کردووە و ترس دەدوێنێ
گومان لە قۆرتی بەرپێی خۆی دەکات
بۆشاییەکی زۆر لەنێوان پێغەمبەران هەیە
خەڵوەتگایان لە تیشک بەتاڵ کرد
پێویستە با ببینم
لێی بپرسم لە نێوانان بەرەو چ چارەنووسێک ڕۆیشتووی
دەرگای چ ماڵێکی خانەدان نازی ڕاگرتی
یان درەختێکی خاڵی لە جریوە و جووکە

## ئەستێرە

ئەستێرەیەکم لەسەر باڵی حاجی لەقلەقی هەولێر دانا
بەناو شاری جەنجاڵدا تێپەڕیم و گەڕامەوە
تاجەگوڵێنەم لەسەر گۆڕی یەکەم شەهیدی
جەنگی سێیەمی جیهان دانا
گەشتی سامناک کۆتایی هات
ئەمە  تەنیا خەونێک بوو
لە بەرەبەیانێک بینیم و فڕیم بۆ سەرزەمینێکی ساکار

## نیشانەی پرسیار

پرسیار هەڵگری ڕق و قینی خەپەتۆڵە و توێتوێیە
ئای چەند درەنگە خۆشەویستیت بیر نەچێتەوە
پێویستە لە لەبیرنەچوونەوە سەرچاوەی شت و وشەم خۆش
بوێ
کتوپڕ دڵنیا بووم و چوومە ناو خەون
بۆمبی جەنگی سێیەمی جیهانی پووچەڵ بووەوە
دنیا بۆچی ئەوەندە تازەیە

## نیشانەی سەرسوڕمان

سەرسوڕمان ناکۆکی نێوان نیشانە و گریانی تەواونەکراوی وشانە
تێکەڵکردنی خوێن و چۆنیەتی بریندارکردنە لەناو خۆت
چی لەبارەی فریاکەوتنەوە دەزانی
دەچیتە سەر چیای ئاگادارکراوە و لە ڕۆحدا دەمێنێتەوە
ڕۆح لە ئەسپی ڕەوهان خێراتر دەتگەیەنێتەوە یەکەمین پێگەیشتن
تارای ڕاستی و هەڵان هەڵدەدەیتەوە
چاوی ڕەگ لە ئاڵوگۆڕی ڕەنگی پەلکەزێڕینە
داڕژایە ناو زەوی گەرم
درەختی گۆرانییان بەرەو شەرمێکی قووڵ ڕۆیی

**کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ هەولێر**

## شاعیرێک ڕەشنووسی وەسیەتی بەدەستەوەیە

فریشتەیەکی ئاژاوەگێڕ و توند تەونی هەموو ژیانی بۆ چنیم
ڕووەو من سینگی گەرم کرد
مەودا بە کۆچی وشە دەپێوم
کوڕە نۆبەرەکەم شیعر
لە جەنگی چوارناڵەدا بە ڕێگای نیشتەجێبوون دێمە بوار و هەوارت
گوناهێکی گەورەیە دەست لە ئێسک بدەیت و ببێتە خۆڵ
باڵ ماون لە زەوی بخشێن و لە ناوچەوانی ماندوومان بپرسن
ئەوە چیت لێ هاتووە
شارێکیش لە پێویستییەکی هەنیەیی تەزوو لە هەناوی دەسووتێ
هەتاوی لاویی لە پشت بئاڵێنم و درەختی یەکەمی بە دەوردا بڕوێنم
ئەوانەی دوای شوێنپێ کەوتوون
بە زەردەخەنەوە بەخێرهاتنیان بکا و بە لێوی بەهێز ماچی بکەن
بەرەو ڕوخساری لە نەرمونیانی ئەستێرە چنراو هەنگاو گەرم دەکەن

ڕۆح سەرچاوە دەناسێ و دەزانێت دڵنیایی چییە
زەین و زەمین مانگی بەهێز و پێگەیشتوون کانییان پڕ
دێوی چل کێوانیشیان شکاندووە

* * *

لەوانەی بەدگۆییان بەرانبەر کرا
زۆریانم ناسی و بوونە ئانوساتی سپێدە لە ڕوخساری مندا
سەردەستی کراسم هەڵدەدەمەوە و سەیری گوڵی بێباکیی دەکەم
هەوای دەوروبەرم پڕدەبێ لە لێدانی دڵ
تەواوی قسەی دڵی خۆمی پێ دەڵێم و بە قسەی دڵ دەگەم
ئەگەر شێر بمخوا
ڕووناکی دەمارم لە ناوچەوانی لێ دەدا
ناسینەوەی هێلانەی بەرزی بەچکە نەڕۆیشتوو ئاسانە
ئەگەر چەقەڵی خۆدۆڕاویش بمخوات
ڕووناکی دەمارم لە ناوچەوانی خاودەبێتەوە
چاو لە شوێنی نامۆدا
وزەی ڕەوانبێژی وەردەگرێ و جیهان لەسەر شانی ئەم ناخاتە جێگای ئەو
مەیسوورێنە
هەزارویەک سووری ژیان لە سادەیی دوانت دەخەملێن و دەردەکەون

هەوێنی دڵ بگرەوە و جریوە و جووکەی دێڕ ئاوازێکی درێژخایەنە
گەڕەکی قسەنەستەق داوات لێ دەکا بچیتە ناوی و چەترێ هەڵدەی
شکۆی سرووش و سروشت بخەیتە پاڵ یەک
**نالی و**
**گۆران و**
**ئەنوەر قادر محەمەد**
خەونی نۆبەرەن لە قوڕی بەهێز ڕسکاون
هاوشێوەی خوداوەند هەموو شتێکیان بینی
ڕەنگی دڵیان ببینە
شەو و ڕۆژ وەک یەکیان لێ دێ
لۆکەت نەخستووەتە گەرووی گۆرانیبێژی حاڵزانەوە
شاعیری
هەستاوەی سەر کلک و
زەڵکاوی وشکبووەوە و
قەلەڕەشی لەناو کڵاو دان بۆ ڕۆکراو و
هەواڵدەری ئەشکەوتی دڕندان
لە کاتی کڕنووشدا وشەی چەپۆکیان لە سەر درا و منداڵدانی مێشکی هەڵبزڕکا
پاشان پاداشتەکانی وەک بەردی مردە و ئەسپێی تێرخوێن

بەسەر یەکەوە ژمارد

* * *

دووبارە سەیری گوڵی بێباکی دەکەمەوە
خاوەنیماڵێکی هەناسە خۆشە
بەرهەیوانی کتێبێکە بە ئاگایی کات دێڕەکانی تۆماردەکا
زەوی لە شیعر لەدایک بوو
قوماشێکی نەرم لە برینمان دەپێچێت

* * *

گەرمایی پەڕی خوێنراوە بەسەر سەرمەوەن
تاسەی خودا دادەبەزێننە سەر زەوی
نزیک شاری تازە دروستکراو ڕوخساری بووە کێڵگەی گەردوونی
ڕۆژە لێڵ و شڵەژاوەکانی باش کردین
چاوی ڕەشەبای تێدا هەڵناکا و بازاڕی کۆیلەفرۆشانی لێ نییە
گای پەرکەمگرتووش لە جێی کەڵەباب ناخوێنێ

* * *

خانەخوێی ڕووناکی داوای پێوانەی هێزی چاوی سەمەندەری لێکردم
کوا
بەدوای قسەی خۆیدا نەهات

خانەخوێی ڕووناکی داوای لێ کردم کلیل لە ماڵەکەی بسووڕێنم
کوا
بەدوای قسەی خۆیدا نەهات
خانەخوێی ڕووناکی ئاگاداری کردمەوە لە چاوترووکانێکی
ناکاو ئاسک بە درەوشاوەیی دەبینم
کوا
بەدوای قسەی خۆیدا نەهات
خانەخوێی ڕووناکی فەرمووی پشووی تاهەتایی لێ کردم
کوا
بەدوای قسەی خۆیدا نەهات
بڕوانە کواکان دەردەکەون و ڕادەپەڕن
ئەفسانەیەک لەبارەی پەیامبەری و پێشبینی دەگێڕنەوە
زەوی گەرم و پڕجۆشە و لەخۆبایی نییە
خۆرێک لە نێوان دێڕی پەڕی خوێنراوە هەڵدێ
بەسەر سەرم بەرزدەبێتەوە و ئاگادارم دەکاتەوە
چاوی چاودێر چ لێڵە
دنیاش برینێکی گەورەیە

**ئاداری ٢٠٢١ هەولێر**

# سیما وساڵەکان لە پێ پیرۆزەوە

١

لەگەڵ ئەستێرە بیردەکاتەوە و لە مەی سوورەوە دێ
سەرلەنوێ سەیری بای سەرپەنجەرە دەکەمەوە
لە کۆتایی ڕێگا دانیشتووم و سڵاو وەردەگرمەوە
چاوم ماندوو نییە بە زۆربینی
کاتێ زۆربین درۆ دەکات دەنگی ناقۆڵا دەبێ

* * *

ڕێبواری یەکەم **زێوان**
بوون تێیدا لە بەیانیی خۆڵەمێشی و مانگی نیوەگیان نامێنێتەوە

*

ڕێبواری دووەم **ڕووەکەکانی خوداوەند**
دیکتاتۆر نەیهێشت گوریسی جۆلانە بەدرەختی ناوچیا
ببەستین

*

ڕێبواری سێیەم **خەون وا خۆی گێڕایەوە**
گوڵم لە بێئاگایی نەچنیوە و نهێنی گەشەکردنم
درەوشاندەوە

*

ڕێبواری چوارەم **شەڕی چل ساڵە**

نوێژی دڵنیایی خۆی دووگوردی بۆ هەڵبژاردم و دەستی
لەسەر ناوچەوانم دانا

*

ڕێبواری پێنجەم **مردوویەک ئاگای لە هەمووانە**
مانگی هەڵاتوو سواری ئەسپی بە پەمۆ شۆردراو بوویمە
جێم بهێڵە

*

ڕێبواری **شەشەم سەد و یەکشەوە**
باڵندەیەکی تازەفڕ چووە ناو دێوجامە ئاسمان دوای
ئاسمان بۆنی ئاگرکەوتنەوەی کرد

*

ڕێبواری حەوتەم **ساڵی سفر**
لە کاتی کۆنم ڕوانی و گەمارۆی شارە نوێیەکانم شکاند

*

ڕێبواری هەشتەم **سروودی زەوی**
جارێک لە جاران لە ماڵی درەختێک تاسەم پشووی دا

*

ڕێبواری نۆیەم **حەزدەکەم ئەوەندە بژیم**
من و قۆزاخە لە بینینێک چاومان تروکا و بۆنی مۆمی
سووتاومان کرد

*

ڕێبواری دەیەم **دواکەوتن لە کەشتیی نووح**
گەیشتن ئەستێرەی تاریک نەکردم و بە تەنیا ڕام نەکرد

❊

ڕێبواری یازدەیەم **بەها و هەڵەی پێشبینییەکان**
گەرمایی گۆنای چیا مۆن بوو

❊

ڕێبواری دوازدەیەم **سەرەتا وشە بوو**
شەپۆلی هەڵچوو لێی دام لە ژووری سارد و نزم هەنگاوم نەنا

❊

ڕێبواری سێزدەیەم **سەرزەمینی هەموو ناوەکان**
بە هێمنی لە سوارە تاریکەکان دوورکەوتمەوە و تەنیاییم لە پشت سێبەر نەگەڕا

٢

ئەسپی ناڵ پەلکەزێڕینەیی بە مانگم گوتووە
تاریکی درێژە ناکێشێ دەرکەوە
کۆمەڵێک وێنە چاو و سڵاوی ئەییووبن بە دیواری ژوورەکەمەوە
ئەوەی گوتیان تەمەنی نەمری و حیکمەت بوو
پەردەی گوێم بووە تۆمار و پیشانگای نایاب

پێ پیرۆز لە ڕێی دیداری ڕوخسار ڕووناک
لە قاپێکی قوڕ میوەی لەسەر دەستی ڕاگرتووە
خودایە نهێنی ڕوخسار ئاشکرابکە
دڵ خۆی شەراب لە جام دەکا
خومار لە خەو هەڵدەستن و لە خۆیان ڕووناک دەبنەوە
بە بەرچاوی بەرچاوتەنگان لە شەقامی لۆمە تێدەپەڕن
بۆنی هەویری هەڵاتە لە دارەبازەم هەڵدەستێ
بەرەو شوێنی کوشتن و دەرکەوتنم هەڵمگرن
لە ئێستادا هەموو شتێک درێژدەبێتەوە
درەختیش زوو کەوتە سێبەرگرتن
لە شوێنێک وەستاوم ئاگاییم لەبارەی هەورەوە هەیە
باڵندەی ناو بای سەر پەنجەرە باڵ و ئاسمانی کەوتە لام
هاتە ناو نابیناکانەوە
باوەشمان تێکوەرینا و بیرمان لە بینایی و بینین کردەوە
ئەوانەی لە شەقامی لۆمە پەڕیونەتەوە سەیرمان دەکەن
لە چاوی چیای بەکەڵەکێوی گەرمترن
بینین خۆی بێتاوانە سزای بینینێکی تر نییە

**تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ هەولێر**

# سپی بەرەو ڕەش

بە دەشتێکی ناسراودا دەچووم بەختیاریی بەئاگا بهێنمەوە
کە نان و ئاو لەم دەست و ئەو دەستی دانراوە
بەرازی لمووزڕەشی شێرپەنجە ڕێگای پێ گۆڕیم
من لە ڕێگای سێبووری و خەڵوەتی ئەزبەرکردنی درووود لە نەرمەغارم
ئەویش لەو ڕێگایەدا هەنگاوسووکە
شینایی دەریا شیرازەی ڕێک خستووە
تێکەڵی بایەکی خاو دەبین
خەون و بیرەوەری شێدارکردووین
وا نزیکە ببییە نەبینراو
چی ما بە لێوی گەرم ماچی بکەم
قەفەزەی سینگی زەوی بەخێرایی بەرزونزم دەبێتەوە
ماسییەکم زمان گران
فڕێ دراومەتە بەردەلانێک کەس بەلایدا ناچێ
سەرسامی چاوێکی گەورەیە
ڕووەکان دەبینی
خەتە جووتەکەی کێڵات
شیری گوڵەگەنمی لەناو لەپی منداڵانمان ماوەتەوە
شاعیرێکم مانگ لارەمل و پێڵووکەوتوو

سێبەری مۆن و لێڵی بێهیوایی لە سەروژوور گەمارۆی داوم
شیعر ئەی مانگەشەوی بەهێز و برینی سپی بە ناوچەوانی نزاکانمەوە
شیری دایکی خودام خواردووە بێ ویستم مەکە
دڵم لەناو دەستم داناوە
کاروانیشی بەسەر زەویدا دەڕوا
زەنگوڵەی ماندووە
سەرنجێکی سارد
خۆری ئێوارە بەسەر ماڵەکەمدا دەڕوا و لانادا
بێهیوایی لە ڕۆژوڕۆژگار خێراتر دەسووڕێتەوە
چاو لەسەر لاپەڕە خاوبووەتەوە
دڵیش لە وێنەی مات سەرڕێژە
ئەرێ ئەو بەردەی دەکرێتە پەیکەر
ئەو باڵندەیەی لە هێلانە دروستکردن پەڕوباڵی تەڕبووە
چ ئازارێکیان هەیە

**تشرینی دووەمی ٢٠٢١ هەولێر**

# دیوانی مات

١

لە ماوەی کەمی نێوان شەو و ڕۆژ
دڕکودالّی تەڕوتووشییەک ڕژایە ماڵەکەم
هێلانەی ڕەشداگەڕاندم و تەمەن سڕ و کۆلارەشم لار
باڵندەی بەرەو ساردایی زستان کۆچیان کرد
دیوانی ماتیان بە باڵ نووسی و پیتیان بۆ لای بێدەنگی گەڕاندەوە
لەناو لکوپۆپی درەختی حەوشەیان دانان
ئاماژەی کەوانەی ڕووناکیان کرد
پێیدا دێینەوە
مانگمان بەدەستەوە دەبێ
ئاسۆ گەورە بوو
وێنەیەک لە ئەلبوومی خێزانی هەڵدەبژێرین
لە دەرگای ماڵی دەدەین
قۆزاخەی پەمۆ دەکرێنەوە و ڕەنجیان ناشارنەوە
خەندەیەک گەشی کردوون و بۆ سەدادانەوەی تاسەی
ڕەنگ بە ڕوو نەماو و باران لێ گیراوەوە دێن
چاو دەگەشێتەوە و وەک یەکەمین ڕووناکی شتێک دەڵێ

ئاسمان بە تەواوی جریوەی دێ
زەویش گوێڕایەڵی دەبێت
ئەستێرە و مرۆڤ لە بەرچاوان ڕاناکەن
ڕۆژانە چەند جارێک پرچی ئەستێرەی ماڵ
بەسەر دەرگا و پەنجەرەدا دەکرێتەوە

ئـ

باڵندەی بێخوێ لەژێر پەردەی درۆی دوودیو سوورڕ دەداتەوە
ئاژەڵی ترسناکیش زوو لە خەو هەڵدەستێ و بە باریکەڕێدا دێت
کەڵبەی لەخۆبایی بەرانبەر ڕوخساری ئاویم جیڕ دەکاتەوە
ئاوازە تەواوبووەکانم نەگوتران
ئاواز شوێنی ئەستێرە ڕوون دەکاتەوە
دڕکودالّی تەڕوتووشی ڕەگی بادام
ئەمە سزای شیعرە و شیعریش ترسا و سەیرم دەکات
چاوتان بەتاڵ کەن بە تەنیا دەڕۆم
سڵاو لە نهێنیی جێهێڵراوی گۆڕ دەکەم
پەنجەم بە ناوچەوانم شۆڕ بوونەتەوە
ئەوان شاعیری جادوولێکراوی
ناونووسکراویان بۆ بەرەی جەنگ نەبینی سارد هەڵگەڕاوە

ب

شکۆمەندییەک لە گەنجینەی بێنەوایان هاوار هەڵدەدا
دیوانی ماتی تێدا دەپارێزم و قسەیەکی پڕ لە ڕاز دەکات
بە تەنیا و بێ چەک سەرنجی دەن
سێبەری خوداوەندم خستووەتە سەر
کانییەکی ساکار و دڵ پڕ لە قوڵپە
لە هێزی هاوار خوڵقاندوومە
کات سوور نییە لەسەر ئەمەک
لە هاتنیشیدا تاریکە

ت

بە کەوانەی ڕووناکی نا
بە پەنجەرەیەکدا هاتنەوە
نزیکیان بەفری بەئەمەک باری
دیمەنێکە کێ دەیەوێ بەشداری تێدا بکات
پاشان شەڕی سنوورێک بکەین و بیشکێنین
شاری حەوت دەرگا بینا دەکەین
بە تەنیا و بێ چەک سەرنجی دەن
ماڵێک ژمارەی ڕەنگەکانی

پەلکەزێڕینە و ئارامیی خوداوەند بینای کردووە
مەلەوان گرێی ڕووباری هەڵەشە دەکاتەوە

پ

مێروولەکان قەڵای خانەدان و بژارکراوی ئێوەم شارم لەناو دانێن
ڕاوێژکاری چەتان بانگ مەکەنە لای خۆتان
لە ئەستێرە دابەزیو بە زمانی ناسیاو بلاوێننەوە
هێلکەشەیتانۆکە بۆسە و سەنگەری بکوژ نییە
لە کازیوەی نەوی تێپەڕە لار پیشانت دەدا
ئاوێنەیەک چاوی خومار تەمی لەسەر لاداوە
بەرانبەرت ڕوخساری بە فەرامۆشی گەیشتووە
ئەم ئاستە بۆنخۆش و ساتە بێگەردە زمانی ناسیاوە
بەرزایی خۆی بزر ناکا

ج

بەسەر پشتی ئەسپێکی لێوبەبارەوەم
کۆترێکی باڵگران بەسەرمدا دێت و دەچێ و لەنگەری زۆری خایاند

دەنووکی داخراوە
گۆرانی لە پەڕی دەڕژێ
لێوم هەڵێنایەوە
ئاوی خدری هێنابوو دەستنوێژ بشۆم
دیواری ماڵ پڕ بوو لە کاتژمێری قورمیشکراو
پەیامێک دێت کات بزر نەکەم و بە هێمنی بمێنمەوە
ناو و ناسناو و نیشانەی ڕاستەقینەی
کووپە و
مەی و
بێستان و
ئەلفوبێم دیوانی ماتە
نزیک پەنجەرەی پۆدرەپڕژێنکراو
بای سەرپەڵە دەست لەسەر گەرمیی ناوچەوانم دادەنێ
تکایە دایکم و منداڵەکانم بە مردنم نەزانن
هەموو ڕووداوێک دەکرێ ڕوو بدات
زەمین لەسەرخۆ وەک باڵندەی هێلکەترووکاو
دەکرێتەوە و پڕ ئارەزوو پێدەکەنێ

**نیسانی ٢٠٢٢ هەولێر**

## مردووان گۆرانی زەویی دووەمیان دەڵێن

یەکەم بوونەوەر مێرووولەیە بۆنی پەڵە دەکات
خۆی توند دەگرێ و باراناو لە شاری لا دەدا
لە ئاهەنگی چل ساڵەدا
چەندین گۆرانیبێژ بەشداربوون
یەکیان لەناو ڕووناکیی چلپەڕدا
مەستانە ئاواز و تەزووی بە بەردی تەزیویش دەدا
گۆرانی چاوەڕوانی گۆرانیبێژە گەرووی نەخەڵەتێنێ
گورانیبێژێک دەنگ لێی یاخی بوو
باڵندەی چلئاواز بەناو ڕووناکی چلپەڕدا هات
لەناو لەپی دوو هێلکەی چلخاڵی دانا
باڵی سووک لێکدا و چل جار لە هێلکەکانی خشاند
خۆر گەرم بێ دەترووکێن و پرچی نەرم دایاندەپۆشێ
دەبیەوە منداڵی دەست بە ترش و شیرینی بەرات
مانگ کانی پڕ ڕووناکی چلپەڕ و مەودای ڕێ دەکا
ژیان درێژبێتەوە لە کۆمەڵە یادگارییەک زیاتر نابێ
دەفتەری خامۆشییت دەکرێتەوە و هێڵی درێژ نابنەوە
ئاگر فریوخواردووی بەختەوەرییە
نازانێت بنووسێ فریشتە و خوداوەند دیارنین
هەمووشمان لەناو

ئاوێنە و بەترس هەنگاونان دەمێنینەوە و داناگیرسێین

* * *

خوێ فرمێسکی ماسی و دەمەبۆڵەی قرشە
دەتوانین وێنەی دەریای چل ڕووبار بە کەف بکێشین
خۆری لەژێر دارهەنار تێرخەوبوو
بە ئارامیی بەسەریدا تێناپەڕێ
گیای کەناریش بەرزن
باڵی ئارەقەکردووی باڵندەی
بەناو ڕووناکی چلپەڕدا هاتوو دەشۆن
بۆ بەرەو هێلکەترووکانێکی تر
گۆرانیبێژی مەست ئامادە دەبێتەوە
پێی باڵندە نەرمە
لەناو لەپی منداڵی ساواش ڕاوەستێت ئازاری نادا
ڕوون و ڕەوان
پێروو و تەرازوو دەگەنەیەک و دەستیان لەسەر ملی یەکتر
گەرم دەبێ
ئەوەی دەیبینم نایشارمەوە
لایەکی زەوی چاو و ئارامی پڕ سەروەرییە
چاوی گورگیش چرا نییە

* * *

زێوان بۆ دڵڕاگرتنی گۆزەی چل قوڵفی مەی
شار گەورە مەکە
چاوم کەم بینابووە و چرام لێ ون دەبن

* * *

پەڕی چل باڵ و ئەنگوستیلەی چل نقێم
لە ماتی و مەلوولیم وردمەبنەوە
خودا ئاشقی کردم و پێناسەی خۆی و ئەشقم پێ نەکرا
دێو و دوژمنیشم لەزۆربوونن
دڵم خستە هەوێنی ڕووناکی چلپەڕی شیعر و بەهاری بێدەنگ
دروشمێکم بۆ دێو و دوژمن زۆربوون نەدۆزییەوە
ڕێگا دەستی بۆ درێژکردم و ڕۆشتم
هونەری ڕەوانبێژی  و ڕوانین فێربووم
گوڵەمووتووربەکراوی ئاوم یان پێستی هەتاو
ماڵم کەوتووەتە تاجی چلپەڕی زەوی
ڕووناکی چلپەڕ هۆی دۆزینەوەی یەکەمین ئاوێنە چییە
ڕوون و ڕەوان
بەهێمنی و بێدەنگیش ماومەتەوە و هەستەکانم لە ئاگرن
باڵندەی چلئاواز وەڵامی پێ بوو
ڕەگ لە گەڵا و گوڵ جوانترە
زەویش دەیشارێتەوە

ڕەگ سۆراخ دەکا و ناز بە بەروبووم دەدا
وەک بیابان ناولەپی بەتاڵ و چاوپڕترس نییە

* * *

ئادەم ئەگەر سێوەکەت تەواو نەخواردووە
شتێکی بدە من
نائومێدیی دەکوژم و هەستم تینی تێ دەکەوێت
زەوی لە ڕەگ شاردنەوە ئاگادار دەکەمەوە
کفنی پرچ خاوان شێدار مەکە
ئەمڕۆ یەکەم زەنگم لێ دا
چل شەو و ڕۆژ بەسەر مردووەوە نامێنمەوە
باخچەیەکم بە دیواری گۆڕستانەوە هەیە
ئاسمانی چل پیرۆزەی بە تەنافی شۆڕکردووەتەوە
ڕوخساری جۆشمان دەدا و بە دوو دەست
یادگاری و پیت و فەڕی هەڵگرتووین
هێز و هەستە نزیکەکانی بوون و ئارەزوو بەجێمان ناهێڵن
کەشتیمان دەخەنەوە ناو ئاو و ڕووناکی چلپەڕی ڕاو
کاتژمێر بە دیواری کەشتی هەڵناواسرێ
دەستیشمان بە کلیل و قوفڵی دەرگاوە نامێنێتەوە

* * *

چاوی بیرکردنەوە

بێ خوشک و برایە
بێ ئاگر و مۆمە
بێ ڕووبار و بەردەبازە
بێ نامە و نامەبەرە
زەویش هێشتان داوادەکات مرۆڤی پرچ نەرم لەسەری لەدایک بن
چیرۆکی سەیر و نامۆ لەبارەی مرۆڤ گێڕدراوەتەوە
پەڕی تاووس هەڵدەکێشێ و دەیکاتە گێسک
ماڵیشی پێ خاوێن ناکرێتەوە
ماڵێکی چاو پڕترس

* * *

پەیوەندییەکی پڕ هەست
نەوتی ناو چرا مرۆڤ ناسووتێنێ
دەبێتە ڕووناکی چلپەڕ
داری سووتاو خۆڵەمێشەکەی
ناوی کەسوکار و منداڵەکانی دەژمێرێ و ستێ و بەردەستێین
ڕەگ
لک
پەلک
ئەو بیرکردنەوانەی تێپەڕین

لە شەو و ڕۆژێکدا کات کۆتایی دێت
شوێن بەرزدەبێتەوە
ناتوانین تەماشای بکەین
ڕێگا چۆن لەدایک دەبێ

❊ ❊ ❊

لە ڕووناکی چلپەڕ هاتوو
خوداوەندێکی چل پەڕاسووە لە دەستنووسی گەنمدا
ڕوخسارمان بۆ دەگەڕێنێتەوە
ڕوخسار مەودای ڕێگا نزیک و ڕووناک دەکاتەوە
بەهار مووچڕکی دڵنیایی لە جەستەی زەوی دەگێڕێ
زەوی چاوی بە گریان سوور هەڵنەگەڕاوە و خەواڵووش نییە
مریەم بەسەر لەدایکبوونی عیساوە مرد
گولله لە ناوچەوان دەرناچێ و ڕوون و ڕەوان
سووری خوێن پاراو دەکات
گۆرانیبێژێک لە ناوچەوان نێژراوە
زەوی بووەتە ئاواز و گۆرانی و بۆنی خۆشی درەختی زگپڕ

**تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ هەولێر**

# تیشکە پڕەکان

# کاتژمێر سفر

ناقۆڵای ئاماژە ڕەش
چاوی گرژی کردە قولاب
پەنجەشی وەک چزوو و بانگەوازی هەڕەشە بەرزکردەوە
بێ پرس و سڵاو باجی وەرگرت
بە تەنیشت گۆڕی کەمەرەشلان تێپەڕی
تاساو لە نیوەی پەیژەی ڕوخسار و تارمایی
لەناو هەموو یادگاری و ماڵی شادمانی ڕۆحەکان ماوەتەوە
گۆڕستان بە خورپەی باڵی باڵندەی ماندوو شوورە کرابوو
چووم لە چیای تاسە و ناوچەوان پڕ هەست
تامی نۆباران و ئاشنابوونەوە بکەم
دڵم بەرزکردەوە تا ئاستی دڵپشکوتوویەک
بە بادەی سووری زەوی ژیاوە
پاشماوەی داڕووخانیش دەداتە لا
خۆر کاتژمێری زەوییە
دەستی تاریک و نۆبەتداری نهێنییەکانی ئاسۆی
خستووەتە ئەم لا و ئەولای چرکەی سفر
تاخمی چام شکا

**٢٠٢٤/٣/٢٧ هەولێر**

# هەناسە و ئاواز

به دیواری ژوورەکەمەوە
وێنەی قالەمەڕە لۆچەکانی ناوچەوانی قووڵن
نیوە تاساو چەناگەی خستووەتە سەر شمشاڵی
مردنیش دەستی لێ بەرز کردووەتەوە
ژمارەی کونەکانی بیرچووەتەوە
لە کامیان شەیتان دەردەکرێ
لە کامیشیان خوداوەند دێتە هەناسە و ئاوازیەوە
کونەکانیش لە دڵی شمشاڵدا دوژمن نین
بیریشیان لەوە نەکردووەتەوە
ئاواز شەیتان دەردەکا
خوداوەند دەهێنێتە ژوورەوە
وێنەکە تەماشای ون نەبووە
دیواری ماڵی منی کردە بەرزایی خۆی و گواستیەوە ناڵەشکێن
دەنگی کۆڕاڵ و گڕوگاڵ کردیانە
مۆزەخانە و
سەرا و
هەوار و
تەزووی خودایی
ئاگرێکی ئەفسانەیی گەرمی کردوونەتەوە

دڵ و چاوم بۆ ئەوە ڕاگرتووە
درەختی سەروپرچ پڕ باڵندە قسەم بۆ بکەن
لە ساتەکانی کەم بەش هەنگاوت گەرمتر کە
نامراد و نیوەزیندوو
مەستانە نەڕژایتە کەناری چپە و خاڵی نەبوو لە شەراب
مراوی کێوی بەناو یاریی ئاگرین تێپەڕی
ڕۆحی مردووان بهێننەوە و چاوان پڕکەن
بەچکەی کەوتوو دەخەنەوە هێلانەوە
زەوی بۆ زانێک
منداڵەکەی ببێتە هەموو شتێک بێدار بووەتەوە
ڕووناکی مرۆڤ زوو دەردەکەوێت

**٢٠٢٤/٥/١٢ هەولێر**

## ڕووبەری دارەبازە

با بێ ئاراستە نییە
مرۆڤیش
گفتوگۆیان لەگەڵ هەموو شت پێویست و گەرمە
لەپڕێکیش دادەمێنن و بێدەنگ دەبن
ئاگر لە دڵدا کڵپە دەدا
گەورەترین ڕووبەر ڕووبەری دارەبازەیە
بەختم کرایەوە و قەیتانی پێڵاوم گرێ دا
ڕێگا بە نەرمی ئاوی بۆ دڵ و چاو گەرم کرد
سووک دەستی گرتم
وریابە قووڵایی ڕوونبوونەوەیە
مۆسیقای بەخاک سپاردن و پرسە
دەنگی نزمە و خۆت لێ پەرت نەبێ
دارستان تاریکیش بێت
لک و گەڵا و باڵی ناز و سۆراغکردنی
لە قەڵەڕەشی ڕەنگاوڕەنگ و تووتی چەقاوەسوو زۆرترن
ڕووبار خۆی
بێ ڕوخسار و
ناوک نەبڕاو و
بە چڕنووک و

هەڵەشەیە
تەنیا شەپۆلەکانی چاڵی ڕوومەتی پڕدەکەنەوە
بۆنخۆشی خوداییین
ڕووتەن دەموچاوی ئەوانەی پیشان دام لەبیریان کردووم
شار بینینێکی تەزیوبوو
ڕوخسار تێیدا پەیکەری پلاستیکی بەر کۆگابوون
چاویان بەخەبەر و دڵ خەوتوو
ڕەنگم لە تەنیایی وەرگرت
دڵۆپەکانیشی لەسەر پەنجەم دەڕژێن
پڕ سرووش و بەهرە و دەورەدراوم بەوەی تەنیایی کردم

**٢٠٢٤/٥/١٩ هەولێر**

## ڕووناکیی خوداڕسک

ژیانی ڕابوردوو
ژیانێکی لەدەستچوو نەبوو
برین لە دڵی خۆمان و دەموچاوی منداڵمان سارێژبوو
باڵندەی حەوشە و بانیش پەڕی نەرمونیانیان پۆشیبوو
ڕۆح و باڵیان پڕبوون لە خواست و جوانی ناو ژیان
ڕووناکیی خوداڕسک لەسەر دەستی دانان و بە باڵ کەوتن
باڵندەی نەترساو زوو دەچێتە سینگی نزیکترین درەختەوە
لەشکری پێ لە ڕکێف سەرەتای مەستیم نییە
شادییەکی کورتم لێ ون بوو
ڕێگای پڕ کارەساتم پێ زانیبوو
ڕەنگ و زایەڵە و برادەرانی من لەکوێن
پێم لە دوام نایە
چاوم گەورەیە و ڕێگاش ئەو شتانەم پێ دەڵێ کە دەیزانم
گۆڕەکەش تازەیە
هێشتان گوڵە حاجیلەی لەسەر شین نەبووە
ڕۆشناییەکی گەشاوەشی هەیە
پێنجشەممە پێم لە دوام دێ
تاسە دەم و زمانی کردووەتەوە
درەختی شاریش لەگەڵم دێن

باڵندە لەناو پرچیان دەرگایان لێ واڵایە
سینگی یەک دەخورێنن
ئاوی کووپە و شانەیەک لەپاڵ سەرت دادەنێم
پرچی ئاڵۆزت خاوکەوە
لە هەموو بیانوویەکیش دەبوورم
جلی شۆراو وشک نەبووینە
کۆیان بکەمەوە
باڵی باڵندە تای لێیە و پەنجەرەش سڕ
مردن بە چەند ڕۆژێک لەمن بە تەمەنترە
داوای کردووە لەسەر نیونەخشێک دانیشێ
لە گەنجینەی ڕووناکیی گەردوونی بمێنێتەوە

**٢٠٢٤/٥/٢٦ هەولێر**

# گواستنەوەی گۆڕ

ناوچەوانی بە ئەندازەی کێڵگە فراوان و هاو واتابوو
ڕووناکی گەیینی گوڵەگەنمی هەڵمژیبوو
خۆر لە زەوی نزیک بووەوە
شەپقەیەکی پووشم لەسەری کەنگر لە کۆڵ کرد
چەترێکیشم هەڵدا و دام نەدایەوە
چرا لە ژووری ئەنگوستیلەی یاقووت کەوتوو
شێوەی میهرەبان نییە
گۆڕت وەک سەرچاوە گەرمی بێڕەنگی لێ هەڵدەقوڵێ
بوومەلەرزەش لەم ناوە بدا
گۆڕت دەگوازمەوە ناو لوولەی ئێسکم ناهێڵم ڕاببوەشێنێ
لە پشت دارستانی نابینا
سەیری فڕینی ناوەختی باڵندە ناکەم
گوێ لە هاوار دەگرم و هیوای لێڵ ناخوازم
بەسەر پشتی ئەسپی دارینیش ناچمە گەشت
دەبێ لک هەبن باڵندەی لەسەر بنیشنەوە
ڕۆژباش چیمەنی حەوشە خوناوی شەوییت لێ ماوەتەوە
بنیشنەوە ڕەنجی ژیان و گۆرانی ئاسکە باریکەی شاخ و دۆڵم
گەلێک ئاگرم بۆ بینین بەرزکردووەتەوە
دەم هەیە بەڵام چاو نییە

ڕووناکی سەر گوڵەگەنم بەتینە

**٢٠٢٤/٦/٤ هەولێر**

# فێنکی و تووشی

هەوا داویەتە فێنکی
دوو کورسیم بردووەتە بەر هەیوان
چایەک دێم کە
چی لە تەمەن ماوە باسی کەین
بە ڕۆژی ڕووناک تەرازووی پیری گران بوو
ڕەتێک ببەم
پێم بکەوێتە سەر زەوی سارد
دەست و پەنجەی فریا و تاج هێنت بۆنوبەرامەی زۆرن
نیولیرەی ملت مۆسیقا و مۆری بۆنە و جلەوی جوانووە
تازە دەهات چاوانم ڕووناکی سەر
درەخت و
زەنگوڵە و
یاڵ و
گۆنا
بگوازنەوە ناولەپم
قاز و مراوی دەم گۆلاو باڵ لە ئاو دەن
پڕووشەم بەسەردا بپژێ
هەوا دایە تووشی
دنیا تانەی کەوتە سەرچاو
ئاسمان و گوڵی سروشتی هەست بە چاو دەکەن

چاوی چاودێرانیش برووسکەی دا و هەڵچوو

**٢٠٢٤/٦/١٠ هەولێر**

## ئاسوودەیی یادەوەرییەک

ژیانم بە دەنکە شەکری ناو شەکردان پێوا
لە تەنیشتم دانیشت و پەرچەمی سرکەیی هەڵدایەوە
گوتی ژیان
گڕوگاڵی سپێدە و
تەرازووی تووڕەبوون و
پەڕینەوە و
ڕەنگی ئایینە
حەوت ئاسمان مەست بوو
ئەو شارە گەورەیەی ناوی هەستە لەدایک بوو
ڕووباری دەوروبەر ماسی هاتێ و گەرایان ترووکا
ئاسمان سەرنجی ئەزەلی دا
سەرەتای سەرگەرمی و دەست لەسەر ناوچەوان دانانی
نەخۆش و پڕ تەمەنی بۆ خواست
غەزەل کێش و سەروای لەسەر دەست گێڕا
خۆری لەناو گۆزەی ڕوومەت سوور گەرم بوو
بووە ڕێنووسی زەمین
نان لە پشتی پەنجەرەوە
هاتە ئەم دیو
چا لەخۆیەوە شیرین بوو

برینیش نەیزانی چۆن سارێژ بوو
پەنجەرەی ئاوزێڕکراو دەمی کردەوە
پیرۆزی ناو پیرۆزان فەرموون
دەست بەسەر هەوێنی ڕووناکیدا بهێنن
تەزووی ترسناک و تەمی زەرد پاشەکشەیان کرد
نوێژم بۆ ئاماژەی ناولەپ دووبارە کردەوە

**٢٠٢٤/٦/٢٢ هەولێر**

# پەڕوپۆ

بە نیازی نووسینی دوا دێڕی یەکەمین ئەفسانە
دەستم بە گۆنای گۆڕدا هێنا
باڵندەی چاوەڕوان نیشتنەوە و خەرمانەی تەمەنیان دامێ
سی و شەش مەرجانم لە دەوری دانا بیپارێزن
بمپارێزن پەڕوپۆم لە ئاوی سڕ ماوەتەوە
پەپوولە نزرگە گرتی و باڵی نەرمی بەرزکردەوە
ئاوازی بەرزبوونەوە سرووشی هەڵدا
بە هێواشی ڕووناکی خودایی ڕژا
بە شێنەیی گەشەی گیا بە ژیان ڕاهاتمەوە
سی و شەش جار نووسیم
ژیان و یەکەمین ئەفسانە
سروشت لەرەی گەرمی بە لەشدا هات
لەژێر درەختی حەوشە سێبەرێکی پڕ جریوە و جووکە
داینیشاندم و تەمبوورێکی خەمگین دەژەنم
کات ژیان کلۆر دەکا و دەیخوا
دەخەمە بۆشاییەکی ڕوونەوە
سروەی ئێوارە دەگەڕێتەوە و لە درەختی حەوشە دەدا
دڵنیام تاجی پەپووسلێمانە
وێنەی ژنێکی بە گۆزەی زوڵاڵەوە هەڵگرتووە

سروشت وێنەیەکە لە ڕوخساری یەکەمین ئەفسانە
سی و شەش جار تەوافی یەکەمین ئەفسانە دەکەم
لەناو جێوبانی خۆشم نیم و تلاوتل دەدەم

**٢٠٢٤/٧/١ هەولێر**

# هاوبەشی سپێدە

پێش کازیوە لە نزیک پەنجەرەوە داگیرساوە
ئەستێرەی خانەخوێی ڕاسپاردووە
بە دەنگی دڵت بدەوە من و بە هەموو ناوێکەوە بانگم بکات
کەسێکی تر نابێتە نان و ئاو و سەکۆ و تەزووم
دەموچاوی سروشت لۆچی گرژی تێدا نییە
پێبکەنێ گۆنای قووڵ دەبێ و شایەنی سەیرکردنە
گوڵاوی پرسە و هاڵاوی تەم لە خۆم دەدەم
ڕوان و سێبەری درەنگ بینراوم
دەچینە باخچەیەکی پشتگوێ خراو
بە ئەمەک و پرشەوە لە یەکتر ڕادەمێنین
چاوی پڕ پەرجووم هەڵدەبڕم
سارد و بەتاڵ دەگەڕێمەوە هێلانەی سیمرخ
شەوانم گران تێدەپەڕن و کەرکەدەنێک ئاسۆی ڕاونام
خۆرێک ڕەنگ و ڕووی لە منی هاوتای ڕەوانبێژی وەرگرت
بە ناوی تێپەڕی و بەخۆیدا شکایەوە

**٢٠٢٤/٧/٣ هەولێر**

# باڵهاویشتنی جۆگه

له مانگی دارستان چرۆ بووی
سەرسامی بەرەو لات هات
لەناو دەستی بەهێزت ڕاتگرتم
بە ئەسپایی دەجووڵایتەوە و چەفیەی شەدەشلانت بەستابوو
دەبێ بە بادە بەراوردت بکەم
هاتوومەتە ناو شلێران
دەستبازی لەگەڵ کێلت دەکەم
تاکباڵی سەرم پێ بەدیوار دەکێشێ و هێزی توند گوشیوم
برک و هاڵاوی سوێ هەناسەی تەنگ
وەک جۆگەلەیەکی باریکی چاولێڵ و نیوەتانەگرتوو
سەربەرەوخوار پێ دەکوتم
لەسەر سەکۆیەکی نزیکە لافاو دەڕوانم
جوانی ناو ژیان لە جەنگی مەرگن
چش لە ساردایی ئاوابوون گۆڕ بە شەونم تەڕن
سێبەرم بەسەر شەقام دەکشێ
ساتمە دەکا و بە لادا دێ
بزەی
خەون و
وەرز و

شایی و
یاد و
سۆز و
شاد
لە ڕەنگی شەرمنی هەموو کتێبەکانی
خوێندوومنەتەوە جۆشاوترن
ئەفسوون و ڕۆشنایی تەواوی منیان لێ دەڕسکێ
لە خۆڕەنگم شەرابم دەخەملێ
کووپەشم کەمێک بە خۆیەوە دەنازێ
وەرە خەونم سڵاوی خۆتم لێ بکە
لەسەر سەکۆ بە باڵی کراوەم ڕاوەستاوم
هەتاوی نیوەڕۆ تووڕەیە

**٢٠٢٤/٧/١٠ هەولێر**

# شەقامی باڵندان

هێزمان دایە قاچی ئەسپ
ئەمیش سمی پیشانی ئاوێنە دا و ئازاری
مانگ و گۆرانیی شاردراوەی گێڕایەوە
دەستم بەسەر گۆنای بێڕەنگیدا هێنا
لێوی بەبارکەوتووی جووڵا
کۆتری چیایان نیشتنەوە
خەونی توێی ڕووناکی من دەبینن
ئاگردانی لاڕێ ساردە
سۆزێکی کۆن لە دڵم ماوەتەوە
کوڵا و ساردبووەوە
ئاسۆی کازیوەی کردە ڕوخساری خۆی
بێ هیچ گوێپێدانێک
بیرەوەری زیندووکردمەوە
ژیان لەسەر پەیژەوە بازبازێن دەکا
قسەمان لەبارەی هێزی قاچی ئەسپ دەکەین
شوێنپێکان بورجی ئاشتیخواز و سەرچاوەی خەڵوەتن
بەسەریاندا دێمەوە
تەمبوورەکەم ژێی شل بووینەوە
لە شەقامی باڵندانم
گۆرانییەک دەمم دەکاتە هێلانە

زمانی خودا و خوداوەندی لەناو دەڕوێ
بەر پێم پڕ دەبێ لە باڵندەی ئاشتیخواز

**٢٠٢٤/٧/٢٨ هەولێر**

# کوڵمی حەوا

خۆر هاروهاجە بەدەمدا کەوت
بۆنی بخوور و سەرشاربوون لە یادەوەری
بەیەکەوە پەڵەیان دا
وێنەی ناو ئەلبوومەکەمان خەوتوون
تۆز بەری بینایی گرتووم و ڕۆشنیم دایە کزی
لە دوورایی نێوان مۆسیقا و گۆرانیبێژ
سندووقی تەلیسم شکا
وەک چاو لێ ستێنراوێک دەست دەکوتم
خاک لە شێوەی پرچت نەرمە و شێوەزایە
دەستم بە لانک دەکەوێ ڕایدەژەنم
ڕۆژانیش دێنە ژوورەوە
چرایەک بە ناوچەوانی کتێبخانەم هەڵدەواسن
دەڕوانێتە دێڕ و وێنە و کۆپلەی ئەو شیعرانەی
سوورایی بەربەیان و چرای بادەبوون
پەنجەرەیەکی هەوا خومار و پاراوی بەسەر ماڵەکەمدا
بەهاراو لە کەمییە و پێویستیشە زەوی بچێنرێ
حەوا لە پەراسوو نییە
خودا کوڵمی بە بۆنی نانی گەرم ئاڵ کردووە
ڕۆیشتووی ببیتە گۆی زەوی و ڕەنگ بدەیتە

ئەستێرەی پێش کازیوە و باران داباریێنی
پرچی درەخت بشوا
لەبارەی لەدایکبوونی گوڵی سپێدەوەش بپرسێ
سەکۆی هەژارانیش بڕشێنی
تا ئەستێرەی باڵدار لە ئاسمان دێنە خوارێ
یاد سواری پاسکیلی سێ تایە دەکەم
بەسەر کومبارە خۆڵەمێشییەکە دەیسووڕێنمەوە
زایەڵە بەدوای زایەڵەدا دێ
هەموو بەهرەکانی خۆی دەناسێ
نەوەکەشمان ددانی دەرکردووە
کوڵمت نانی گەنمە
شێوە و شێوەزا تێیدا چرۆ دەکەن و تیشک پڕ دەبن
ماڵەکەشمان بە درەخت و باڵندەیە
جریوە و جووکە لەسەر دەموچاومان یاری دەکا
هەزار ئومێدی لەناو بەجێماوە
گڵۆپی تای هەیە
خوێن ڕوخساری بەجێ هێشتم
هەموو خوداوەندان هێزیان دامێ
تەماشای باڵندەیەک بکەم بە برینەوە ئاو دەخواتەوە

**٢٠٢٤/٧/٢٨ هەولێر**

# ماڵی خودا تاریک نابێ

# کۆتایی دنیا

لە ١٩٨٤/٣/٣١ ئێوارە کۆڕێک کێش و سەرروای ژیانمان بوو
فریشتە و خوداوەندمان لە شیعر دروست کرد و پڕ وزە
بووین
دڵ جۆگەلەی بەر هەتاوبوون
ئەسپیش خۆی هاویشتە سەر پاشوو
بە جوانیدا ڕۆچووم لەوێ لەناو هەستدا ئازادبووم
تەماشام کرد
داهاتووی لێ دزیم
ڕوو گەنم و خۆش دیمەن و نیگای شکۆ و ئاشتی بەخشییە
ڕێگا
بوو بە
شەرابی بێژە و
ئەڵقەی خەتم و
مەی نەی و
بۆنی یاڵی ئەسپ
ناونیشانمان بۆ یەک کردە دیاری و خاڵی چراخانی زەوی
گۆرانییەکی کورت بوو چاوەڕوانی
خاڵ درێژبووەوە بووە
هیڵ و

ماڵ و
سەروشوێن و
دیوانی خودا
چیم بینی چی
چووینە سەرووی هەست و ئەوسەری دنیاش
دنیا ئەشق بوو ئەوسەری نەبوو
شکۆی خودایی چپەی کرد
باڵی تەنکی ترپە و تەزوو لە باڵندە قەرز کە
شارەزابوونی بەرزفڕین ئاستی
خەیاڵ و بۆنی نانی گەرم و هیلانەی سەرلکە
لە دڵخۆشیدا خولیای ڕوون بینی و ڕەنگی پەمەیی بوو
ژنێکی دووگیان سەرنجی ئاراستەی بای دا و زەردەخەنەیەکی کرد
زەردەخەنەیەک ڕووناکایی شاری نواند
شار شایانی بینینە و گۆنای شەرابی خواردووەتەوە
هەتاوی ٢٠٢٥/٨/١ دیواری ماڵمی گەرم کرد
درووود بووە میوانم

**٢٠٢٥/٧/١٤ هەولێر**

# دوو کەوانە

له مردوو داوای نوێژم کرد
ئەم داوایه ڕووناکی کردم
باڵندەی شەرمنی پڕ ئەنوا هاته ناو درەختمەوه
هێلانەی بە گیای میوان کرد
ئەو گیایەی میوان دەیداته میوانی
باڵنده مات و باڵنەهاتووەکانمی خسته هێلانەیەوه
گۆشه و هێڵی له نەخشەی ماڵەکەم زیاد کرد
پەنجەرەی ڕووناکیشی خسته دیواری ژوورمەوه
له ناوی باڵی مەله دەهاوێت
دانیشتووم ویستمه ئاسمان بەخێرایی ببینم
ئەستێرەم زیاد بووه
زیاد بووەکەم لەناو کەوانەیەک دادەنێم
کەوانەی کراوه دەستی باڵندەی شەرمنی پڕ ئەنوا
کەوانەی داخستن دەستی شاعیرێکی دەست لەسەر شان لادراو
خوشکانی حەوتەوانه و ئەستێرەی بۆنخۆش دێنه ناو کەوانەمەوه
ئاوی ژیان تا شانم سەرکەوتووه
دەتوانم دەستنوێژی لێ بگرم و بیخۆمەوەش

زیاتر سەرکەوێ دەبمە زیندەوەری ئاوی
بە چاوی بەرانێکی سەربڕاو
تەماشای دەشتی پڕ گیا و گوێی ڕووبارم کرد
تاریکی ترسا
ئەشق بە بۆنی ڕۆح بوێر بوو
بە بۆنی ڕۆحیش ئاشق بووم
چل ساڵ لەبەر خۆمەوە گۆرانیم گوت و یەکپشوو جەنگام
شادمان و ڕووگەرمم
بەختەوەریش
ژیانم لە باڵ لێکدانی ئەو باڵندە شەرمنە پڕ ئەنوایە کورت کردەوە
جانتاکەی کردەوە لە ناوی ئەڵقەی چل دەفم زرینگاندەوە و داباریم
سەرم بە ناوچەوانی وەنا
چایەکی تازە دێم بوو ناوچەوانی
گوێم لە خوشکانی حەوتەوانە و ئەستێرە زیاد بووەکان گرت
کوڵمی کلۆ شەکر و خوناوە
خەمی گواستەوە شوێنێکی نوستوو
ئاوارەی کرد

**٢٠٢٥/٧/٢٣ هەولێر**

## دەرگای سێبووری

تەپونمی جوانوویەک گەنجیمی بە کۆچی کۆچان سپارد
سالانی گەچلاوم گوڵبژێر کرد
دیکتاتۆری پیریشم کوشت و لە گۆڕێکی دەمکراوە لە لاپەڕگە
دانا
مانگ تریفەی خۆی هێنایە نزیکم گوتی
دەتوانی داوا بکەی نزیکتر بێتەوە
تریفە سەراپەردەی سێبوورییە
قەلای ئەفسانەش
سەری خۆشاوی زەوی خواردووەتەوە و تیشکی داوێ
ژیان لە دەستی داگیرساوە دەیکاتە پاروویەکی گەورە بۆ
برسیان
پەڕۆیەکی تەڕیش بۆ ناوچەوانی تاداران
دەرگای سێبووری کراوەیە
ئەوە گولاوی لووتکە و بناران هاتە ناوی
بوو بە شیرناوی شەربەی حەوشە و بانی ماڵی خدری زیندە
سالانی گەچلاوم گوڵبژێر کرد
خوری چل بەرخم کردە دووگورد
نوێژی چل ساڵم کۆکردنەوە
لەگەڵ مانگی نزیک بووەوە بووینە دەستەبرا و خوشک
بە یەکەوە تریفەمان ڕژاندە زەوی

ئارەزووەکانی زەویش کۆتری نوستووی ناو بای سەرپەڵەن
یاد لێڵبووان و
چاوتاریکان و
شەوە و
جنۆکەی دەست سوور شکان

**٢٠٢٥/٧/٢٣ هەولێر**

# هاتنەوە ناو ئاسۆ

خودا لە هەستەکانی ڕواندم
سەرخۆش نا
خومار بە بەهێزی زیندووەوە و جلەوکێشی کۆچی یاران
یەکدڵ ڕژامە کەناری زوڵاڵی گەوهەری سپی
هاتمەوە ناو ئاسۆوە
گەرم بووەوە ئەو ئەشقەی چیا ملپێچی سووری لە مل کردبوو
جگەرەی تووتنی بۆننەرمی چیایانم
کوژاندەوە و بادەی گۆزەی چل ساڵەم هەڵدا
خوداوەندان دەفیان لێ دا و خوانیان پڕ کردم لە یەکەم بەری ساڵ
ناوچەوانی بووە کێڵگەی گەنمەشامی و گوڵ پڕ شیر بوون
گەوهەری سپی گوڵاوی لووتکە و بنارانە قسە بە چپە ناکا
پرچی شەپۆل دەدا و لە تەپوتۆز پاکم دەکاتەوە
دەچینە بەر قوتابخانەی بلێسە و گوڵستان
گەزۆ و قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ دەبەخشینەوە
کیژە ڕوون و پڕ مەیلەکەی دابەزیو لە ئاسمانی کەوەڕۆژ
چڵەدار بەڕوویەکی بۆنی دایک بەرز دەکاتەوە
هەویری زمانی کوردیم لە ناولەپ دەشێلێ

هێلکەی پیت و وشەم و ڕستەم دەترووکێن
دیوانێک دەنووسم ناو و بەرگی
گەوهەری سپی لەکەژاوەی ئەسپێک لەناو ڕێیەکی بۆنخۆشدا

**٢٠٢٥/٧/٢٨ هەولێر**

## مێوژی شاخان

درەخت بە تەنیا سێبەری نییە
بوون بە دوو
سێبەر بە یەکتری دەدەن
چرای مانگی هەنگوینی دایسا
ڕوخسارێک لە تەنیشتم بۆنی ڕێگا خۆش دەکا
گەردنی وەک مێوژ بە شاخانەوەیە
ئاوێنەم ناشکێنی و هەوام هەڵدەمژێ
دەبێتە پشتێن ناهێڵی سەرمام بێ
خەنجەریشی لەبەر توند دەکا
تا دارسێتە گای لەشەڕ
لە چواردەوری گەوهەری سپی
خۆر بەهێز دەبێ و بەسەر سروشت خۆ لێک دەکێشێتەوە
گەوهەری سپی هەنگاوت بە ڕوانینی هێشووی سەرلک خومار کە
لە مێژە زۆر لە مێژە لە پێدەشتدا
دەستم واڵا کردووە مێوژی گەردنی بەسەردا بڕژێ
وەرە نزیکمەوە
وەک کوژەکە و مۆر لەسەر ناوچەوانم بورشێوە
زۆر لاڕێ بوون
سڵاوم لە پیری کێوی قاف وەرگرتەوە و بەردی کێوانم پەڕە کرد

نوێژ و نزام بۆ پرچی پڕت کرد
دەستەوئەژنۆش لە ڕێگاوبانت مامەوە
بیر لە گەوهەری سپی بکەمەوە
لە قافەوە تا قاف بەسەر ئاو و هەوادا دەڕۆم

**٢٠٢٥/٧/٣٠ هەولێر**

# ئەڵقەی چل دەفان

شاخان دەستی شایەتمانی وەک لکوپۆپی درەخت بەرز کردەوە
نەمتوانی چاوم لە پەری لووتکە و بناران ڕوون نەکەمەوە
ئەسپم لە حەوزی گەوهەری سپی ئاودا
پرچت بە تاسەی پەنجەرەی شاران گرێ گرێ و قەف قەف مەکە
چیا نمەی گیا و ئاوی شەوی ناو دەپڕژێنن
لە نوێژم بە سرووشی خوداوەندان یاخودای بۆ دەکەم
شەش کەروێشک لە بەر چاوی هەموو ئادەمیان لە پێشی بڕۆن
بچنە گردی بەرماڵان
بێنەوە بەر پێی و ختووکەی بدەن
ڕووناکی و نەوای مات بە پێیەوە
لە هاتنت ئاو لە دەشتی وشک زیادی کرد
خوداوەندان ئەڵقەی چل دەفان لێکدەن
هەموو هاوارەکانی لەگیانمدا تێکەڵی جەنگ ببوون
بوون بە خورپەی هاتن و داوایان دام

**٢٠٢٥/٨/٣ هەولێر**

# خاڵی سەر دوو گوونبەت

ڕۆژان پێش ئەوەی تاریک دابێ پرچی لەگەڵ با شایی دەکا
هەور و حەوتەوانە دوو گوونبەتی خەڵوەتن
خاڵی سەریان بەردەنوێژ
یاخودای باڵ ڕەنگاوڕەنگ و خۆشباڵم
دژی ماتەم و ئاوابوون
کەمێکیش نیشانەکانی ڕێگام
لێو گۆشتن و
چەناگە خڕ و
چاو سەرچاوەی ڕۆشنایی و
گەیشتن بە ناخی خۆم
کە دێ خورپەی هەستە دەزانم چی ڕوو دەدات
لەسەر تەختی نووستنمان چاو دەخاتە سەر دەفتەری وێنەکێشان
شێلوو نابێ و وێنە دەکێشێ
دەیکاتە ڕەنگی باخی خولیا و سێبەری دەخاتە سەر هەموو شتێک
قەل لە ئاسمانی ڕوون دەردەکات
باڵندەی لێو بە یار باڵ نەرمن
بەسەر میوەی پێگەییو سۆز دەیانگرێ و ڕێگا مەست دەبن
پەیکەری شەهید دەهێننەوە گوند
ڕووناکییەکی خودایی لە دەوری خۆیان دروست دەکەن
خاڵ گوڵە خەزێم و باوەشێنەیە

له پەڕی باڵندەی لێو بە یار
باڵندەی لێو بە یار ئاسۆن
سواڵکەرێکی بەر ئاسۆی خودای خۆمم

**٢٠٢٥/٨/٦ هەولێر**

## شەڕی دڵخۆشی

لەناو هەوری سەرپەڵە
تەماشای ڕوخساری نواڵەم کرد
پەڵەی دا
ڕەگ شوێنێکی بە ئاوریشم چنراوی خۆش کرد
بووە تاجی لێو بەپەڕ و ماڵی شکست پێهێنانی ستەمکاران
منداڵانم بێ ئەوەی لە دەرگا بدەن
بە پەیژە سەرکەون
بە فەرمووی ڕۆح سەردەکەونە سەری سەرەوە
شەڕی دڵخۆشی لەگەڵ یەک دەکەن
گەوهەری سپی لە یادەوەری جەنگێک هاتە  دەرێ
بەخت و خۆشماڵی لە دەنووکی ئەستێرەیەک بۆ هێنامەوە
نمە نمە ڕژامە هەنیەی دڵنیایی و تاسەم نۆشی
لە ڕۆژی خۆرخۆش و شیعر چووم
هەناری گوڵبەدەم فریای پشکوتن کەوت
ڕووناکی هەمیشەیی هەڵێنا
ڕەگ بڕوای بەم هەقیقەتە هێنا و شەرابی
پەیکی ئاشتی نۆشی
ڕووەکی ئاویشی ڕواند

**٢٠٢٥/٨/٨ هەولێر**

# کووپە گەوهەر

زۆر شووشە گوڵاو سەریان خستە دەستمەوە
هیچیانم نەکردنەوە
گۆزە شەرابی سەرهەڵنەدراوەش
پایز جۆرێک ئیرەیییە بە بەهار
بەهاریش بە تەواوی هاتبوو
دایە حەوا بە شانازی ئاگر و پشتی ئەفسانەیەکەوە
هەورێکی لە خوری بۆ هێنام
گوتی بۆنی گوڵاوی چل ڕەزە لە ناوی بنوو
درەختی هارمۆنی پارێزی وەرزەکان
دەست پڕ
هێلانە و
هێلکە و
دەنووک و
باڵ
بە تیشک و سێبەر دەورت دەدەن
باڵندەی بانگکراو لە سەری دەنیشنەوە
گۆرانییان لە یادەوەریی هەڵگیراو
ئاوێنەی سارد بە نیگا گەرم دەکاتەوە
لە تەمەنێکی مات هەناری خرۆشاوی خاڵ لە سەر
شیرناوی خدری زیندەی ڕژاندە گۆزەی دڵ و چاومەوە

له شەڕی دڵ و چاودا
دارستانێک لە لێوم ڕوا
شەو گرانبوو پێش ئەوەی هاتووچووی بەیان دەست پێ بکا
لە کەوانەی تەمی دەرهێنام ئەو درەختە شلکەی
بە گەنجی کووپە گەوهەرم لە بنی دانابوو ببێتە ڕەگ

**هەولێر ٢٠٢٥/٨/١٠**

## ئەفسوونی چلچرا

ئەفسوونی یەکەم چلچرا و تافەتافی تاڤگە ڕسکان
تەماشای لای ڕاست و چەپم نەکرد
گەوهەری سپی دەڵێی خۆری تازە هەڵاتووی مانگی
گەلاوێژە
لە نێوان لکوپۆپی درەختان
دەستبازیم لەگەڵدا دەکا
دێتەخوارێ چاوم لێیە بەجارێ دێتە خوارێ
نەرمونیان پەڵەی زەوی دەڕنێ
جوانیی بۆ کردمە
هەوێنی ئاسوودەیی و
بەردەنوێژ و
وشەی قووڵایی و
شازادەی چیرۆک
لە پشتی کەروێشکێکی خرپنی بەستا
جوانیی کەس و کار و کار و بەرخ و ئەلفوبێی دیوانی
منن
هەموو کاتێک چاوەڕێم
کار و بەرخی دەم بە بۆنی گیای ڕاز
گفتوگۆم لەگەڵدا بکەن

پەری لووتکە و بناران دەرگا و پەنجەرەم دەکاتەوە
خرمەی ناڵی ئەسپی حیلە پەیام و هەواڵ نەرمە
چلچرایەک دێتە ناو چوارچێوەمەوە
پێغەمبەری بە کتێب و نان و ئاو و پەیامە
لەبەری خۆبینین و ڕێکپۆش دەبم
بە دەنگی کەروێشکی ناو بێستان
بانگی هەنگاو و ڕێگام کرد
دوا گفتوگۆ و دەستبازیمە لەگەڵ وشکبوونی برین

**٢٠٢٥/٨/١٢ هەولێر**

## نووستنی ماسی

ماسی لە ئاوێ دەنوێ و ساکاری ئاو تێک نادا
گەرای تێدا داگیرساو و وریایانەش چاو دەگێڕێ و
ڕوونی دەکاتەوە
گەوهەری سپی لە ئاو دەرهات
هەتاوی جوانیی بەهێزبوو
لەسەر پەنجانم خەوت
سەرچەفی کولێرەی توێژی گیان بەسەر خەوتووی سەر
پەنجانم دادا
دارشاتان و هاووڵاتیانی
مۆسیقای جۆلانەیان ژەند و شانیان لێکدا
گوڵاوی لووتکە و بناران هەموویان هاتن
لە دەوری جوانیی گەوهەری سپی خۆیان ڕێکپۆش کرد و
داگیرسان
ڕووناکی حەوشە هەموو دنیای کردە
گەنجینەی شاراوە و
گەرمی خوداوەند و
گوانی پڕ شیر و
ناسینی گیان
وەک پەیکەرێکی ناوچەوان خوێنراوە و پەراوێز نووسراو

بووم
سیەکانی گەوهەری سپی هاتنە سینگمەوە
ئێستا مرۆڤێکی تا بڵێی ئالوودەم بە هەتاوی بەهێزی
جوانیی
لەگەڵ گەوهەری سپی شانم لێکداوە
لە شایی گونددام
دەستەی هەڵپەڕکێی باڵابەرزان ڕۆژێ سەد جار خودا
دەبینن

**٢٠٢٥/٨/١٦ هەولێر**

## بەدوای سۆراغدا چوون زۆر سپییە

دەستم لە ساردایی ناخم دا و لەسەر ناوچەوانی چیای تاگرتووم دانا
تا بەری دا
ڕووناکی پاراوی سپێدان
یەکەم سپیایی ڕۆژ وەک لێدانی دڵ بوێرە
زۆر داوایی ناکەم
بەهێزی کێش
بەدوای سۆراغی کەسێکدام
لەناو دڵی ڕووناکی لە ماڵێکی شووشەییە
هێشتان منداڵی لێ لەدایک نەبووە
ماڵی بەرزی و نزمیم بۆ دەکا و بزرم کردووە
زەوی ئەو کاتە تووشی ئێسکەنەرمە بوو
بۆنی تەپوتۆزی دەروونی نامەردانی کرد
تۆقیوێک لە ئادەمیی شانۆگەرییەکان
چاوەڕوانە یاڵی ئەسپێک ببێتە خەنە و داستان و دەفتەری ئەشقی
بە پێڵاوی کەتانەوە بە بەر کەپری پشوودانم تێپەڕێ
بپرسێ لە خەونی کەڵەکێوی چ ڕووی دا
کەپری پشوودان زۆر سپییە

ئایا وازم لە تەمەنی شکاو و سەرسامی هێنا
سۆراغی کەسێکم کرد
کەسێک چ کەسێک
چیم بینی چی
ئاوم بەستای
ماسییەک لە بن ئاوی بەستراو
داوای سۆراغ دەکات
بەڵێ دەزانم لە کوێ گەورە بووم
خۆری بەهێزی جوانیی
چۆن شەختەی شکاند و بیرەوەری و ئارەزووی تێکەڵ کرد
چۆنیش چوومە
ڕاو و
کەروێشک هەستان و
ڕامان بە تاسەوە و
وەرگرتنی پاداشتی خودا
کەنگێش ماسیم باڵی مەلەی هاویشت
ئەو شتانە فێردەبم کە نایانزانم

**٢٠٢٥/٨/١٨ هەولێر**

## بەدوای سۆراغدا چوون زۆر سپییە

دەستم لە ساردایی ناخم دا و لەسەر ناوچەوانی چیای
تاگرتووم دانا
تا بەری دا
ڕووناکی پاراوی سپێدان
یەکەم سپیایی ڕۆژ وەک لێدانی دڵ بوێرە
زۆر داوایی ناکەم
بەهێزی کێش
بەدوای سۆراغی کەسێکدام
لەناو دڵی ڕووناکی لە ماڵێکی شووشەییە
هێشتان منداڵی لێ لەدایک نەبووە
ماڵی بەرزی و نزمیم بۆ دەکا و بزرم کردووە
زەوی ئەو کاتە تووشی ئێسکەنەرمە بوو
بۆنی تەپوتۆزی دەروونی مرۆڤی کرد
تۆقیوێک لە ئادەمیی شانۆگەرییەکان
چاوەڕوانی زەردەخەنەیەکە
بە پێڵاوی کەتانەوە بە بەر کەپری پشوودانم تێپەڕێ
بپرسێ لە خەونی کەڵەکێوی چ ڕووی دا
کەپری پشوودان زۆر سپییە
ئایا وازم لە تەمەنی شکاو و سەرسامی هێنا

سۆراغی کەسێکم کرد
کەسێک چ کەسێک
چیم بینی چی
ئاوم بەستای
ماسییەک لە بن ئاوی بەستراو
داوای سۆراغ دەکات
بەڵێ دەزانم لە کوێ گەورە بووم
خۆری بەهێزی جوانیی
چۆن شەختەی شکاند و بیرەوەری و ئارەزووی تێکەڵ کرد
چۆنیش چوومە
ڕاو و
کەروێشک هەستان و
ڕامان بە تاسەوە و
وەرگرتنی پاداشتی خودا
کەنگێش ماسیم باڵی مەلەی هاویشت
ئەو شتانە فێردەبم کە نایانزانم

**٢٠٢٥/٨/١٨ هەولێر**

# ئاوی ژێر زەوی

## مارف خەزنەدار

خەنجەری دانایە سەر زەوی
بە ئەندازەی دەست هاوێژێک دوور کەوتەوە
چیرۆک تەمەنی پەرشوبڵاوی ژمارد
حەوزێک لە حەوشەیەکی گەورە
تەنیا باڵندەی ئاویی مەلەیان تێدا دەکرد
حەوزەکە ڕێک دڵی بوو
باڵندە ئاویان لە بەهەشتەوە بۆ هێناوە
دەموچاوی بە خوناوی سینگی هاوسەرەکەی شووشت
چاوی تا کۆتایی بڕی کرد
بەڵام بیرەوەری هاوسەرە گوڵگرتووەکەی
لە ئارامیی خۆی ڕوون دەبێتەوە
وەک مێشێک هەمیشە لەسەر ئاگایی دەنیشتەوە
ئازاری دەدا و ترسی لێ دەنیشێنێ
بیرەوەری بوونە برین و تاکە هاوڕێی جەستەی
نیشانەکانی داپۆشی
مەرجان دەرکەوتن
خۆڵێکی نەرمی دۆزییەوە
بە خوناوی سینگی هاوسەرەکەی شێلای
ئادەمی دروست کرد

به هێزی ئەو سۆزەی نەبووە فرمێسک
زەوی هەڵگێڕووەرگێڕ کرد
سینگی گەڕەکێکە  لە شاری ئەدەب
هەموو ئەو شتانەی بە بەرزاییی ئاسمانەوەشن هی ئەون
کانی دڵپڕ لە قوڵپەی خدری زیندە
لە خۆیەوە هەڵقوڵا
حەوزەکەی ڕێک دڵی بوو
هاتە تەنیشتی
چیایەکی لە شکۆ و پشتی داتاشی

**٢٠٢٦/٣/١ هەولێر**

# کەمال غەمبار

لە هەولێر لە شاری خانەدانان
لە شەقامێک بۆ ناوی باڵندەیەکی گۆرانیبێژ دەگەڕێم
لەسەر لەپی خودا وێرد و نوێژم گەرمبن و دابگیرسێم
ببمە بەردەنوێژ
گوێش بۆ نهێنیی دووگیانبوونی مریەم خۆش بکەم
ئایا پەردەی گوێم وەک شاخی کەڵەکێوی
لوولی خواردووە و تەپ بووە
باڵندەیەکی گەورەی ڕەنگ هەڵمی بە دەستەوەیە
ترپە و ئاواز لە سینگی دەچۆڕێ
شار نازانێ کەی خانەدان هێز و سرووش و شکۆی
بە دەرزی و داو وەکردووە
بۆ دروونی نەخشەیەک
پەلکەزێڕینە پۆپیتەی کەڵەشێرانە
بەخۆڕایی چاوەڕێ نیم
شار ناوی لە سێبەرە ڕووناکەکانی وەرگرتووە
چیاش لەسەر ناویان وەستاوە
بیرەوەری
ئارامیی زەمینە سڕ نابێ
بیری پڕ لە یادەوەریش لە بیری ناچێت بۆچی دەگەڕێ

باڵندەی گۆرانیبێژ خۆی بە تەنیا جیهانە
خۆر لەسەر دەنووک و باڵی ناکوژێتەوە
حەسرەتم بۆ جیهان

**٢٠٢٦/٣/٣ هەولێر**

## مارف عومەر گوڵ

گوڵی پەلک سپی وەک بەردێکی بە ناوونیشان
کە بتوانین لەسەری بنووسین و بیکەینە
سوپا و
 مێژوو و
 بێستان و
یاقووت
لە لووتکەیەکی زۆر ڕەسەن لەدایک بوو
لە لووتکەی ڕەسەنیش گوێ لە مۆسیقا دەگرم
ئالآی شۆراوی لەسەر پەنجەکانم هەڵخست
دەنگی گۆرانییەک هاتە کۆڵان
لە دەرگای ماڵانی دا
تینی گەرمی ئاڵاکەی وشک کردەوە
ناتوانم نا ئەو تینە لەبیر بکەم ئاڵای وشک کردەوە
بەختیارم بە تینی وشکبوونەوەی ئاڵا لە دایک بووم
دیدەنییەکی کورت
هەموو شتێک بۆ لای لووتکەی ڕەسەن دەگەڕێتەوە
ژیانیش لە کونی کلیلەوە نابینن
ئەو هەڵمەی لە لووتکەوە هەڵدەستێ
تینی ئەو ئاوەیە لە هەناویەوە کوڵاوە

**٢٠٢٦/٣/٧ هەولێر**

## ڕەفیق سابیر

زەنگوڵە بە ملی بەردەکانی سەنگەرەوە بوون
هاتنە زایەڵە
کلیلی ڕووخۆشیی گرت بە دەستەوە
چووە ڕۆشنایی شاخێک
پێشمەرگەی ئەدەبی چاوی بە دووربینەکەیەوە نا
تەماشای ئاهەنگی شیعری کرد
باوەڕ بە دەفتەری یاداشتت دەکەم
ئەوە بەد تێگەیشتن نییە
ئاوریشمی کەمەری هەوریلارانی لەشانە دا
گەرمی و تینی ئەو ڕۆژانەی بۆ پاراست
کە بیری لە پەنجەی درێژ و شووشەیی و هەتاوی پرچی
کیژی سەنگەران دەکردەوە
هێشتان هاتووچووی بەیانیان دەستی پێ نەکردبوو
دەنگێک لە نزیکترین سەنگەرەوە هات
دوو لای برینی خستەوە سەر یەک
تەوری لەسەر لکی درەختی هێلانە لەسەر لادا
هێندەی زەینی باڵندە ئاشق بوو
خۆر لە پاراوی بەرەبەیانی و تاسەی گەڕانەوەی
ناوکی ئەو هێزەی بۆ بڕی

لەسەرەتاوە وشەی یەک خست
خۆری ئێوارانیش لێی دا
گەڕایەوە لای پیری خۆی
ڕێگای شەهیدان درێژن تا ناخی ئەزەل

**٢٠٢٦/٣/١٠ هەولێر**

## محەمەد موکری

ئارەزووی ئەوە بوو
بە هاوین تەماشای ئاگر بکات
ئاوا دەدرکێنین
هەڵەمان کرد بە ئاگرمان گوت خراپەکار و سووتێنەر
تەماشا نهێنی و ڕازە
بە شەرابی سوور ئاشکرا دەبێ
ئێستا یەک خول بەدەوری خاڵی ناخ بخولێوە
دەست پڕ نامەی نووسراو
لە ئاگر و شەراب ڕوون دەبێتەوە
ئاگر و شەراب خاک بەپیت دەکەن
ئاشق دەپاڵێون
هەموو ئاشقێک پێویستە خۆش بڕوا
بەرەو
ئاسۆی ئاسوودەیی و
گەورەبوونی پەنجەرە و
ئەلبوومی گۆرانی و
کانی پەرجوو
زەوی پڕ لە ڕاز و تەواو ناڕوون لە سووڕانەوە ماندوو
بووە

هێندەی چاوترووکانێک پێویستی بە پشوودانە
سەرسامم بە پشوودانی
تەنیا و جێهێڵراوم
منی بانگهێشت کردووە
تەماشای پشوودانی بکەم
وەک میوانی ئاهەنگگێڕ
تا ڕادەی مردن
لەگەڵ ماندووبوون و پشوودانی هەڵدەکەم
بە چاوێکی گەرمیش ئاوێنەی ساردی ماڵ گەرم دەکەمەوە

**٢٠٢٦/٣/١٢ هەولێر**

# هێمن

کۆئەستێرەی ئاسمان
ژیان چۆڵ و ساردە
دنیاش سەرلەبەری نیان و نوێ نییە
بە ئەندێشەش ڕۆنەنراوە
وابکات ماڵ بدۆزینەوە
دزی سەد ئاگر لەبیر مەکە
بهێڵە ناوچەوانی بخاتە سەر زەوی
گەشت بەناو چاوی خۆیدا دەکا و دەگەڕێتەوە
ژیان بە تەنیا پێدەگا
ژیانێکی درێژخایەن دەژی و دڵخۆشی ناشارێتەوە
ڕەنگە جارێک لە جاران
زەمین خامۆش بێ و بە دەوری خۆر نەخولێتەوە
بە دەوری پەپوولە و چرا
چاوی پاراو پاراو و باڵی بەهێز دەبن
بەهار کتێبی کراوەی سروشتە
خودا پڕ وشە و ڕەنگی کردووە
ڕەش و سپی وشەن
ڕەنگ نین
برسی و ماندوون

تەرمی ئاوابوون و هەڵاتن نابینن
ڕەش و سپی و دزی سەد ئاگر سەر بە چ زەمینێکن
زەمین مەشخەڵی چارەنووسی خۆی بەرز دەکاتەوە
بەردەوام بەدوای یەکدیدا دەگەڕێن
پەریش بە سواری ئەسپەوە
ڕەنگی چاوی گەڕاوانیان هەیە
لەگەڵ داروبەرد دەدوێن و حەسرەتنۆشن

**٢٠٢٦/٣/١٢ هەولێر**

## حەمەساڵح دیلان

له بەرزایی بێدەنگییەوە دابەزی
هاتوومەتە ئەم دنیایە چی بکەم
شەقام هەناسەی تەنگ بووە
گوڵیش ئاخی لەدەم مەییوە
بەبێ چرا نەکەوتە ڕێ
پەنجەی بە نەرمایی خاک داهێنا
نینۆکی ڕوان
دڵنەوایی دەستی گرت و بووە مێوانی باڵندان
ڕێگا ساتی سەرسامبوونی باڵندە و گەیشتنی مێوانە
بەژێر درەختی سەر بە جریوە و جووکە تێپەڕی
تێکەڵ بە بۆنی تێکەڵبوون بوو
هەست بێلایەن مایەوە
چووە سەنگەری گۆرانی
تەپڵی ئاشتی لێ دا
پەڕی سیخوڕی توورەشی دەرهێنا
زەمین وەک چاوی ئاسکی ئاووس ڕوونە
شوێنی زانی دەزانێ و دڕکوداڵی لێ لادەدا
خودا
گەردوون

مرۆڤ

نەمریی

شوێنی زانن

**٢٠٢٦/٣/١٣ هەولێر**

## قەرەنی جەمیل

به ملیۆن ڕەنگی هەبوو
لەگەڵ ئەوەش ڕەنگی دڵخوازی خۆڵەمێشی بوو
هەموو ڕەنگەکان لە خۆڵەمێشی لەدایک دەبن
دوو هەزار خانباجی
لە ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوونن و گوێیان ڕایەڵ کردووە
کۆپلە و ئاوازن لە شیعر و گۆرانی
شەدەشلێکی گوندیش لەبەر کانییەکی پاراو و دامێن بە
ڕێژاو و جۆگە
بای وادە گوڵێنگی چەفیەی دەبزوێنێ و باخچەی بێدار
دەبێ
گوێم لە یەکەمین گۆرانی گرتبوو
لە دوامین گۆرانیشی دەگرم
سەیری بەردەمی خۆی کرد
بەردەمی وەک شەقامێکی تەنگ نەبینی
لە تێکەڵ نەبوونی ڕەنگیشی پرسی
دەستی کوتا و سەرسام ما
منیش لە ماوەی کەمی ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابووندا
بە واقوڕماوی سەیری دەمودووی سروشتم کرد
زەوی خولیاپۆش

ڕەنگی
زستان و
بەهار و
هاوین و
پاییزم بینی
بەسەر سەریەوە بەرز بوونەوە
لە دەفتەری ئاسمان
بوونە بەیت و داستان و شیعر و دڵنیایی بسکشۆڕان
داوای کرد وەرنە لام دانیشن
بەختەوەریم بۆ بێنن
هەموو ڕەنگەکان لە بەختیاری لەدایک دەبن
بەختیاریش ژانێک هەڵی گڵۆفی و ئاهێکی نەرمی هەڵکێشا
ناگەمە کەس

**٢٠٢٦/٣/١٥ هەولێر**

# ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

لەناو باخچەیەکی خەملّیو
بە مانەوە و پێشبینی چرکەکان
دوو کەروێشک چوونە سەر سەکۆی گۆرانی
ڕووناکی ڕژایە گەڕەک
چاوەئاوەکانی چیاش کرانەوە
لەبارەی ژیانەوە دواین
مەرگ چووە سەر سەکۆی گۆرانی و زۆر کەسی بینی
ئاوڕی لە ڕێبواری دوورەڕێ دایەوە
هێشتان نەگەیشتووەتە ناو شار
دەیەوێ دەستی بخوێنێتەوە
ناشزانێ نیشانەکانی ناو دەستی چین
بەڵام وێنەیەکی دایێ بیر بکاتەوە
هەموو شتێک ڕاستەقینە و زیندوون
زۆر جیاوازیش نین بیرکردنەوەیەکی دەوێ
تا ڕاستەقینە و زیندوو پێکەوە بپشکوێن
وا گڵۆپی بەر پەنجەرە پێ دەبێ
دڵەخورپە کەمێک لە حەوشەوبان نزیک دەبێتەوە
دەست بەسەر مەوداکان دادەهێنێ
مەودا چیدی بۆ کەس دڵنیاییەک نییە

**٢٠٢٦/٣/١٩ هەولێر**

## محەمەد مەولوود مەم

ڕەنگێک لە نزیک
زۆر نزیکەوە لەناو ڕۆمانێکدا پاراو دەبێ
خۆی دەداتە دەست شۆڕشگێڕان
بیروڕای خۆیان بنووسن
باران تەپونم بەسەر وڵاتی ئەفسانەیی باری
بارێک چڵکی هەڵدایە ناو زێراب
دووگورد بۆ نوێژکردن بانگم دەکا
بەردە پیرۆزەیەکی لەدەستچووم دەداتەوە
کە نەمدەتوانی بەبێ ئەو بژیم
ناوچەوانمی لەسەر دانێم
هێشتان خەون ماون ببینرێن
لەناو ئاو بەدوای شوێنپێ ناگەڕێم
بێهوودەش ناچمە بەردەپیرۆزە وەرگرتنەوە
بەرزایی چیاش تاقی بکەمەوە
چیا وەک خەونی منداڵ وایە
بچووک و گەورە دەبێتەوە
درەخت خۆی داتەکاند
لە تەپوتۆزی ئەو هێلانانەی هێلکەیان نەترووکاند
لە هەزاران دڵەڕاوکێم و دەتوانم لێیان بدوێم
باڵندە بە گەرمایی فڕین باڵی وشک دەبێتەوە
٢٠٢٦/٣/٢٠ هەولێر

## ئیسماعیل خەیات

بەسەر هیچ برینێک ناپەڕمەوە
بەڵام خۆم داوەتە بەر هاڵاوی برین
برین و هێڵی سپی شەقام
هێشتان ناوی ڕاستەقینەیان نییە
لانک ناوی تابلۆ بوو
گۆڕ کۆترە هەڵفڕیوەکانی خودا و خوداوەندن
دانیان بۆ ڕۆناکریتەوە
ئەلوەنی هەرە نزیکم داوەت کردە ناو تابلۆیەک
داوەت ئومێد و ڕووناکییە
بە درێژی و پانی دەیناسم
دووکەڵی نییە
پەلکەزێڕینە حەفت پرسیاری لە تابلۆ هەیە
چۆن بە دیوار هەڵدەواسرێم و کامەران دەبم
دەموچاوم دەبێتە ئاوێنە
دڵ بۆ دڵ نزا دەکا و بوون هەستیار دەبێ
لە نەرمی بارانی پەڵە هەڵقوڵام
پەڵە پێکەنینی لەپڕی خودایە
هەموو شەرابێکی تێدا دەخەملێ
گژوگیای دەریاییش دەست لە ئاو دەردەهێنن
سڵاو دەگەیەنن و ناوچەوانمان دەخوێننەوە

**٢٠٢٦/٣/٢٠ هەولێر**

# نەجات حەمید ئەحمەد

وەک بیرەوەری بۆنی ئاسۆی بەرەبەیانی
دەبێتە گۆرانی هێمنایەتی زەوی
هەور لە داباریین دەترسێ
تۆش بە هەزار دەمار چوویتیەوە ناو دڵی بابەگوڕگوڕ
پەپوولە لەسەر دارە تەرم
زەینی لەسەر گفتوگۆیە
بۆنی بلووری چرا و شیلەی ناسی
تاوتوویێ ئەزەل و ئەبەدی کرد
چاوەڕوانی خەڵکانێکە تاسەی دوورکەوتنەوە لە دڵیان
دەکەن
پێش ئەوەی هەنگاو بنێن
هیچ سەیری خۆیان ناکەن
هێزیان نییە
لە هەموو شتێک دەترسێن
ئاسمان ڕووناک نییە بۆیان
دەستیان بەسەر قفڵی دەرگا ماوەتەوە
لێیان تێکچووە دەچنە کار
یان لە کار دەگەڕێنەوە
دەست لەناو قفڵدا ڕواوە

زۆر لە خەونەکانی نزیک بووەتەوە
لە سەرەمەرگ شیعری بە خودا گەیشتنی نووسی
دڵۆپێکی بەهێز لە ژیانێکی دیکە ڕژا

**٢٠٢٦/٣/٢٣ هەولێر**

## گۆران

کەشێکی ڕووناک دەموچاوی شاری کردووەتەوە
بە کراسێکی گوڵدارەوە لە ماڵێکی ئەوبەر ئاودا هات
خێڵی دوژمنی لێ نەبوو
پێی شکۆی خستە سەر ئەرزێک
بە ئەندازەی پێغەمبەران بە ئاو و ئاوێنە و سرووش
سەیری سروشت و دەفتەری تاکە کەسی کرد
چاوی پڕ نەبوون
چووە پێشبڕکێیەکی مەودا دووررودرێژ
بوو بە ئاماژەی ژیان
درەختی لاڕێ هەموویان لەگەڵی غاریان دا
هێلانەی ناو درەختەکان
دەفتەری فریشتان بوون
براوە و بەهرەی ژیانیان تۆمار دەکرد
ئەو ڕێیەی زۆر بیری لێ دەکردەوە
گوڵفرۆش گریان بڕیبوون
دەنگی سیاچەمانەیان بۆ بەرز دەکردەوە
شار ئەمڕۆ خەمبار و دوودڵ نییە
هەموو زانیان خۆشەویستی چۆن لە دایک بوو
میوەفرۆشان میوەی پاکیان فرۆشت

کڕیار گیرۆدەی پەڕەی دڵ بوون
هەردوو لایان بە شادییەوە سەیری یەکتریان کرد

**٢٠٢٦/٤/١ هەولێر**

## محەمەد عارف

میوە لە درەخت دەکرێتەوە
دوو جار مرۆڤ دەبینێ
یەکەم کە لێی دەکاتەوە و دەیخاتە سەبەتەوە
گڕوگاڵ و سەما دەکا و گۆرانی دەڵێ و پێدەکەنێ
بیر لە لۆچی دڵ و ئاگردز دەکاتەوە
دەمی گەرمییان بە نەرمی بۆ دەبا
دنیای پڕ دەبێ لە هاوڕێ
ڕێ دەبێتە سپێدە و مەی ئەفسوون
دووەم کە دەستی بۆ دەبا و دەیشواتەوە و لەناوی دەبا
پەلک و ناوکی لە نزیک درەختەکەوە فڕێ دەدا
ئەو گوڵەش گلەیی دەکا و بەدەم گلەییەوە دەگری
لەسەر گۆڕی دادەنێن و جێی دەهێڵن
لەوە دڵنیایە مردووەکە بۆنی ناکا
گڕوگاڵ و سەمای کرد و گۆرانی گوت و پێکەنی
دڵخۆشی و دڵتەنگی لە گۆشەیەکی تابلۆ دانا
ئەفسانە ماڵی هەمیشەیی ئەوە
پاشای ئێمە
ڕوخساری بە تابلۆی ئەفسانەوەیە
ژێی کەمانی ڕەنگ

خێراتر لە گۆی زەوی بە دەوری ئێمە سووڕایەوە
پەڕەمووچی ئاشتی لە دەموچاوی شەڕدا
زەنگی ئاگادارکردنەوەی پێش زریانیشی لێ دا

**٢٠٢٦/٤/٣ هەولێر**

## سەدرەدین عارف

له بەیانییەکی خۆڵەمێشی له دەرگای درا
دەستی ئەو توانایەی نەمابوو بیکاتەوە
بەڵام هاوسەنگی تێک نەچوو
تارمایی خاو کردەوە و بەرەو ڕۆشنایی چوو
بەرەو ئاسمانیش
خەون له خۆیەوە دارژا
به گەنجی خەونێکی بینی
شوێنپێی هەڵگرت و لێی دوورنەکەوتەوە
تا چوو بۆ ئاسمانیش هەر بینییەوە
ڕیشیشی شانه کرد
زەوی خۆشی ویست و بۆنی لای خۆی هێشتەوە
ئەستێرەی ئەدەبی هەر سەد ساڵ جارێک
بۆنی ناو خاک دەمێنێتەوە
بەلەمێک بۆ نووح دروست دەکا
سەکۆیەکیش سەرنشینان
گەنم و جۆی لەسەر بژار کەن
گەنم و جۆ وا دەکات ئاسوودە بین
ئەستێرە لەناو ئاو
باشتر له ئاسمان دەبینرێ
ئاسمان به فریودانی زەوییەوە سەرقاڵە

**٢٠٢٦/٤/٣ هەولێر**

## ئازاد سوبحی

ڕۆشنناس لە شاری مردووان
بە ئازارەوە ژیا
پێیدا تێنەپەڕی
ڕوو بەرەو ناخ
ڕوو بەرەو ڕۆشنناسان گەڕایەوە
بە دەم ڕێوە گۆرانی شمشێربازی و باخچەی پاشا لەوبەر
ئاوە دەڵێ
دڵدارانی نامراد نەرمەپێ لە دوای دەڕۆن و تەونیان
دەچنن
دوورتر ڕۆیی
شتێک لە ڕێگادا ڕووی دا
دەنگی پێی ئەو کەسانە بێزاریان کرد
لە دەرەوە پیاسە دەکەن
لەپڕ بە پێکەنین گەمارۆیان دا
لە تێبینی و پەراوێز و ڕەشنووسی شیعرێکیدا
دەمەوێ بەرەو ئەفسانە چرۆ بکەمەوە
چرۆ بانگەوازی ئەوەیە
دنیا لەسەر قۆچی گا وەستا و بەربووەوە
چەتەی سەر پڕ قونێر و گرێ سەرڕێم پێ دەگرن

له شوێنی خۆی دانیشت
خۆشبین و پشووخۆش
لەناو چۆڵ و چیایەکی بێهاوتای بە باڵندە و کانی خدری زیندە
شمشاڵەکەی لە تەنیشتی دانا
شتی تازە لە دەوروبەری ڕوابوون
کەروێشکی دووگیان و جوانوو هاتنە سەر کانی
ماوەیەک مانەوە و تێپەڕین
چیا ڕۆڵەی بازە
بازی لەڕاو نەکەوتوو
بە باڵی تەپوتۆزی ئاسمان دەتەکێنێ
تا نان لە کەمی دا
گۆرانی شمشێربازی و باخچەی پاشا لەوبەر ئاوەی گوت

**هەولێر٢٠٢٦/٤/٧**

## ئازاد شەوقی

مرۆڤ پیڕستی زەوییە
ژنێکی ئەفسانەیی لەئاو هاتە دەرێ
لە ڕۆخ دانیشت
داوای کرد لە تەنیشتی دانیشم
لە هەواڵی بیرەوەرییەکانی
بەتاو گۆرانی گوت و چووەوە سەر برینی خۆی
داوای کرد برین و دروو‌ینی کفنی خۆی ببینێ
ڕەنگی پیازی بێت
ئەرێ کەس کفنی خۆی دیوە
پاشان بە پێ زۆر ڕۆیشت
پرسیشی نهێنیی ناکامان چۆن بڵاودەبێتەوە
گۆزەیەک مەی ژیانی نیشان دام
گوتی بەشی تۆ جامێکە
بە گیانی نەمری و دوا مۆسیقا بیخۆرەوە
هەستی خۆشەویستیمان دەبێتە پرسیار
چەندێکە درەختی باخچەی گەڕەک
پرچی بە سەرشان  و ملی بڵاونەکردووەتەوە
تاسە باڵندەی بگەڕێنێتەوە ناوی
تەماشای خۆری تازە هەڵاتوو لە ئاسۆدا بکەن

باڵ هێز بدەنە یەک
نەزربگرن تاهەتا لێک دوور نەکەونەوە
مەست بن لە بۆنی خۆڵی ژێر ڕەگ
ڕەگ دیمەنی یەکەمە

**هەولێر ٩ / ٤ / ٢٠٢٦**

## ئەحلام مەنسوور

چوونە بەهەشت قەدەغە نییە
ئاسمان دەستێکی لە برینی دا و فەرمانی پێ کرد
پاڵەوانی ناو گیانی خۆی بکاتە پەیکەر
مۆسیقای بە دەوریدا لێ دا
ڕۆحی بووە پەنجەرە لە سینگی و ڕووناکی هێنا
دنیا داوای بیست و بەدوای دیداریدا هاتن
بەردەوامیش مشتومڕی لەگەڵدا هەبوو
دایە حەوا پەنجەی لە ئەڵوەن هەڵێنا
پرچی پەرێشانبووی تەڕ و شانە کرد
بە ئاسماندا ناردییە
ئاهەنگ و
باخچەی خەون و
ژوانی ئاوێنەی ئاوی ڕوو و
شانۆی شەقام
ئاسمان ئەسپی لێ بوو
بە شیرناو یاڵی تەڕ و شانە کرد
دەستی بە گوێی وشتی داهێنا
تا  ناوچەوانی بەردا
بە گەرووی کۆڵان چووە خوارێ

سێ شەو و سێ ڕۆژ نەنووست
لەگەڵ ئازیز دوا
باران گفتوگۆی تۆمارکردن
کەوتە چاوبازی شوێنپێکان
ڕکێفی لێ دا
لە کەڵەشێری خێڵ دوورکەوتەوە
پەنجە لەناو کەپوو دەسووڕێنن
بارووتیش لە گەروویان دەگەڕێ
پاکیزەی هەمیشەیی
پەنجەرە شوێن و شانازییەکە مرۆڤ دەتوانێت
چەندین جار بگەڕێتەوە لای
شوێن و شانازی
تاریکی ناکەوێتە سەر

**٢٠٢٦/٤/١١ هەولێر**

## سەروەت ئەنوەر سەوز

وەک باخدێرێک کار دەکا
شار بەتەواوی ماڵی ئەو بوو
لە ڕێگای بەرەو دڵی
ژنێکی بینی
خەناوکە لە گەردنی پچڕا
دەنکی بوون بە
چیای بە قازوقورینگ و
چرای پەڕەمووچ و
ڕەنگی ناو ڕووناکی و
قەڵغانی جەنگی دڵ
مۆتەکە گەرووی زەویی گرت
لە چاوترووکانێکدا گەردەلوول دروست بوو
لەرزی و گەرووی زەویی بەردا
پەڕەمووچی لەسەر ناوچەوانی دانا
لە سەوزایی دەستکرد سڵەمییەوە
قەیتانی لاپچینی وەرزشوانی توند کرد
گۆرانیی بۆ سەرکەوتنی تیپ گوت
خەونی ماچکردن
قۆرت و کەند و کۆسپی

گۆڕەپانی یاریی پینە کرد
شار پڕە لەو شەقامانەی پێویستیان بە پینەیە
بۆ گیان باشە بە نەرمی بەسەریدا بڕۆی
بۆ ئێمە باشە بە تەنیشت یەکەوە بڕۆین
ئاهەنگ بەلاوە نەنێین
پرسیارێکیش مابوو بیکا
ئەرێ چۆن بوو خانوومان بۆ خۆمان دروست کرد

**٢٠٢٦/٤/١٤ هەولێر**

## عەبدولڕەزاق بیمار

پەیام لە دەمدا ناکوژێتەوە
زۆر ڕۆیشت و ئەژنۆی شل نەبوو
بە چیا مایەوە تا هەموو باڵندەکان
دانیان لەسەر شانی خوارد
پەیمان شل نەبوو
شکۆی پشکۆی جێ هێشت
ڕاهاتووم تەماشا بکەم
پەرژین بەرز ناکەمەوە
تەماشاکردن درێژە ناکێشێ
کێ پێش باڵندە هاتووە من نەمبینیوە
لاولاو هێند بەتین باوەش بە دیواردا دەکا
ژاکانی لەبیر دەچێتەوە
ڕێگا هەژار نین
خوداوەندی نوێ دێ
خوداوەندان هەردەم بەڕێوەن و ڕێگا هەژار ناکەن
کازێوە لە ئاوابوون بێئاگایە
چاوەڕوانی دایناڕزێنێ
مادام لە چاوەڕوانیدام
بنمیچ ڕووناک و بێ مەترسی دەبێ

ئەوەی لە بەهەشتی سپی دەیڵێم
فەرمان نییە
گۆرانییە
گۆرانی خودا مرۆڤی
لە قوڕولیتەی نیشتووەوەی دوای لافاوێک دروست کرد
ماریشی بۆ دروست کرد
مرۆڤ لە دەریا ناترسێت
کە زانی قووڵایی چەندە دەترسێت
نەیپرسی ئەرێ ئەم هەموو شتانە مانایان چییە

**٢٠٢٦/٤/١٦ هەولێر**

## مستەفا ساڵح کەریم

دیواری ماڵی درزی قووڵی لێ نییە
لە درزدا قفڵی وشە دەکاتەوە
بەخێرهاتنی خۆی دەکا
ڕێگا پەککەوتووشبێت
مرۆڤ بە چاو نابینرێ
وشە دەیبینێ
لە یەک شێوە لێت ورد دەبمەوە
شێوەی چیرۆک
چیرۆک ئەلبوومی ڕووداوەکانە
ئاسۆ سەراپا لە دەرکەوتندایە
پاڵەوانی چیرۆک لەگەڵ دوژمنەکانی تەوقەی کرد
ناوونیشان لەگەڵ ناوەرۆک دەجەنگا
هەر یەک هەنگاوێک لەسەنگەریان هاتبوونە دەرێ
پەنجەرەیەکی گەڕۆکیش بۆ ئاشتبوونەوە هەیە
ئەرێ مۆم لەگەڵ چیدا مووتووربە دەکرێ
سەرم نا بە شانی کتێبەوە
خەیاڵ داگیرسا
وشە بۆنی مرۆڤ ئاشکرا دەکا
نۆبەرەی زەوی کتێب بوو

بەهەشت دنیایەکی شاعیرانەیە
دیوانی زۆری شاعیرانی لێیە
خەنە لە دەست و پرچی جوانان دەگرن

**٢٠٢٦/٤/١٨ هەولێر**

## دڵشاد مەریوانی

به تەواوی چاوی به دیوار و دار و بەرد نەگێڕابوو
به بنی چاو تەماشای سەرنووسەری وڵاتی کرد
قسەی دڵیم له چاوی بیست
هەموومان دەتوانین له چاوی بمێنینەوه
گۆشەگیریش نەبین
له کاتێکی نزیکماندا
خەسڵەت بۆ گۆشەگیری دەدۆزینەوه
مات و واقوڕماو بەسەر ئاماژان نامێنینەوه
دەتوانین له هێمایانی هاتووچوو بگەین
دەزانین کاتژمێر بخوێنینەوه
گوڵیش بژمێرین
دەنووکی باڵندەش لێک جیا بکەینەوه
بشزانین بۆ کەمێکیان کەوانەییيه
چەند زوو زانیم
دەتوانم قسەی دڵی له چاوی ببیستم
دەمار ڕووبار نییه
دەست و پەنجه و چاوه بۆ کارایی شەکرشکێن
هێزن بۆ کار
باران دڵی تەنک بووەوه

هەردوو دیوی ببینرێ
بارینی کەم کردووەتەوە
زانی شەقام بە شووشتن لەخۆبایی دەبێ
شتێکمان ناداتێ پێی گەرم ببینەوە
شەوێک هەڵدەکەوێ سپێدە تێیدا بچینە کار
ژێی پێنجەمی عوود ببەستین
هەڵاڵەی گوڵیش بە قاچی هەنگەوە چاومان بانگ بکات

**٢٠٢٦/٤/٢١ هەولێر**

## حەکیم کاکەوەیس

پەیژەی ئاوازێکی لە ترپەی پێی براوەی ژیان نووسی
گۆرانیبێژێک هەموو گومانی فڕێ دابوو
گوتی
بەو جۆرە بەرەو سەرزەمینی حیکمەت ڕۆیی
لە بای دار ئاووس چاوەڕێ دەکا
درەختی وڵات داگیرسێن و دروست هەناسە بدەن
میوە مەمکی درەختە
درەخت دووگیانە بە نەمریی
بەو جۆرە نرخی
شتە باشەکانی ژیان دەزانین و چێژدار دەبن
باڵندە لە ئاوازدا بەرز دەفڕن
تیر نایان گاتێ
بەزەییمان بە باڵندە نەیەتەوە
ئەوەی دەکوژرێ نزم فڕە
بە شەو و ڕۆژ بیر لە کۆچی باڵندان دەکەمەوە
بە دوای کەشوهەواوەن
یان ترسی کوژران
منیش لە بن باڵیان نان و ئاو دەخۆم و دەخۆمەوە
ئاگر جوانێکی نەرم و بێ گەفە

تاریکی لێی دەترسێ
لە ترسدا سەهۆڵبەندان کلۆر دەبێ
تاج ناشکێنرێ
بەو جۆرە بەرەو سەنگەری تاج و نووسین ڕۆیی

**٢٠٢٦/٤/٢١ هەولێر**

## شێرکۆ بێکەس

یەکەم بارانی ساڵ
لە دار قەڵەمتۆزەکانی دا و باجی وەرنەگرت
منداڵانی ناو خۆڵ چوونە پێشوازی
بۆنیان کۆکردەوە
شووشەی سییەکانیان پڕ بوو
لە نێوانیان هاواری دەکرد
بای وادە دەنگی بۆ درەختی هاوسێی دەبرد و دەپیتان
ماڵانی ناو درەختان بە هاوارییەوە هاتن
هەناسەی خۆش بوو
تەڵخی گردێک ڕوون بووەوە
تەماشای بکەی چاوان پڕ دەکا
لەنێوان درەختەکاندا هاوار بکە
ئازیزم شیعر هەڵچوونی بەهێز و نەرم وەرە
خۆی بە دار و بەرد و شاخدا دەدا و دێ
گڕوگاڵی ڕووناکی خود دەبینێ
دڵسارد نییە نوێژ و گۆرانییە
ڕەنگوڕووی ئاسماننشینی دەداتە ڕوخسارت
گەرمایی ڕەنگوڕوو  شیعری دروست کرد
شیعر

لاساری و
دارستان و
چنار و
چەکەرە و
ڕووبار و
یاڵ و
باڵ و
پۆشاکی بۆ ئادەم و حەوا  درووی
خاوەن ڕقان ناتوانن دەست لە پێش چاوی شیعر ڕابگرن
شیعر لە دڵی خۆی پرسی و لە کەسی نەپرسی
دەنووکی کەڵەبابی ناوەختی داخ کرد
کردی بە سۆتەک بەسەر جغارەوە

**هەولێر ٢٠٢٦/٤/٢٣**

## فەرید زامدار

هەموو شتێکت بۆ دابەشبوون هەبوو
خۆشەویستی کات و شوێن و هەموو شتێکە
دەروازەی هێزی خوداش
منداڵ لە خۆشەویستی لەدایک دەبێ
شەهیدیش لە خۆشەویستی شەهید دەبن
تاووس لای دڵخۆش ڕەنگاوڕەنگە
چاو لەناو ڕەنگ پشوو دەدا
دۆزەخ ڕوخسار گرتنی دڵتەنگییە
شیعر گەڕاندیەوە ناخی خۆت
لە خودا نەترسای
خۆشتویست
کەسی ترساو کەسێکی بێ ویست و درەختی بەگریێیە
شیعر بوێریی و زیرەکی لێ نیشاندای
خودات خۆشویست و لێی نەترسای
لەژێر نمەنمەی باراندا
خێرا بە تەنیشتم تێ پەڕی
ڕوخساریم لەگەڵ خۆمدا گێڕا
جلە شووراوەکانی لەسەر درەختی شار هەڵخست
لە گەرماییيەکی کەم و کز وشک بووەوە

کۆی کردەوە و دایە خوێنەرێک
بە ژێری خۆی دەخوێنێتەوە
پەلکەزێڕینە ئاوڕێکی دایەوە
بردی تا قۆزاخەی هەزار ڕەنگی کتێب
لە کتێبی شازادەیی دەستپێکردن لەدایک بوو

**٢٠٢٦/٤/٢٥ هەولێر**

# لاله عەبدە

نەوای چرای ئاسمان
لەسەر نووکی پەنجەی هات و لە دوودڵی ئا و نا پرسی
کرد
دەتوانم لەسەر پەردەی گوێت نوێژ دابەستم
ئایە هەڵە نیم
لە تەنیشت پەردەی گوێ
مەیخانە و ڕووگەنمای دڵ پڕ لە ئارەزوو دروستکراون
کەس بە ترسەوە نایەتە مەیخانە و ڕووگەنما
ڕووگەنما عەرد لە گەرمایی ناوچەوان سارد
دەکاتەوە
بەر لە خەوتن پێم لەسەر عەرد جووت کرد
نزای پاراوی خودا و خوداوەند و خۆم بەرز کردەوە
زانیم شەونم پەیامی ئاوە
زانراش خودا بۆ کانی دڵپڕ لە قوڵپەی
خدری زیندەی هەڵقوڵاند
لە سەرسامی پەیامدام
ئەو پەیامەم بۆ ڕوون بکەوە
کە من ناتوانم بیگەیەنم
یەک لەگەڵ هەموو ژمارەیەکدا دەگوترێتەوە

ژمارەیەک  سەردەکەوێت
تەنیایی مەترسیدارترین شوێنی دنیایە
لە جەستەشدا یەک دڵ دەژمێردرێ و لێدەدا
لە ئاوێنەی بەساڵاچوواندا بینیم
ڕووگەنما باڵی  ڕاخستراوی
ئەو باڵندەیەیە لە هێلکەی نۆبەرە  ترووکاوە
باڵندە  کە  زانی دەنووکی لە کوێی جەستەیەتی
دەنگی خۆی ناسی
لە هێزی سروشت دوا
لەگەڵ سروشت ئارامی گرت
لە کراوەترین پەنجەرەدا لە ڕەنگ و ڕەنگبوونی ئاسمانی
ڕوانی
زەمینی لە تانە و لۆمە پاراست

**٢٠٢٦/٥/١ هەولێر**

## ئەحمەد هەردی

هەوا تابلۆی پاراوە
مرۆڤیش ناتوانێت تێرخەو بێ
تەورات و ئینجیل و قورئان لەناو ناوونیشانیان
نووستوون
ڕەشەبا تێبپەڕێ
پەرشوبڵاو دەبنەوە
بەخەبەر دێن و ناکەونە هەڵەوە
گوڵی دەستکرد گەورەبوون و دەستەی گەشتیاران
لە دارێک گەڕان
لە کەتەلۆک نەیاندۆزییەوە
تابلۆیەک پیشانی دابوون
تابلۆ کەتەلۆکی لە گەشتیاران وەرگرت
دایە دەست هەست
چاوساغی بۆ نەکرد و چی پێ نەگوت
هەمیشە شوێنێک هەیە کەتەلۆک دەیخاتە هەڵەوە
هەست هێڵێک لەسەر خۆڵدا دەکێشێ و دەیدۆزێتەوە
خەو دەخاتەوە چاوی تێرخەونەبووان
گەڕەک و شەقام و باخچەی سڕ
بە چاوی گەرم و گەرماییەوە سەیری بەردەمی خۆیان

دەکەن
لەناو شکۆیان بەگوێی برا و برایان دەچرپێنن
ڕێگای بە هەست گەیشتن
لەپاڵ یەکدان
بەختەوەری بەیەک دەسپێرن
ڕێبوارانیان گۆرانی لێک وەردەگرنەوە و ئاوازیان تێکەڵ
دەبن
کۆرس زەویزادەن

**٢٠٢٦/٥/٣ هەولێر**

## لەتیف حامید بەرزنجی

گۆرانیبێژی ڕووناکی ئەستێرە بە گەرمی دەنگت
قافڵەچی دڵخۆش و ئاوریشم فرۆشن
خۆر لە ڕۆژی تازە  و پڕ هێزیدا
هەوەڵ گزنگی لە کتێبخانەی زوڵاڵ دا
لە کۆڕیدا   دەستەی نازداران هاتنە سەما
ئەفسانەی گیانن
دەڵێیترووسکە لێی داوم
نا برووسکە لێی نەداوم
لەنێوان ترووسکە و برووسکە قەت هەڵەیەک ڕوونادا
تەورات و ئینجیل و قورئان
لەژێر تەمی ڕۆشندا
لە زەوییان پرسی
ئەرێ ئادەم  و حەوایەکی دیکەت بۆ دروست بکەم
پڕبووی یان پڕ دەبی
ئاوڕێکی خاوی دایەوە
تێڕامانی شێوا
وەک چرایەک خەمگینم
کەس  لەبەرم کەس نەبینێ
چاوی مردووان نامان بینن

قسەمان لەگەڵ دەکەن
درەخت دێنە ناو سەرمان
ئاوی ژیانی دەگاتێ
گۆرانیبێژی ڕووناکی لە کەشتی نووح دابەزی
لە یەکەم چاوگێڕان ئەستێرەی پێشینانی دیت
کتێبی هەقایەتن
لە شەوەکانمان پچڕ پچڕ نیین
بیرەوەریمانی کۆکردووەتەوە و هەبوو نەبوو کۆن نییە

**٢٠٢٦/٥/٩ هەولێر**

## ئەحمەد عارف

باڵندەم لە یەکەم هێلانەی خۆشویستووە
نووسین بەردەوام مەترسییە بەسەر نووسینەوە
سێبووری بۆنوبەرامەی نووسینە
لە خۆڵەمێشی قەقنەس کەس لەدایک نەبووەوە
لە شەڕێکی دەستە و یەخە گەڕامەوە
شەڕی سی و سێ گوللە
ئاو و ئاسۆ کۆتایی ئەفسانە نین
زەوی پڕ بووە لە تەزووی ئاخاوتن
دنیا کۆشکێکی ئارام و داپۆشراو نییە
ماڵێکی بچووکت هەبوو
نموونەی بەخت خۆشی
هێمن و ئارام
هەموو شتەکان هی تۆن
پیتی ناویان دەنگ دەدەنەوە
لە نزیکمان دەبنە نەوا
ئەوەندە دەمرم
تا سی و سێ جار بژیم و ئەستێ بەردەستێ لێکدەم
لە کۆتایی شەقام دانیشتم
تا سەرلەنوێ تەماشای ئاو و ئاسۆ بکەمەوە

جانتایەکی چەرم دەکڕم
لە ڕێیان نزیک دەبمەوە
تا جیهان ببینم
پەلکەزێڕینە هەڕەشەی کۆتایی بەهارە
نووردیەک نان لە باڕکی یەکەمی جانتاکەم داناوە
بەشی جیهانی لێ دەدەم
ئاوێنە گەڕۆکە بەدوای ئاو و ئاسۆوە
ترپەی باران لەسەر چەتر
ڕشێنەی تەڕکردنی نانە بە دەستی دایە حەوا
نمەی ئاو نەرم بێتە خوارێ
شاد و شادتر دەبێ
چاو لە ڕێگا ناحەپەسێن

**٢٠٢٦/٥/١٣ هەولێر**

# ناوێک بۆ هەموو ناوەکان

دڵدێراوی چالاکی زەوی
پاش ئەوەی بەشێک لە برادەرانی مردن
تەواو بڕوای بە ژیانی خۆی هێنا
بیر بکاتەوە
جارجاریش تەماشای وێنەی برادەرانی بکا
نیشانە لە چاویان ببینێ
پێستیان هەستیارە
هەستیان ماندوو نییە
بەسەر قاڵدرمەوە باوێشک نادەن
بەرزبوونەوە فەرمانڕەوایە
درەختم بەناو و نیازی بەرزبوونەوە چاند
هەر ئەمشەویش گەشەی کرد و گەیشتە ناخ
ناخیش وەک گوڵی خۆڵخۆش و تێر ئاو کرایەوە
منداڵێکی لێ هاتە دەر
خاڵێکی بۆ دەستی جەرد و گوڵی ترساو دانا
درەخت ناوچەوانی بۆ ئاوی نزیکی کردووەتەوە
پێش ئەوەی بگاتە ڕەگی
پێی سەرسام بووە
ڕەگ لە لێوی مژدەهێن تەنکترە

به بەردەوام چاوەڕێیە خەڵوەتی سینی و بادە ببینێ
بمانبینێ
ئێستا دڵدێراوی چالاکی زەوی
دەرگای خاک دەکوتێ و لەدایک دەبێ
لەدایک بوو
بیرەوەری ئادەم و حەوا دەنووسێتەوە
دەزانین دەرگای یەکەمین ماڵ چ رەنگ بوو

**٢٠٢٦/٥/١٥ هەولێر**

# پێشچاو

سۆفیگەرانە ژیان و سروشت و کلتوور و هاوچەرخی دەخوێنمەوە، باوەڕم بە ئازایی و ئازادیی وشە هەیە. ئەمەش هەڵبژاردەی منە بۆ ژیان و ناسینی مرۆڤ و ئەو بوونەوەرانەی لەناو شیعرەکانمدا زیندوون، شیعر لەبارەی هەموو شتێکەوە دەپرسێت و کات و شوێنیشی بۆ نییە، لە خۆبەخولگەکردنێکی بەردەوامە لە ئاسۆ و دوورییەک، کە هەموومان هەنگاوی بۆ دەهاوێین، تا لەناویدا بزر ببین، لە ئاگایی بوون و تێکەڵکردنی تاسە و شیعریبووندا خۆمان بناسینەوە. لەم باروبوارەدا شیعر خاسیەتی بێگەردیی خۆی دەپارێزێت و ڕێنماییمان دەکات بۆ قووڵکردنەوەی هەستەکانمان و خوێندنەوەی سۆفیگەرانەی ژیان و سروشت و کلتوور و هاوچەرخی.

من: زیاتر شاعیری هەست و پەی بردن و خەونم، نەک هۆ و هۆکار و ڕووداو. کاتێک گەردوون و ژیان بە هەست و خەونبینینی خۆم وێنا دەکەم، ئێستێتیکای شێواز بە پانایی بوون ڕووبەڕووی زمان دەکەمەوە.

ئەی شیعر، سیحری حەڵاڵت لیَ کردووم و حەجی وشەم کردووی. کەسێکی دیندارم بە تۆ، دینداریێکی سەرمەست و تەواو هۆگر پێتەوە. ئەوەتا ڕووناکیتم کردووەتە مۆری ناوچەوانم و بڕوام پێت هێناوە، ئەو تیشکەی لە شیعردا دەردەچێت، گەرمم

دەکاتەوە و دەمباتە ناو چێژی ژیانی ڕاستەقینەوە.

ئەمە کتێبی بڕواهێنان و دوا بژارکردن و دوا دەستکاری و ناوکی ئەزموونمە، گرنگترین پرسی نووسینی خۆم تێیدا داڕشتووە. پێش ئەم دەستنیشانکردنەش وەک سەرەتای دەستپێکردن، چەند هەوڵێکم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە. دەقاودەق نەهاتوونەتەوە ناو ئەم کتێبەوە، بەڵام گەڕاومەتەوە لایان و وەک گیانی شیعریبوون و دێڕ و کۆپلە و وێنە و بیر و وەرگرتنەوەی بەهرە و هەوێن، کردوومنەتەوە کەرەستەی خاو و لە ئاراستەیەکی دامەزراوتردا دووبارە بەکارم هێناونەتەوە، واتە: بە شێوەی شاقووڵی و قووڵبوونەوە هەموو ئەو شیعرانەی دەرخستووەتەوە، کە لە سەرەتا و درێژبوونەوەی نووسینمدا ئەزموونم کردوون، بە سادەییش بە تەک ژیاندا تێنەپەڕیوم. بێگومان ئەو ژیانەی لێی بە ئاگام، تاڕادەیەک ئاسۆ و دوورییەکانی دەناسم و بڕوام پێ هێناوە و وای لێ کردووم بنووسم، بیرکردنەوە لە شیعریش بەسەر هەموو ناهەمواری و سەختییەکانی ژیان زاڵی کردووم، وشە و چینی جیاوازی مۆسیقا. جیهانبینی شیعرن.

# ناوەرۆک

## کتێبی یەکەم: بەها و هەڵەی پێشبینییەکان، چاپی یەکەم: ٢٠١٩

دۆخی یەکەم........................................................................................................ ٥
هەموو کەسەکان لە بوێریی ڕۆیشتندا ڕازن............................................................ ٧
یەکەکان لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا........................................................................... ١١
دیمەنێک لە شاری درووود................................................................................. ١٣
لە هێزی درەوشانەوەدا..................................................................................... ١٥
لە بۆسەی خدری زیندەدا................................................................................. ١٩
ئاوم بەخۆڵدا کرد و بۆنی خودا خۆش بوو.......................................................... ٢١
ئەسپی باڵ داستان و ئەفسانە گەیشت................................................................. ٢٥
دایەگەورە نیشانەی سەرسوڕمان بەرانبەر جەرگی خۆی دادەنێ.................... ٢٧
ئاهەنگێکی تەواو نەبینراو.................................................................................. ٣٠
ڕەگ لە دەم جۆگەی وشک هەناسەنادات............................................................ ٣٣
دۆخی دووەم...................................................................................................... ٣٥
لەدایکبوون و مردن........................................................................................... ٣٧
ئەوسا و ئێستا.................................................................................................... ٣٩
وەچە و بنەچە.................................................................................................... ٤١
باوەڕ و گومان................................................................................................... ٤٣
لەکەدار و کلکدار.............................................................................................. ٤٥
هاتن و نەهاتن.................................................................................................... ٤٧
ڕاست و چەپ.................................................................................................... ٤٨
شەو و ڕۆژ......................................................................................................... ٤٩
کۆن و نوێ......................................................................................................... ٥٠

ناولەپ و ناوچەوان.................................................................. ٥٢
دۆخی سێیەم................................................................................. ٥٣
سەکۆی بانگەواز ........................................................................... ٥٥
گوڵی نزا....................................................................................... ٥٦
پیتی ناوەکان ................................................................................ ٥٧
دەنگی بەجێماوم ........................................................................... ٥٩
خانەی پیران................................................................................. ٦٠
کانە خەڵووز................................................................................. ٦١
ناکامی لەدایکبوون.......................................................................... ٦٢
زمانە مۆمیاکراوەکان ........................................................................ ٦٣
زەماوەندی ناکام............................................................................. ٦٤
درەختی زانین ................................................................................ ٦٥

## کتێبی دووەم: سەرەتا وشە بوو، چاپی یەکەم: ٢٠٢٠

١٩٦٥/١١/١٨.................................................................................. ٦٩
ئەم دنیا و ئەو دنیا بەدەر لەم دنیایە ............................................. ٧٧
ڕێژەن ........................................................................................... ٨٤
خودا............................................................................................. ٨٦
خاوەن ناوی زۆر ............................................................................ ٨٧
دووری و نزیکی............................................................................. ٨٩
دەفتەری گەورەی بە پەنهان گەیشتن ............................................ ٩٠
لە کانی لێڵ هەڵقوڵابوو................................................................. ٩٢
هاواری یەکەم جەنگ و باڵندە ...................................................... ٩٥
فەهرەستی خوان ............................................................................ ٩٧
ڕوخساری دایک هەموو شتێک ڕێک دەخا........................................ ٩٩

له سەرەمەرگ بانگت دەکەم چاوانم داپۆشیت ........ ١٠١
کاروانی ناوداران لادەدەن ........ ١٠٣
ئەم شیعرە بخەنە سەر کێلم ........ ١٠٥
هاوسەری بەهەشت ........ ١٠٧
ئاماژەیەکی نیوە ئاشکرا ........ ١١٨
پێناسەی جیاوازی ........ ١٢٢
چاوی گولله له ئەرشیفی ئێمه پارێزرا ........ ١٢٤
کاتێک دەچمە دیدەنی دوا شوێن ........ ١٢٦
وتاری سەرگڵکۆ ........ ١٢٩
پەنجەمۆری باڵندە ........ ١٣١
بیرکردنەوەی بەرزایی ........ ١٣٣
نیشانەی پرسیار لەناو لاپەڕەی سپی ........ ١٣٥
هەواڵی دووەم ........ ١٤٠

## کتێبی سێیەم: سەرزەمینی هەموو ناوەکان، چاپی یەکەم: ٢٠٢٣

تەواو بۆ دواجار لێرەوە دەڕۆین ........ ١٤٥
دەرکەوتنەوەی سەرلەنوێی دەستنووسێکی چوارینەکانی بابا تاهیر هەمەدانی ..... ١٦٥
دەنگ ........ ١٧٧
ناونیشان بێ گۆڕەپانی جەنگەکان ........ ١٨٩
خاڵبەندی ........ ٢٠١
شاعیرێک ڕەشنووسی وەسیەتی بەدەستەوەیە ........ ٢١١
سیما و ساڵەکان لە پێ پیرۆزەوە ........ ٢١٦
سپی بەرەو ڕەش ........ ٢٢٠
دیوانی مات ........ ٢٢٢
مردووان گۆرانی زەویی دووەمیان دەڵێن ........ ٢٢٧

## کتێبی چوارەم: تیشکە پڕەکان، چاپی یەکەم: ٢٠٢٤


کاتژمێر سفر ٢٣٥

هەناسە و ئاواز ٢٣٦

ڕووبەری دارەبازە ٢٣٨

ڕووناکیی خوداڕسک ٢٤٠

گواستنەوەی گۆڕ ٢٤٢

فێنکی و تووشی ٢٤٤

ئاسوودەیی یادەوەرییەک ٢٤٦

پەڕوپۆ ٢٤٨

هاوبەشی سپێدە ٢٥٠

باڵهاویشتنی جۆگە ٢٥١

شەقامی باڵندان ٢٥٣

کوڵمی حەوا ٢٥٥


## کتێبی پێنجەم: ماڵی خودا تاریک نابێ، چاپی یەکەم: ٢٠٢٥


کۆتایی دنیا ٢٥٨

دوو کەوانە ٢٦٠

دەرگای سێبووری ٢٦٢

هاتنەوە ناو ئاسۆ ٢٦٤

مێوژی شاخان ٢٦٦

ئەڵقەی چل دەفان ٢٦٨

خاڵی سەر دوو گوونبەت ٢٦٩

شەڕی دڵخۆشی ٢٧١

کووپە گەوهەر ٢٧٢

ئەفسوونی چلچرا ........ ٢٧٤
نووستنی ماسی ........ ٢٧٦
بەدوای سۆراغدا چوون زۆر سپییە ........ ٢٧٨


## کتێبی شەشەم: ئاوی ژێر زەوی، چاپی یەکەم: ٢٠٢٦


مارف خەزنەدار ........ ٢٨٥
کەمال غەمبار ........ ٢٨٧
مارف عومەر گوڵ ........ ٢٨٩
ڕەفیق سابیر ........ ٢٩٠
محەمەد موکری ........ ٢٩٢
هێمن ........ ٢٩٤
حەمەساڵح دیلان ........ ٢٩٦
قەرەنی جەمیل ........ ٢٩٨
ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ........ ٣٠٠
محەمەد مەولوود مەم ........ ٣٠١
ئیسماعیل خەیات ........ ٣٠٢
نەجات حەمید ئەحمەد ........ ٣٠٣
گۆران ........ ٣٠٥
محەمەد عارف ........ ٣٠٧
سەدرەدین عارف ........ ٣٠٩
ئازاد سوبحی ........ ٣١٠
ئازاد شەوقی ........ ٣١٢
ئەحلام مەنسوور ........ ٣١٤
سەروەت ئەنوەر سەوز ........ ٣١٦
عەبدولڕەزاق بیمار ........ ٣١٨
مستەفا ساڵح کەریم ........ ٣٢٠

دڵشاد مەریوانی ........................................................ ٣٢٢
حەکیم کاکەوەیس ........................................................ ٣٢٤
شێرکۆ بێکەس ........................................................ ٣٢٦
فەرید زامدار ........................................................ ٣٢٨
لاله عەبدە ........................................................ ٣٣٠
ئەحمەد هەردی ........................................................ ٣٣٢
لەتیف حامید بەرزنجی ........................................................ ٣٣٤
ئەحمەد عارف ........................................................ ٣٣٦
ناوێک بۆ هەموو ناوەکان ........................................................ ٣٣٨